# یار و دیار

کۆمەڵێك بابەت دەربارەی فەرهەنگی کوردستان
لەئێران و تۆران، لە خانەقینەوە تا لاچین

# یارو دیار

نووسەر: جەمیل مەلاقەرە

بابەت: مێژوو

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

ساڵی چاپ: ٢٠١٩

تـــــیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی کارۆ

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (       )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

# یار و دیار

## کۆمەڵێك بابەت دەربارەی فەرهەنگی کوردستان لەئێران و تۆران، لە خانەقینەوە تا لاچین

جەمیل مەلاقەرە

# پێڕست


پێشەکی........................................................................ ٧
یەریڤان خەبەر دەدا............................................................ ٩
دوو ئەستێرەی قەومی نەجیبی ئەرمەن........................................ ١٢
سەید محەمەد تاهیری هاشمی................................................. ١٤
شوکروڵڵای بابان و سادقی هیدایەت......................................... ١٧
بەدیع باباجان.................................................................... ١٩
قەدەم خێر......................................................................... ٢٢
کۆمەڵەی لووتێری میسیۆنی ڕۆژهەڵات لە سابڵاخ............................. ٢٤
کیژەکەی کافرۆش................................................................. ٢٧
مەلا کاکە حەمەی سەیفوڵڵا...................................................... ٢٩
مەهدی حوجەت ئەلسادات........................................................ ٣٢
موشیر ، مەحمود ، مەلای خەتێ.................................................. ٣٤
لەیلا بەدرخان و سوسیکا سمۆ................................................... ٣٦
جەمالی پارک...................................................................... ٣٩
وەزیری ئەشۆ...................................................................... ٤١
ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەربیلی................................................. ٤٤
ئەسلیکا قادر....................................................................... ٤٧
کیها مێروولەو قولەی کام قافا؟!................................................ ٥٠
کارلێنی چاچانێ.................................................................... ٥٤
پەروین موشیر وەزیری........................................................... ٥٧
یادێکی موحەمەد عارفی جزیری................................................. ٦٠
ئەحمەد ڕەشوانی.................................................................. ٦٣
وەزیری نادری..................................................................... ٦٧
مەنەلۆج و عەزیز عەلی.......................................................... ٧١

ڕۆژێ لە ڕۆژان........................................................................ ٧٤
قاچاغی موراد........................................................................ ٧٩
دێریک یان (دێرکا حەمکۆ)........................................................................ ٨٣
لە یادەوەری حەسەن زیرەک دا........................................................................ ٨٨
نوری عەتری گلۆڵانی........................................................................ ٩٤
سەید ڕەحیمی قورەیشی........................................................................ ١٠٠
شامیلی سەلیم عەسکەرۆف........................................................................ ١٠٤
ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)........................................................................ ١٠٩
ڕادیۆی کوردی کرماشان........................................................................ ١١٣
میرحوسێن شوجاعولدەولە........................................................................ ١١٨
فاتیمە قەرە........................................................................ ١٢٢
جوڵانەوەی چەکداری مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی........................................................................ ١٢٥

# پێشەکی

کاک و هاوڕێم جەمیل مەلاقەرە دۆستێکی دێرینی بەندەیە، بەڵام چەند جارێک لەم دۆستایەتییە دزاودز کەوتووین. تا لەم زنجیرە نووسینەو لەم کتێبەدا لەرووی دامەزراوەییەوە قایمیمان کرد و جۆرێک لەجێگیریمان پێدا.

کاک جەمیل جگە لەوەی وەکو زیندانی سیاسیو تێکۆشەرێکی دێرین لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، لەدوای راپەڕینەوە لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی ئیدارەی کوردستانی نوێ و ڕاگەیاندن بوو.

لەبیرمە لەپەنای ئەرکی ئیدارییەوە چەند نووسین و وەرگێڕانێکی بڵاوکردەوە کە سەلیقە و ئارەزوویەکی بەتینی تێدابوو بۆ نووسین و خوێندنەوە لەسەر مێژووی کورد و بەتایبەتیش رووناکبیرانی بەلەنگاز کە لەناو کوردی بەلەنگازدا چینی خوارەوەی بەدبەختی و بێچارەیین. لەهەر جێیەک باسی کتێب و خوێندنەوە هەبوو کاک جەمیل وەک خوێنەرێکی هێمن و نووسەرێکی پەنهان دەردەکەوت تا سۆشیال میدیا بووە سەکۆی بەشداری و تێهەڵچوونەوەی دووبارە نووسینی. شتی چاک و سەرنجی باشی دەنووسیی. ئەم سەکۆیە کۆچەرییەی ناوی فەیسبووکی لەخۆی ناوە و نووسراوەکانی مەلاقەرەی لەخۆگرتبوو هانیدام پێشنیازی بۆ بکەم لەم وەرزی کزی و بێنازی رۆژنامەی کاغەزیەدا، وەکو جاران، سەنگەرەکەی بگوازێتەوە بۆ کوردستانی نوێ. ئەوی لەوێ لەسەر هونەر و هۆنەر و رووناکبیرانی دەنووسی بۆ رۆژنامە دێرینەکەی خۆی گلی بداتەوە. ئەوەبوو ئەم گۆشە هەفتانەیەی یار و دیار لەدایک بوو.

جەمیل مەلاقەرە وەکو زەمانی پێشمەرگایەتی کە بەچەک و تفاقی خۆیەوە تەقلی کوردایەتی بێ غەلوغەشی شۆڕش بوو، ئاوا بەقەڵەم و کاغەزی خۆیەوە (یار و دیار) ئاوەدانکردەوە. ئەم زنجیرە نووسینە جوانەی لێکەوتووە کە لەسەر فەرهەنگی کوردستانە لەئێران و تۆران. لە خانەقینەوە تا لاچین.

کاک جەمیل ئەم گەشتەی لەوەختێکدا کرد نیازمان بوو هەر کە لەشوێنێک گیرسایەوە کوردستانی نوێ بیکاتە کتێبێک. وامانکرد و لەسەر هیمەتی برای خۆشەویست د. تەها رەسول چاپەکەی روناکیی بینی . سوپاس بۆ ئەویش کە هیمەتەکەی ئەم هیمەتەی بۆ کتێبخانەی کوردی و ئەرشیفی رۆژنامەگەری کوردی هەبوو. سوپاس بۆ کاک جەمیل مەلاقەرەی هاورێی بەسەلیقەمان کە خۆبەخشانە زنجیرە نووسینەکانی نووسیی و بۆ کتێبیشی ئامادە کرد.

ستران عەبدوڵڵا
لەجیاتی کوردستانی نوێ
سندوقی پشتیوانی
کتێبی کوردستانی نوێ
٢٠١٩/١/٥

## یەریڤان خەبەر دەدا

# ڕادیۆی کوردی یەریڤان مێژوویەکی پرشنگدار لەڕاگەیاندنی کوردیدا

**نیو** سەدە دەبوو لەبناری چیای سەرکەش‌و سەر بەتەمی ئاراراتو لەیەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان هەموو ئێوارەیەک ژنێکو پیاوێک دەدوان و وەکو دەستپێکێک بە ووشەی (یەریڤان خەبەر دەدا) ئەو رادیۆیە هەواڵو لاوکو کەلامو سترانی کوردی بەهەموو ماڵە کوردێکدا دەوەشاند. پاش ڕۆژئاوابوون لە جیاتی چرا هەموو ماڵە کرمانجێکی ڕۆشن دەکردەوە. لە ساڵی ١٩٥٥ لەلایەن دەوڵەتی سۆڤێتەوە ڕادیۆی کوردی یەریڤان بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێک کە پاشان لەساڵی ١٩٦١ کرا بە سەعاتو نیوێکو بەڕابەرایەتی جاسمێ جەلیل دامەزرا. خەباتکار جاسمێ جەلیل لە ماوەی بەڕێوەبەرێتی خۆیدا توانی ٧٠٠ ستران‌و داستان‌و کەلامو ئاوازی کوردی لەئەلەگەزو گوندەکانی دیکەی دەوروبەری یەریڤان کۆبکاتەوەو تۆماربکات، پاشان جەمیلەی کچی لەساڵی ١٩٦٧ بەدواوە پەرەو درێژەی بەکارەکانی باوکیدا، دیارە ئەو ڕادیۆیە لەناو دڵو دەروونی هەموو کوردێکی بەسەلیقەی ئەوێ ڕۆژێ یادو یادەوەری جەهـ و واری خۆی هەیە، سەدای دەگەیشتە هەر چوار ئالی کوردستان‌و گەورەترین خزمەتی بەچاندو کەلتوری کوردی کردو ئارشیفێکی زێدە ناوازەی دوای خۆی بەجێهێشت. دوای جاسمێ جەلیل گەورە نوسەرو ڕووناکبیر



ئەزنیڤا ڕەشید، زادینا شاکر، ئەسلیکا قادر، سوسیکا سمۆ، عەگیدی جەمۆ

خەلیلی چاچان ماوەی ٢٤ ساڵ سەرپەرشتی ئەم ڕادیۆیەی کردو چەندین کەلامو پۆیەمو داستانی بەزمانی شیرینی کوردی وەکو مەمێ ئالانو زەمبیل فرۆش و خەج وسیابەند... هتد تۆمار کرد. لەبەردەم مایکرۆفۆنی ئەم ڕادیۆیە دەیان دەنگبێژی وەک شاکرۆ، شەرۆی برۆ، کارابیتی خاچۆ، ئارام تیگران، مەجیدێ سلێمان،ئوردیێ قادۆ، مرازێ تەموور، مەجیدێ خالتی، ئەڤۆیێ ئەسەد، بێماڵی کەکۆ، خەمۆیێ حەسەن،یوسفی سێ برا، سەعیدێ سلۆ، نادرێ ئەڤۆ، سەڤاقێ عەگید، مەجیدێ فارس، فەیزۆیێ ڕێزا، عەلیێ حەمید،ئیلخانێ ئوسف، شبلیێ چاچان، مەمەدێ زوربا، مەمۆیێ سەرافیل، مەمۆیێ سلۆ،کەڤۆرگا فەرەج، سەیادێ شەمدین،تەیمورێ تەلە، عەلیخانێ یوسف، مەجیدێ موسا،هۆڤانیس بەدەلیان، هۆڤانیس گاپۆ، سەرکیس نارسیس، هاکوبی ئەسمەر، لەژنەکانیش دەنگبێژو سەماکەر سۆسیکا سمۆ،دەنگبێژی ناودار فاتیمە عیسا، زادینا شاکر،خانما زازێ، کۆبرا خدۆ، سیسا مەجید، سیسا عەگید، گوڵجارا چەرکەس، گوزەلا خاتۆ، دلبەرا وەکیل، کەزی زەرا خەلۆ، عاشق کامیل، نازا کۆکل، گوهارا ئاڤانوس و ئەسلیکا قادریش کە بەگۆرانی (وڵاتێ مە کوردستانە، هەمی باخو بێستانە، کورد حەمی برانە) بەناوبانگە هەمیشە ئامادەییان هەبوو ڕادیۆکەیان زۆر شیرین کردبوو. دەیان کەڵە ئەدیبو نووسەرو زمانەوانو شاعیر بەچاوپێکەوتنو بەرهەمەکانیان گەشەیان بەو ڕادیۆیەدا وەکو حاجی جوندی، ئەمینی عەڤدال ئۆردیخانی جەلیل، قەناتی کوردۆ، شکرۆیی محۆ، کارلینی چاچان، شکۆیێ حەسەن،فێریکی یوسف، میکائیلی ڕەشید داستانەکانو پۆیەمەکانی خەجو سیامەندو مەمێ ئالانو کولکو کەڕۆ و دمدم نەخشێکی جوانیان لەم ڕادیۆیە گێڕا. سازبەندو مۆزیکژەنەکان بریتیبوون لە، میری بلوور عەگیدی جەمۆ، ئەڤۆی ئەشۆ، شامیلی بەکۆ، وەزیری یوسف ,خەلیل عەڤداڵ، بلوێرژەن جەمالی عەزیز، ناسراوترین بێژەریش لەسەرەتادا کەرەمی سەیاد بووو پاشان ئەمەریکی سەردار، نورا عگید، ئەزنیڤا ڕەشید، سیڤانا گولیزار. .هتد. وێڕای هەموو ئاستەنگییەکو کۆسپێک کە زۆرجار لەلایەن پارتی کۆمۆنیستو دەزگای هەواڵگری دەهاتەڕێیان بەوەی کە گوایە ناتوانن پەیامی دەوڵەتو ڕێبازی کۆمۆنیستی و سیاسەتی کۆڵخوزی بەدروستی بە جەماوەر بگەیەنینو بەلاوکو کەلامو داستانەکان کە پەخشی دەکەن پێگەی میرو دەرەبەگە



**خەلیلی چاچان**
**لەبەڕێوبەرانی رادیۆ**



**جاسمێ جەلیل**
**لەبەڕێوبەرانی رادیۆ**




**کەرەمێ سەیاد**
**دوا بەڕێوەبەری رادیۆ**

کوردەکان بەرز دەکەنەوەو پرۆپاگەندەی سۆسیالستیان پشتگوێ خستوە، ئەم هەموو شورە سوارە لەدوور  ولاتەوە توانیان درِ بەشەوە زەنگی ئەوێ ڕوژێی کوردان بدەن. لەگەڵ هەڵوشاندنەوەی سۆڤێت بەهۆی ئاشووبیو قەیرانی داراییەوە ئەم ڕادیۆیەش وەکو زۆربەی دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت بەرەو کزی ڕۆیشتو کارمەندەکانی بەنالەباریو بەدوای ژیاندا هەڵوەداو سەرگەردانی مۆسکۆو ئەوروپاو شوێنانی تر بوون. کەرەمی سەیاد دوای دە ساڵ لەبەڕێوبەریو خەباتی بێوچانی لەم ڕادیۆیەدا سەرڕای هانابردنی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە برێک پارەی کەم نەهێڵن ئەم بڵندگۆیە کپ بێو دوای بێ ئومێد بوونی لەمەش دوا تێکۆشەر بوو کە لە باڵەخانەی ڕادیۆ هاتەدەرو بەدڵێکی غەمگینو قورگێکی پڕ لەگریانەوە مایکرۆفۆنەکەی جبێهێشتو ڕایگەیاند کە چیدیکە (یەریڤان خەبەر نادا).


نورا جەوەری لەدیهاتەکان ئاواز و کەلام تۆمار دەکات


جەمیلەی جەلیل لە گەڵ کارمەندانی رادیۆ


جەمیلەی جاسم پۆیەم و کەلام تۆمار دەکات



سترانبێژی ناوداری رادیۆی ئێریڤان . شەرۆی برۆ

## دوو ئەستێرەی قەومی نەجیبی ئەرمەن

# لە ئاسمانی لاوکو سترانی کرمانجیدا دەدرەوشێنەوە



ئارامێ تیگران



کارابیتی خاچۆ

**دوای** کۆمەڵکوژی گەلی ستەمدیدەی ئەرمەن لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە کە چەند دەستەیەکیش لە چەتەو ڕێگری کورد دەستی خۆیان بەو کارە قێزەونەپیس کرد، تورکانیش ویستیان دەستە چەورەکەی خۆیان بە سەری گەلی کوردی ستەمدیدەو هاوخەمی ئەرمەن بسڕنەوەو کورد بکەن بە هاوبەشی تاوانەکانی خۆیان، لەو ڕۆژگارەدا دوو جوامیری چەلەنگو هوشیارو بەویژدان لە نەتەوەو لە ئایین جیاواز لەگەڵ کورد بە ڕەگەز ئەرمەنی کە بە ڕێککەوت خێزانەکانیان لەم کۆمەڵکوژیەدا دەرباز دەبنو سەرەنجام لە قامیشلی دەگیرسێنەوە هەموو ئەو دڕدونگیو تەومژەیان لەسەر کورد ڕەواندەوە کە لە دوارۆژیشدا دەبن بە سیمبولی مرۆڤدۆستیو ئاشتی نێوان ئەم دوو گەلە چەوساوەیە،

یەکێکیان : ئارامی تێگران (سەفیری کوردان لە دەرباری نەتەوەی ئەرمەنیان) لە دایکبوی ساڵی ١٩٣٤ی گوندی بەشیری قامیشلۆ لە شام بەوپەڕی ئارامیو بوێریەوە بەڕەنگاری ڕژێم دەبێتەوەو تیپێکی هونەری


کوردی دادەمەزرێنیو بە زمانێکی پاراو سترانی کورمانجی گەیاندە دوندی داهێنانو بووە دامەزرێنەری قوتابخانەی نوێ و ڕەسەنی هونەری کوردی، سترانو ئاوازی کوردی بە مۆدێرنەکردو خستنیە خزمەت کێشەی گەلو نیشتمانی کوردو ئەرمەن کە پێشتر باوکی ئارام بەردی بناغەی ئەم قوتابخانەیەی دانابوو.

ئارامی پەپولەو شەیدای ئازادی لە پەنجا ساڵی بەرخۆدانی خۆیدا وەکو بولبولێکی خوشخوانی ئاوازی کوردی و خۆشەویستی بۆ کورد بێ تاوانی کوردی سەلماند لە کۆمەڵکوژی نەتەوەکەی و لە ساڵی ١٩٦٦ لە شەقەی باڵ دەدا لە ئەرمەنستان دەنیشێتەوە لەوێش دەبێ بە پارێزەرو نمایندەی کوردو بە هەوڵی بێوچانی ئەو ڕادیۆی کوردی یەریڤان دادەمەزرێ، لەوێش ١٨ ساڵ لەم ڕادیۆیە سترانی کورمانجی بە شێوازو ڕیتمێکی مۆدێرن بەرەو قۆناغێکی گەشو نوێ دەبات، دوای هەڵوشانەوەی سۆڤیەت ئارامیش ئاواتو هێلانەکەی دەڕوخێو هەڵوەدا دەبێو چەند وولاتێکی ئەوروپا تەی دەکاتو دواجار لە یۆنان دەگیرسێتەوەو لە ٢٠٠٩/٨/٨ لە خەستەخانەی ئەثینا چاو لێک دەنێو ماڵئاوایی یەکجارەکی لە سروشتە جوانو چیا سەرکەشەکەی ئاراراتو ڕووباری ئاراسو سترانی کوردی دەکات. سەرەڕای ئینکاریو بەرهەڵستی دەوڵەتی تورکیا پاش ماوەیەک تەرمی پیرۆزی لەسەر شانی هەزاران کوردی وەفادار لە دیاربەکری پایتەخت دەشاردرێتەوەو (بە خەملو ڕەوشە، شیرینو خۆشە زمانی کوردی)و (نەورۆزە... نەورۆزە) ەش وەکو شیرینترین ستران تا ئێستا لە گوێماندا دەزرینگێتەوە.

دووەمیان: ئاپێ کارابیتی خاچۆ (١٩٠٠/٩/٣-١٩٠٣) دوای چواردە ساڵ ڕینجبەری لای ئاغایەکی کوردو پانزە ساڵ سەربازی لە ئۆردووی فەرەنسی لە شام ڕۆژێکیان لە بەندەری بەیروت ژەنراڵێکی فەرەنسی بە گاڵتەوە لێی دەپرسێ کە ئایا هەواداری تاشناقی یان هەشناقی، بێ خەبەر لەوەی کە لەناو کوورەی هەناوی کارابیت لاوکو سترانی کوردی دەجۆشێو جگە لە مرۆڤ بوونو خۆشەویستی بۆ کوردو ئەرمەن هەواداری هیچ سیاسەتێک نیە و دوای تەواوبوونی خزمەتی سەربازی سێ هەڵبژاردەی دەخرێتە بەردەم، مانەوە لە شام یان خانەنشینی سەربازیو نیشتەجێ بوون لە فەرەنسای بووکی ئەوروپا، یان گەڕانەوە بۆ زێدی ئەرمەنیان لە قەوقازیا، ئاپۆ کارابیت سێ سەد لیرەی کرێی خۆیو خێزانەکەی دەدات بە پاپۆڕوانەکە ئەویش لە شەقەی باڵی دەدا لە کولخۆزێکی ئەرمینیا دەنیشێتەوەو بە بەخێوکردنی چەند سەرمەڕو پەلەوەرێک لەگەڵ ئەرمەنو کوردانی ئێزدی بە کۆلەمەرگی ١٠٣ ساڵ لە ژیاندا دەگوزەرێنیو ٥٥ ساڵ خزمەت لەڕادیۆی کوردی بە عەشقەوە دەیان لاوکو گۆرانی کرمانجی دەچڕێ، لاوکی مەتینی و فلیتی قەتۆو عەبداڵی زینکی و عەدولایی لە لاوکە هەرە شیرینەکانیەتی، و لە ٢٠٠٥/١/١٥ بە برسیەتیو سەرما بردەڵەییو بەلەنگازی نەجمەدین مەلا ئاسا بەبێ کەسی لە ژوورەکەی خۆی ئەویش تا دواهەناسە چاو لەسەر دوندی سپیو سەر بە تەمی کێوی ئارارات هەڵناگرێو بە یەکجاری ماڵئاوایی دەکات. ئەوان ئەوەیان لە دەست هات بۆمان، ئێمە چیمان بۆ ئەوان کرد.

سەید محەممەد تاهیری هاشمی

# دڵێکی بەجۆش لە (هەوارگەی دڵان)و گوڵێکی بۆنخۆش لە (گوڵزاری ئەدەب)




**لە** پای ئەو بستۆکەی کە ناوی لێنراوە سنوور ئەوانی لە ئێمەو ئێمەی لە ئەوان کردووە دوور، نە ئەوان لەم دیوو نە ئێمە لەودیو دەمانزانی لە دونیای ڕووناکبیریو ئەدەبی کوردی چی دەگوزەرێ، ئەگەر ڕادیۆ مەرزبەزێنو دڵهەژێنەکەی کوردی کرماشان نەبوایە کەم کەس لە باشووری کوردستان کەڵە عارفو ئەدیبو زانایەکی وەکو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی دەناسی کە ئەو هەموو گەوهەرە پڕ هونەرەی لە دوتوویێ بەرنامەکانی هەوارگەی دڵانو گوڵزاری ئەدەبو ناودارانی کورد بە دڵو دەروونماندا پەخشدەکرد. ئەو زاتە لە بنەچەی ساداتی سۆڵەیی بەرزنجیو بە بنچو بناوانیش دەچێتەوە سەر سەید ڕەسول لە قەرەداغو بابە گەورەیان لە ساڵی ١٢٤٧ی هیجری قەمەری کۆچیان کردووە بۆ دەڤەری جوانڕۆ و لەوێ لەلایەن والیو دەسەڵاتدارانی ئەو وەختە ڕێزیان لێگیراوەو لوتفیان دەرهەق نواندراوە.

سەید تاهیر کوڕی قەیدار هاشمی ناسراو بە (سید الدولە) لە گوندی دەوڵەت ئاوای شارستانی ڕەوانسەری سەر بە کرماشان لە خانوادەیەکی ئەهلی علیمو عیرفانو خاوەن تەکییەو مەدرەسەی دەوڵەت ئاوا چاوی بە دیمەنە دڵڕفێنەکانو شاخە سەرکەشەکانی کوردستان هەڵیناوە، لەلای خاتوو مریەم هاوسەری سەید عارف لۆنیو پاشان لای مەلا محەمەد ڕەحیمو زانای ناودار شێخ حەبیبوڵڵای ڕۆحانی کاشتەری باوکی بابا مەردۆخی ڕۆحانی خوێندویەتیو لە جەم سەیدولدەولەی باوکیدا علومی مەنقولو مەعقولی تەواوکردووە، بە ناوی تاهیری کرماشانیو تاهیری هاشمی شیعرو نووسینی بۆ گۆڤاری ناوداری گەلاوێژ ناردووە، نووسەرو ئامادەکاری بەرنامەکانی (هەوارگەی دڵان) و (گوڵزاری ئەدەب) و (پیاوانو ژنانی ناوداری کورد) و.. هتد بووەو لەم سونگەیەشەوە سەرنجو سۆزی گوێگرێکی

زۆری لە هەموو لایەکەوە بۆ خۆی دڵبەندو باڵکێش کردووە، ئەو لە علومی ئیسلامیو ئەدەبی عەرەبیو کوردیو فارسیو مێژووی ئێرانو زانستی نەسەب شناسیو تەهذیب شارەزایەکی بەتواناو خاوەن سەبکی خۆی بووە، لە خۆشنووسی خەتی عوسمانیو نەستەعلیق بلیمەت بووە، پانزە هەزار بەیتە شیعری بە زمانی کوردیو فارسی هۆنیوەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ی میلادی تا ئینقلابی گەلانی ئێران لە دژی شاە ئەو هاوکارێکی چالاکی ڕادیۆی کوردی کرماشانو قەسری شیرین بووە، مامۆستا عارفێکی سەربەستی دونیاو بە عیشقی خوداو ئاینەکەی خۆی سەرمەست بووە، لە کۆڕی زانیاری کوردی لە عێراق ئەندامی ڕاوێژکار بووەو لە مەیدانی سیاسەتو کوردایەتیشدا وێڕای ئەندامیەتی لە کۆمەڵەی(ژ.ک) جێگری ئیبراهیمی نادری بەرپرسی لقی (ژ.ک)ی کرماشانیش بووە. سەید تاهیر لەگەڵ زۆر لە زاناو ڕووخسارە دیارەکانی ئەوێ ڕۆژیش پەیوەنددار بووەو بە گەرموگوڕی نامەگۆڕینەوەیان لە نێواندا هەبووە لەوانە ئەبولقاسمی شیرازیو دکتور سەید جەعفەری شەهیدیو د. بەهرامی فردەوسی و د. کەریمی سنجابیو لەئێران و لە عیراقیش مامۆستایانی بلیمەت عەلائەدین سەجادیو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو شێخ موحەمەدی خاڵ و خۆشنووسی ناوداری کورد موحەمەد تاهیر ئەلکوردی ئەلمەکی لە مەکەی موکەڕەمە.




مامۆستا هەرچەندە سوننە مەزەبو لە موریدانی تەریقەتی قادری بووە، بەڵام ئیماندارێکی میانڕۆو پەیڕەوی هەردوو مەزهەبی شیعەو سونەی دەکرد.

خۆلاسەی کەلام سەید تاهیر لە ڕۆژی جەژنی قوربان لە ١٩٩١/٥/٢٢ ی میلادی کەشکۆڵی پڕ لە کردەوە چاکەکانی و خزمەت بە دینو دونیا بە شانیدا دەداو خوداحافیزی لە دونیای فانی دەکات و لە کرماشانی شاری شیرینو فەرهاد بەڕێوڕەسمو شکۆیەکی شایستەوە بەرەو گۆڕستانی خانەوادەکەی لە دەوڵەت ئاوا دەبردرێو لەوێ بە خاکی پاکی مەڵبەندی ئەردەڵان دەسپێردرێ، وێڕای سەدان پرسەنامەو بروسکەی کەسایەتیو کۆمەڵ و


قورئانی پیرۆز بە خەتی سەید تاهیر

دەزگاکان ئەنجوومەنی خۆشنووسانی ئێرانیش بە داخو پەژارەوە گوزارشت لە لەدەستچوونی زانایەکی گەورەو ئەندامێکی خۆشنووسی خۆی دەکات.

مامۆستا زیاتر لە (٢٤) نووسراوو دانراوی لە بوارەکانی ئاینی ئیسلامو ئەدەبو شیعرو مێژوودا بەرهەمهێناوە بە نمونە:

*کۆمەڵە شیعرەکانی هەوارگەی دڵان.

*مەنزومەی شێواو میهدوخت.

*لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی دیوانەکانی مەولەوی‌و بێسارانی‌و وەلی دێوانەو شیرینو خەسرەوی خانای قوبادی.

*دلائل الخیراتو صەحیفەی سەجادیە.

*منبع الانوار در احوال شێخ حسن قازانقایە.

*مناقب اهل البیت.

*نووسینی قورئان بە خۆشنووسی.

بە کوردی سەید محەمەد تاهیری هاشمی عارفێکی فرەزانو دانایەکی پڕ لە تواناو گەنجینەیەکی بەنرخی ئەو کوردەوارییە بوو.





دیوانێکی شیعری سەید تاهیر

## شوکروڵڵای بابان‌و سادقی هیدایەت

# دوو هەمزە ئاغا نین لەیەک شکڵدا



سادقی هیدایەت



شوکروڵڵای بابان

**کاتێ** کە هەڵەیەکی زەق لەبابەتێکی مێژوویی یان ئەدەبی‌و هونەری دەبینم بەتایبەت کە مانگ‌و ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ‌و کەس پەی پێ نابات یا خۆی لێ ناکات بەخاوەن‌و ڕاستناکرێتەوەو لەهزری خوێنەراندا جێگیر دەبێ و لە ئاوەزیاندا دەچەسپێ‌و تازە دەرچوونی ئەستەم دەبێ، وەکو دەڵێن بشفرێ هەر بزنە ئەوە ناچار بابایەکی وەکو من یان منێکی نیوە من بە درەنگەوە قەڵەمێکی کول‌و کۆڵەواری لێ تاوبدا، دیارە میللەتانی زیندوو و هوشیار هەمیشە نەک هەر پەرۆشی پێشڤەبردن‌و گەشەپێدانی چاندو کەلتورەکەیانن تەنانەت بە هەڵەو پەڵەکانیشدا دەچنەوە.

لە حەفتاکانەوە وەکو خوێنەرو شیعر دۆستێک سەرنج دەدەم وێنەیەک بۆ کەڵە دیکلەمەچی‌و شیعرخوانی ناودار شوکروڵڵای بابان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو کتێب‌و بەم دواییەش لەسەر یوتوپ‌و هەندێ پەیج بە سەرێکی زل‌و ملێکی باریک‌و چاویلکەیەکی گەورەوە بەرجەستە کراوەو لە مێشکماندا

ئاخنراوە، چەندین ساڵ بە گومانەوە دەمڕوانیە ئەو وێنەیە کە هەرگیز بە شوکروڵڵام نەدەزانی تا دواجار لەناو کتێبانو پڕوفایلەکەی نووسەری ناوداری ئێرانی گەڕام و دۆزیمەوە. هەیهو ئەوە کتومت ڕاستگۆیەو کراوە بە سوپاسی خوا، واتە سادقی هیدایەتەو کراوە بە شوکروڵڵا، بۆ ڕاستیو دروستیو بەراوردکردن وێنەکانیان دەخەمەڕوو لەو سۆنگەشەوە بە کورتیو بە کوردی بەو خوێنەرانەیان دەناسێنم کە نایاننناسن بەتایبەت ئەوانەی سەدای ڕادیوی کوردی کرماشانی جاران گوێیانی نەزرنگاندۆتەوە.

شوکروڵڵا گۆیندەو نووسەرو شاعیرو موتەرجیمی ڕادیوی کرماشانی جاران بە قوڕگێکی پاکو زمانێکی پاراوو سۆزو ڕیتمێکی تایبەت بە هونەری شیعرخوێندنەوە کە لەمدیوو و لەودیوی سنوور ناوبانگێکی زۆری دەرکرد لە ساڵی ١٩٢٣ لە سنە چاوی بە دیمەنە دلڕفێنو چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەڵیناوە، لە ساڵی ١٩٥٨ لەڕادیۆی کوردی تارانو لە ١٩٦٨بەدواوە جگە لە بەرنامەگەلێک کە سازو ئامادەو پێشکەشی دەکرد بەڕێوەبەری ئەم ڕادیۆیەو ماوەیەکیش جگە لە ڕادیۆی کرماشان بەڕێوەبەری ڕادیۆی سنەو ئازەربایجانی غەربییش بووە، دانەری چەندین کتێبی مێژوویی‌و ئەدەبی‌و فەرهەنگو لەدەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کوردستانی تارانیش بووە.

لە ١٩٧٨ خانەنشین دەبێ و لە ٢٠١٢/١١/١٧ بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کردووە جگە لە خزمەتەکانی دیکەی لە ڕادیۆ بەرنامەی (کاروانی هەڵبەستو گۆرانی)و (هەوارگەی دڵان )لەگەڵ هاوخۆشخوانەکەی پەروینی موشیر وەزیری ئەوی زیاتر بە عاشقانی شیعرو شەیدایانی ئاوازو مۆسیقا ناساند.

سادقی هیدایەت کوڕی عضاد الملک لە ساڵی ١٩٠٣ لە تاران لەدایکبووەو لە دامەزرێنەرانی کورتە چیرۆکە لەئێرانو لە خانەی هونەر لە تارانو لە مەدرەسەی سان لوئەی فەرەنسیو لەبەلچیکا جگە لە هونەر ئەندازیاریی خوێندووەو زیاتر لە (٩) نووسراوو دانراوی نایابی هەیە لە بواری چیرۆکو شانۆگەریی لە ١٩٥١/٤/١٩خۆی کوشتووە.



**بەهەڵە ئەو وێنەیەی سادقی هیدایەت بۆ شوکرڵڵا دانراوە**

# بەدیع باباجان

## نابیغەیەک لە هونەرو داهێنانو گەنجینەیەک لە خۆشنووسیو نیگارکێشان



بەدیع باباجان

**لە** ژوورێکی تەنگو تاریکی باڵەخانەیەکی شەقامی ڕەشیدی پێتەختی هارونەلرەشید پیاوێکی بە جەستە لاوازو بە سروشت هێمنو مەنگ لەناو دوکەڵی جگەرەدا وونبوو کە تەنها چاوە شینەکانی دەبریسکانەوە، کێ دەیزانی لەو ژوورەدا چ دەگوزەرێو ئەو کوردە ڕەندو مەندە لەوێ چی دەکاتو بە جیرەی قامیش قەڵەمەکانی چ شاکارێک دادەهێنێو بە چ گەوهەرێک دونیای هونەر دەنەخشێنێ، لە حەفتاکان دا بۆ منێکی نیوە منو تازە خوێنەری کتێبی کوردی جێی پرسیارو سەرسوڕمان بوو لە بڵاوکراوەو دیوانی شاعیرەکان بەتایبەت چاپەمەنییەکانی کۆڕی زانیاری کورد کە دەبێ کێ بێ بەو نیگارو خەتە دانسقانە دەیانرازێنێتەوە نەخاسمە هێلکارییە پڕ ووردەکارێو شکۆدارەکەی شەرەفخانی بدلیسی، دیارە ئەو پیاوێکی تا سەر ئێسقان بە حورمەتو ڕەوشتو ڕەفتار جوانو نەفس بەرزو خۆش مەعشەرو نەرمو نیان بوو، لە کارکردندا جیددی و درەوشاوەترین هونەرمەند بوو.

بەدیع باباجان کوڕی حوسێن حەکیم باوەجانی کە (پزیشکی تایبەتی ماڵباتی بابانەکانو نەشتەرگەرێکی بەتواناو لە خوێندن دەرچووی ئەستەمبۆلو شارەزا لە زمانەکانی عەرەبیو تورکیو فارسیو ئەڵمانیو فەرەنسی) لە ساڵی ١٩٢٣ی میلادی لە گەڕەکی ئەخی حوسێنی سەر بە ئیمام قاسمی کەرکوک چاوی بە دونیا هەڵێناوەو لە منالیەوە باوکی کۆچی دوایی دەکاتو هەتیو دەمێنێتەوەو لەگەڵ دایکو دوو براکەی تاڵیو سوێریەکی زۆری ڕۆژگار دەچێژنو بەدیع زۆر کاریگەر دەبێ هەم بە سروشتی جوانی باغی ناو حەوشە گەورەکەیانو دەنگی باڵندەو پەیکەرو تابلۆکانی ناو ئەم باغەو هەم دەکەوێتە ژێر کاریگەری سەردولکەو لاوانەوە غەمئاوەرو بە خرۆشەکانی دایکە کڵۆڵو دڵبریندارەکەیو هەمیشە هەوڵی دەدا هەموو ئەو ئیلهامانە لە چوارچێوەی هونەری نیگارکێشیو موزیک بەرجەستە بکاتو ڕێک بخات، ئەو سەرەتا لە قووتوی حەڵوای گەزۆ سەنتور دروست دەکاتو بە چەسپکردنی گوێزانی ڕیشتاشین لەسەر

تەختەی قوتابخانەکەی کە هـەردەم دەستوپەنجەکانی پێ شەلاڵی خوێن دەبوو دەنگی نۆتەو مۆزیکی پێ ساز دەکرد، بەدیع هەرگیز گرنگی بە ڕەواڵەتی خۆی نەدەداو بە خوێندکارێکی پیسو پۆخڵ دەژمێردرا، لە هەموو چالاکیە هونەریەکانی خوێندنگا بەشدار دەبوو و هەرزوو بەهرەو تواناکانی بە دەرکەوتنو نەشونمایان کرد، سەرەنجام دەبێت بە نابیغەیەک لە بواری خەتو وێنەکێشان. پاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی دەچێتە بەغداو لە ساڵی ١٩٥٠ پەیمانگای هـونـەرە جوانـەکـان بـە پـلـەی نایاب تـەواودەکاتو بەم هۆیەشەوە لە زەمالەیەکی دەرەوەی وولات بەشدار دەبێو لە بواری وەزیفەشەوە باباجان بە فەرمانبەری ڕووپێو لە بەشی تۆبۆگرافی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕووپێوی دادەمـەزرێ، دوو لـەو مامۆستایانەی لە خوێندن ساڵەکانی ١٩٤٧-١٩٤٨ دەرسی پێدەڵێنەوە هونەرمەندی نـاودار جەواد سەلیمو فائق حسن دەبن و سوودمەندیش دەبێ لە شارەزایی مامۆستایەکی ئێرلەندی بە ناوی(شوشوماکنتی)، کە لەگەڵ خۆشنووس مەهدی ئەلجبوورییش نوسینگەیەک لە شەقامی ڕەشید بە ناوی(دار الخط العربی) دادەنێن، ئەو بە دوو ئاراستە کاری دەکرد لەلایەک بۆ کاری هونەری کۆمپانیاو کارخانەو ڕیکلامە بازرگانیەکان بە مەبەستی بژێوی ژیانیو لەلایەکی تریش بۆ داهێنانو گەشەپێدانی هونەرەکەی، لە ساڵی ١٩٦٧ نموزەجی دراوی ئاسنی عیراقی دیزاینو خۆشنوسی کردو وێنەی زۆربـەی شاعیرانی کوردو بەرگی کتێبە کوردیەکانو گۆڤارەکانی گەلاوێژو نزار.. هتد ڕازاندۆتەوە.

باباجان هونەرمەندێکی ڕیالیستی بوو لە بیروباوەڕە هـونـەریـەکـانو کلاسیکیەکی بیرتیژو ڕەســەن بوو لەبەرجەستەکردنی وێنەو تابلۆکانیو ئەو دیاردەیەکی دەگمەنو درەوشاوە بوو پانتاییەکی زۆری داگیرکرد لە هونەری کوردیو عیراقیو توانی لە میانی زیاتر لە پەنجا ساڵ لە داهێنان گەلێک شاکاری مەزنو دانسقە لە تابلۆو نیگارو هێلکاری بەرهەم بهێنێ کە جێگای ڕەزامەندیو




خۆشنووسییەکی بازرگانی بەدیع



جەمیلە بوحێرد- بەقەڵەمی بەدیع



هێڵکاریی باباتاهیری هەمەدانی

سەرسوڕمان بوون، بەوهۆیەشەوە شوێنێکی شیاوی بۆ خۆی بەدەست هێنا لە نێو وێنەکێشەکانی عیراقیو کورد، باباجانیش وەکو هەموو کوردێک لە بەهاری ١٩٩١ لە دەربەندی دزڵی هەورامان تاڵی ژیانی ئاوارەیی چێشت.

لە ١٩٩٦/١/١٥ ئەو هەموو گەنجینەو شوێنەوارە هونەریە نایابەی بۆ گەلەکەی بەجێهێشتو لە بەغدا لە گۆڕستانی موحەمەد ئەلسەکران لە ڕاشدیە شاردرایەوەو بۆ هەتاهەتایەماڵئاوایی لێکردین.

ماوە بڵێم:

بەدیع باباجان نادیرەیەک بوو ئەفسوس لە کورد ڕۆیی.



بەدیع لەکاتی کارکردندا



هێڵکاریی شەرەفخانی بدلیسی

٩٤٩-١١١٢ک – ١٥٤٣-١٦٠٣، ١٦٠٤




بیتاقەی یانەسیب/ دیزاینی بەدیع

# قەدەم خێر

## تەوارێکی بەرزەفڕی ناو شاخەکانی زاگرۆس بەرەنگاری شای ستەمکار دەبێتەوە


وێنەی راستەقینەی قەدەم خێر

**هێشتا** خوێنی شەهیدانی ڕاپەڕینەکەی سمکۆی شکاک بەقەد داروپەردووەکانی قەڵای چەهریق لە باکووری چیاکانی زاگرۆسەوە ووشک نەببوو زنجیرە کێوێکی دی لە لوڕستانی فەیلی لە باشووری زاگرۆس خەڵتانی خوێن دەکرێ، قۆزاقیەکی کەلەشەقی وەکو ڕەزاخانی پەهلەوی بێ ئەسڵو فەسڵ بۆ جێگیرکردنی پێگەو تەختی شایەتیەکەی خۆی بە بیانوی چاکسازیو سیستەمی نوێ لە ئێران لەهەموو لایەکەوە بەربووە وێزەی میرو مەزنانو شەلم کوێرم کەوتە داپڵوسینی بنەماڵە خانەدانو عەشایرەکان لە ئازەربایجانو کوردستانو لە لوڕستانیش لەگەڵ تیرەی قەلاوەندی سەر بە دەریکوەندی کەونارا لە دەڤەری باگریوەو گوندەکانی تاتواوەو خونیلەو میرزیل.

میر قەندی قەلاوەندی مەزنی ئەم تیرەیە پیاوێکی بەدەسەڵاتو جوامێرو خانەدان جگە لە قەدەم خێر نۆ کوڕی جەسوورو ئازای هەبوو, ژنی یەکەمی جەواهیری دایکی قەدەم خێر ژنێکی سەلارو بەویقار بوو. ڕەزاشا بە تازەترین چەکو سوپای نیزامی لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو بە سەرکردایەتی سەرتیپ ئەسفەندیاری لەگەڵ ئەم عەشیرەتە دەکەوێتە جەنگێکی سەختەوەو لە کوشتنو سوتاندنو تاڵانی دەست ناپارێزن، لە بەرەنگاربوونەوەیەکی قورسدا دوو لە کوڕەکانی میر قەندی کە سەرکردایەتی هێزەکەیان دەکرد بە ناوەکانی عەباس خانو باباخان لەگەڵ سەفقولی هاوسەری قەدەم خێر لە بەرزاییەکانی گاوازین دەکوژرێن. قەدەم خێر کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە (١٨٨٩) لە ناوچەی دووکێو لە باکووری ئەندیمەشک چاوی بە شاخەکانی لوڕستان هەڵیناوەو ژنێکی شۆخو شەنگو سیلاحشورو سوارچاکو نیشان شکێنو



رەزا شا - شای ئێران

جەنگاوەرێکی جەسوور بوو, لە دوای براکانی خۆی سەرکردایەتی هێزەکە دەگرێتە ئەستۆو هێزەکە رێک دەخاتەوەو بە تفەنگە جاکسۆنە ئەلمانیەکەی بۆ لەشکرەکەی شا دێتە مەیدان بۆ بەرگری لە سروشتە دڵڕفێنەکەی زاگرۆسو گەلەکەی دەیان داستان دەخولقێنێ تا خاکی بروجەرد ڕزگار دەکات، ئەفسوس دوای پێنج ساڵ لە جەنگجویی‌و نەبەردیدا دواجار قەدەم خێر کە بۆی نەلوا لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمریش بگەنە یەکو هێزەکەیان یەکخەن‌و زۆر لە فەرماندەکانی پشتی بەردەدەن‌و لەژێرەوە پەیوەندی بە ڕژێمەوە دەکەن‌و چەکو تفاق‌و پێداویستی شەڕیش بەرەو پایان دەچوو و لەژێر فشاری دەوروبەرەکەی کە لە گەڵیدا مابوونەوە ناچار دەکرێ لە پای سوێندخواردن بە قورئان‌و لێبوردنەکەی ڕەزاشای ستەمکار بە بێ ئومێدی تەسلیم ببێ‌و لەگەڵ سەد سوارو فەرماندەکانی بەرەو پایتەختی مەرگ بەڕێ دەکەوێ، بە گوتەی سەرچاوە زارەکیەکان لەگەڵ گەیشتنی بە دەروازەی دەربار حەمسەرایانی شا پێشوازیەکی گەرمی لێ دەکرێ، بەڵام ڕۆژی دواتر بە کەزیەکانی لە ئەسپێکی هاروهاجەوە دەبەسترێتەوەو بە خیابانەکاندا ڕادەکیشرێ‌و پارچەپارچە دەبێ‌و حەقدە لە فەرماندەکانیشی کە لە گەڵی بوو لە سێدارە دەدرێن.

بە پێچەوانەشەوە دەڵێن نەخێر لە زیندانی شادا بە ئازارو ئەشکەنجەوە دەمرێ‌و تەرمەکەی لە عێراق‌و بە خاکی پیرۆزی کەربەلا دەسپێردرێ، دیسان سەرچاوەیەکی دیکە دەڵێ کە لە زیندان دەردەچێ بە ناچاری‌و زۆرداری (شاهی) برای شوو بە جەلالەدین والیزادەی ژن برای شاهی دەکات، پاشماوەکانی ژیانی بە خەفەت و حەسرەتەوە تەواو دەکات‌و سەر دەنێتەوەو گوایە ئارامگاکەی لە نزیک دیزفولەو پاش خۆی کوڕێکی بە ناوی محەمەد خان بەجێ دێڵێ کە دوا ئادگارو یادگاری ئەم تەوارە چنگ بەگرەیە.

قەدەم خێر زیاتر لە هەشتا ساڵە لە ناو کوردو عێلاتی لوڕ لەلایەن گۆرانیبێژان‌و حیکایەت خوانان دەیان بەیت‌و شیعرو گۆرانی بۆ دەچڕن‌و ئەفسانەی ئەم شۆڕە ژنە نەوە بەدوای نەوەدا دەگێڕنەوە:


قدم خێر سرونی ش کالە اسارە زنگل مالّە

گلّ ونی ش تنگوان کوە بی دهدر رستم زالە

ماوە بێژم ئەمڕۆ گیانی پیرۆزی قەدەم خێر وا لە گیانی تەوارەکانی رۆژئاوای کوردستان بەرجەستەو دوناودون دەبێتەوە.

## کۆمەڵەی لووتێری میسیۆنی ڕۆژهەڵات لە سابڵاخ

# لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی کوردو خزمەتێکی بێوێنەی خەڵکی موکریان


بارەگای کۆمەڵەکە لە مەهاباد

ئەوێ ڕۆژێ شەوەزەنگی هەژاری‌و نەخوێندەواری‌و دەردەداری باڵی ڕەشی کێشابوو بەسەر ئەم کوردەواریەدا، لەلایەن حکومەتەکانی دەسەڵاتداری سەر وولات ئەم دەڤەرو بومەی کوردستان بەهەر هۆکارێک بێ لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگوێ خرابوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە بەرنامە لەلایەن کلێساکانی مەسیحیەت کاروانی مژدەبەران بەڕێکرابوون بۆ ئەم ناوچانەی ڕۆژهەڵات، خەڵکانی موسڵمان دووره پەرێزیان لێ دەکردن‌و خۆیان لێ دوور دەخستنەوە بە گومانی هەڵگەڕاندنەوەیان لە ئاینی ئیسلام‌و کردنیان بە مەسیحی لە لایەن ئەم موژدەبەرانەوە، دیارە پێشتر زۆر لە میسیونەکان کە هاتبوونە ناوچەکە خۆبەزلزان ولوتبەرز بوون‌و هەڵسوکەوتیان تەنها لەگەڵ ئاغاکان دەکرد بۆیە لەبەرچاوی خەڵکە هەژارەکە ناحەزبوون‌و خۆشەویست نەبوون، تەواو بە پێچەوانەوە دامەزراندنی کۆمەڵەی لووتێری میسیونی ڕۆژهەڵات لە سابڵاخ‌و دەوروبەری لە ساڵی ١٩١٠ یان ١٩١١ خزمەتە بێ وێنەو دەگمەنەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە لاپەڕەیەکی زێڕین‌و وونبوی مێژووی گەلی کورد لە بواری کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، تەندروستی، پەروەردەیی دێتە ئەژمار، تا ئەم دووایيەش ئەگەر بەدواداچوونی دوو زانای هۆشمەندو دانای وەکو مامۆستا حەسەنی قازی‌و د. ئەمیری حەسەن پوور نەبونایە تۆزیان لەسەر دەنیشت‌و سەر بە بنێست دەبوون. ل. ئولسن فاسۆم کوڕە وەرزێرو گاوانێکی هەژار هەر زوو خزمەت بە خودای مەزن‌و مرۆڤایەتی لەسەریدا کەلکەڵەی کردبوو، ئەو زماناسێکی

بلیمەتو پەروەردەی زمانەکانی عیبریو یونانی بوو و عیلمی ئیلاهیاتی خوێندبوو، لە ساڵی ١٩٠٦ وەکو مژدەبەرێک ڕووو لە ئێران دەکاتو لە ساڵی ١٩١٠ پێگەیەک بە ناوی کۆمەڵەی لووتێری میسیۆنی ڕۆژهەڵات لە ناوەندی سابڵاخ دادەمەزرێنێو بەم کارەی لە دوا ڕۆژدا بوو بە سیمبۆلی خۆشەویستیو مرۆڤدۆستی لەناو خەڵکی موکریاندا.

دامەزراندنی خەستەخانەیەک کە لەلایەن د. هیرمان شالکو مارتا میس دالو ئاگوستا گوتهارتیش (کە کۆلەگەی ڕێکخراوەکە بوو و زمانی کوردی بە باشی فێر ببوو و عاشقێکی دڵسۆزی خەڵکی هەژارو سروشتە دلڕفێنەکەی کوردستان بوو و بەوپەڕی دژواری چالاکیەکانی دەنواندو چارەسەری نەخۆشیو مامانی لە سابڵاخو دەوروبەری دەکرد) بەڕێوە دەبردرا یەکێک بوو لە کارە پیرۆزەکانی ئەم پێگەیەو د. شالک لەم پێناوەدا چەند جارێک خۆشی بەهۆی نەخۆشی لە مردن نێزیک بۆتەوەو بۆ چارەسەری نەخۆشیو بیماری بەتایبەت مەلاریاو تیفوئید بەهۆی دژواری ژینگەو سروشتی سەختی ناوچەکە ئەو ستافە موجازەفەی زۆریان کردو فاسۆم بەهۆی زانایىو دانایىو بە هاوکاری مستەفا قازیو ئاغای ڕەحمانی چەندین چالاکی ڕۆشنبیری بێوێنەی نواند، دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان میشینەری) لە ساڵی ١٩١٠ کە پاشان لە ساڵی ١٩٢٨ بە هۆی فشاری حکومەتی ئێران ناوەکەیان گۆڕی گەنجینەیەکی دانسقەیە لە هەواڵو ڕاپۆرت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو هەواڵی عەشیرەتیو وەسفی خەڵکو خاکی موکریانو چالاکیەکانی کۆمەڵە، کە سەرنوسەرەکەی ل.ئیج زیمیر بوو، دانانی ڕێزمانێکی کوردیو کتێبێک بە ناوی شوعەرائی ڕۆحانی، کتێبێک لەلایەن شوینهود بە کوردی موکریانی، تەرجومەکردنی هەر چوار ئینجیلەکە بە کوردی موکری لە کارە فەرهەنگیەکانو دامەزراندنی دەرمانخانەیەکو چەندین خوێندنگا بە زمانی



میس داڵ خانم لەگەڵ ژنانی مەهاباد بە جلی کوردیەوە



ل. ئۆ. فاسۆم

کوردیو خانەیەک بۆ منالانی بێ سەرپەرشتانو کلێسایەک بۆ ئەو پەنجا ماڵە دیانانە کە لە مەهاباد نیشتەجێ بوون لە کارو خزمەتە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەڵەیە بوون، کۆمەڵە رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ناساندنی کۆمەڵگەی کوردیو بارودۆخی کوردستان بە کۆمەڵگەی ئەمریکیو بەدەست هێنانی سۆزداری بۆ گەلی کورد.


لە سەرەتادا چەند کەسانێکی دەمارگیرو فەقێی ناحاڵی بەردەمی بارەگاکەیان گرتنو هەرایان بۆیان نایەوەو پاشان سیحرەکە پێچەوانە بووەوەو ئەم ستافە لەخۆبردوو و گیانفدایە بوون بە خۆشەویستترین فریشتەی مرۆڤدۆستی لە ناو خەڵکی هەژارو جێگای تەقدیری ئاغاواتو پیاوە مەزنەکانی ناوچەکەش.

*فاسۆم بەهۆی تیفوئید قوربانی بە منداڵە تاقانەکەشی دا لەم پێناوەدا.

*میس دال کە کچێکی شۆخو خوێندنی لە ئەمریکا تەواو کردبوو نەک هەر نەگەڕایەوە بۆ وڵاتەکەشی لە دواجار شووی بە ئاغای حەبیبی کوردی مەهاباد کرد و بە یەکجاری بوو بە کوردو عاشقی کوردستان.

*ئاگۆستا گوتهارد کە شادەمارەکانی خوێنی کوردی تێدا جما بوو و عەشقی کورد مەستی کردبوو جگە لە چارەسەری نەخۆشی ببوو بە دیلمانجیش بۆ کورد وێڕای ئەوەی بە بەرچاوی خۆیەوە ستەمکاری ڕووسەکانی دەدیو تەواوی بنکەکانی خۆشیان لەلایەن سەربازە ڕووسەکان تالان کراو تا توانی وەکو فریشتەیەک بەهۆی زانینی زمانی ڕووسی لەبەریان پارایەوە بۆ دەست هەڵگرتن لە زۆرکاری دەرهەق بە خەڵکە هەژارەکە تەنانەت لە تالانو بڕۆی سمکۆی شکاکیش لە مەهاباد دەزگاکانیان لە تالانی پیاوانی سمکۆ دەرباز نەبوون لەتالانکردن، هەموو ئەمانە لە مرۆڤدۆستیو لە خۆشەویستی کورد سارديان نەکردەوەو لەگەڵ هنری. ئا. مۆلێر بەهۆی داخرانی پێگەیان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانو ناچار کردنیان بە دەرچوون لە ناوچە کوردنشینەکان دوا فریشتەو جەنگاوەر بوون.

لە ساڵی ١٩٣٦ سابڵاخیان بەجێ هێشتو لە ماوەی بیستو شەش ساڵی تێکۆشانو ڕەنجی فەرهادانەی خۆیدا ئەم کۆمەڵەیە تەنها یەک موسڵمانیشیان نەکرد بە مەسیحیو لە ئاینی ئیسلام هەڵنەگەڕاندەوە !!



A Practical Kurdish Grammar
with English Phonetic Pronunciation
Exercises for translation into Kurdish
Short stories illustrating Kurdish
Composition and Syntax
and
VOCABULARY
by
L. O. FOSSUM, Ph. D.
American Missionary
Translator of Vogt's Bible History, Luther's Catechism and Sverdrup's Explanation into Modern Syriac, and the New Testement and Luther's Catechism into Kurdish. Author of a Hymn Book, and Editor of a monthly newspaper, also in the Kurdish language.
Published by THE INTER-SYNODICAL EV. LUTHERAN ORIENT-MISSION SOCIETY
1919

کتێبی ڕێزمانی کوردی


Kurdistan Missionary

"Go ye into all the world, and preach the gospel of the whole creation!" Mark 16: 15.
Volume 15. MINNEAPOLIS, MINN., OCTOBER, 1923. No. 10.
Kisbogh, Agh Bogh Miss Gudhart Ali Agh
Sogni Ali Bogh Sultan Salari Agh
Two Servants kneeling in back
Some of the Kurds, who accompanied Miss Gudhart back to Soujbulak.

ڕۆژنامەی کوردستان میشیۆنەری


انجیلی مقدسی
رب و خلاصکری مه
یسوع مسیح
که
له زمانی اصلی یونانی
ترجمه کراوه
و به بَیبل سوسائیتی امریکا
و بریتش و فورن بَیبل سوسائیتی
چاپ کراوه
—o—
١٩١٩

ئینجیلی پیرۆز

# کیژەکەی کافرۆش

# لەنێوان ڕاستیو خەیاڵدا



دوا وێنەی کچی کافرۆش کە هەردی سابیر کێشاویەتی

**سەرت** بەهەرماڵێکدا بکردبایە لەم کوردەوارییەی خۆماندا وێنەیەکی خەیاڵی ئیمامی عەلی لەگەڵ شێرو شمشێرەکەی یان وێنەیەکی حەزرەتی مریەمەو عیسای کوڕی یا ئەوەتا تابلۆی کچێک لەوپەڕی شۆخیو جوانیدا بەقەد دیوارەوە هەڵواسرابوون، هەرکات پرسیاری ئەم کچەت لەهەرکەس بکردبایە کێیەو کێ ئەم وێنەی کێشاوە لەوەیان زیاتر نەدەزانی کە کچی کافرۆشەو ئەفسەرێکی ئینگلیز رفاندویەتی.

لەبارەی ڕووداوی ئەم کچەوە هەریەک لەکوردو عەرەبو تورکمان وەکو نەورۆزەکەی خۆمان بە پێی ویستو ئارەزووی خۆیان چ ڕاستی بێ یان ئەفسانە دەیگەڕێننەوە بۆ خۆیانو چیرۆکی جۆراوجۆری بۆ دادەڕێژن. عەرەبەکان و خەڵکی عیمارە بە (بنت التبانە) یان (بنت المعیدی)و تورکمانیش بە (صمانچی قزی) ناودەبەن و بەهی خۆیانی دەزانن، بەپێی سەرچاوەیەک گوایە ئەو لەبنەماڵەی کافرۆشە (هەرچەند گوندێکیش لای کۆیەو بەناوی عەشیرەتێکی بەم ناوەوە هەیە) و لەتەمەنی دوانزەساڵیو لەساڵی ١٩٣٤ خەجیج جومعە مەولودی شکاکو خزمی سمکۆی ناودار کە لەبازاڕ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ لە نزیک تەکیەی شێخ عەبدولکەریم لەهەولێر لەلایەن ئەفسەرێکی ئینگلیزەوە دەرفێندرێ، وێڕای تۆمارکردنی سکالا لە بنکەی پۆلیسی گەڕەکی تەعجیل باوکی بەغەمبارییەوە بێ هومێد دەبێ لەگەڕانەوەی کچەکەیو گوایە لەناو فڕۆکە لەڕێگای بەریتانیا خۆی فڕێدەداو دەمرێ. بەپێچەوانەش

دەڵێن نەخێر لەبەردەرگای خۆیان لە قەڵای هەولێر جوانییە دڵڕفێنەکەی وا لەهەندێ ئینگیز دەکات کە بەوێدا تێدەپەڕن بیخەنە ناو سەیارەو بیبەن، نا نەخێر دەڵێن نەڕفێندراوە چ بەخۆشی یان بەزەبری خەنجەرێ لەباوکی دەخوازنو مارەی دەکەنو لە بەریتانیاش ئەفسەرەکە داوا لەنیگارکێشێکی ناودار دەکات ئەم تابلۆیەی بۆ کێشاوەو بەدیاری بۆ کەسوکارەکەی ناردۆتەوە، هەندێ لەچەمچەماڵییەکانیش حیکایەتەکە بۆ خۆیان دەگێڕنەوەو ئەوانیش چیرۆکێکی بۆ دادەڕێژن.



نیگاری ئیمامی عەلی (ر. خ)

کچی کافرۆش چەندین گۆرانی بەسەردا وتراوە هەروەکو محەمەد ئەحمەد ئەربیلیو محەمەد دانیش و جەمال موفتی و میکائیل... هتد. دیارە ئەم ڕووداوەش وەکو چەندین ڕووداوی تر لەمێژووی کورددا هەتا هەنوکە بەناڕوونیو نادیاری ماوەتەوەو پێویست بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی جددی دەکات، تابلۆی کچی کافرۆش کە هاوکوفی تابلۆی مۆنالیزایە بەتابلۆیەکی دانسقەو کەم وێنە دەژمێردرێ لەهونەری نیگارکێشی کورددا باوەکو نیگارکێشەکەشی نادیارەو شوون بزرە ئەم تابلۆیە لەنێوان چەند تابلۆیەکدا نازانرێ کامەیان ڕاستەقینەکەو کامەیان دووبارە کێشراوەتەوە لەلایەن چەند نیگارکێشێکی دیکەوە.




حەزرەتی عیسا و مریەمی دایکی (ر. خ)


کچی کافرۆش

## مەلا کاکە حەمەی سەیفوڵڵا

# جەنگاوەرێکی لەبیرکراوی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریی لەگەرمیاندا




مەلا کاکە حەمەی سەیفوڵڵا

**ئەو** پێی وابووە ڕاجینسکی یا دیوشینی مامۆستای یەکەم لە( ڕووسیا ) ئاسا مادام دەوڵەت ناتوانێ هووشیاریو خوێندەواری بگەیێنێتە هەموو کونجو کەلەبەرەکانی ئەم کوردستانە تاریکستانەی ئەوێ ڕۆژێ، ئەم پشت لە ماڵو منداڵو خێروخۆشی ژیان دەکات بە کۆمەڵێک زانستو زانیاری هەمە چەشنەو بە دانانی نزیکی (٤٤) دانراوو دانانی هەموو کتێبەکانی مەنهەج بۆ قۆناغی سەرەتایی خوێندن وەکو سەرفو نەحو، ئایین، خورەوشت، جوغرافیاو مێژووی کوردستانو عیراق، ژمارەو ئەندازە، قانون، تەندروستی... هتد(کە هەموویان لە بنکەی ژین لە سلێمانی پارێزراون)و بە دانانانی ئەلفو بێ یەکی تایبەت وەکو سەربازێکی بە هەڵمەتو تێکۆشەرێکی بێ چەندوچون ئەسپی مەردایەتی لێ تاو دەدا، کوێ هەڵبژێری بۆ مەیدانی ئەم جەنگە کە لە هەموو شوێنێک پێویستترە، ئەم گەرمیانە ماڵوێرانو هەژارو غەرق بووە لە نەخوێندەواری باشەو یەخەشی لە دەست ئەم حکومەتەیش دەبێتەوە کە هەمیشە لێک دڕدونگ بوون و قاوەیی یەکتریان نەدەخواردەوە.


مەلا کاکە حەمە کوڕی حاجی سەیفوڵڵا لە دایکبووی ساڵی ١٨٨٤ی دەرگەزینی سلێمانی لە هۆزی تالشی دۆلاییینی ئەودیو وەکو مەلایەک نوسراوە ئایینەکانی لە لای زاناکانی سنەو سابڵاخو سلێمانیو سەقزو کۆیە خوێندووەو تەواو کردووە، پیاوێکی توندوتۆڵو شۆخو بە هیمەتو بەقیمەتو جەسورو ڕاستی پەرست، خۆناسو خواناسو نیشتمان پارێز، لە بەیروتو باشقەڵاو وان سەربازی کردووە. لەسەر ڕێچکەی بابو کالی خۆی ڕۆیشتووەو لە سەردەمی شێخ مەحمودی نەمر لە سەنگاو قازی بووە،

پیاوێک لیوانلێو لە زانیاری جۆراوجۆرو مرۆڤێکی دەگمەن‌و دانسقە بوو، لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵدا هەرچەند ساڵێک جارێک قوتابخانەیەکی لە گوندێک لە خاکی گەرمیان‌و لەناو هۆزەکانی جاف‌و زەنگنەو داودە دەکردەوە، هەر خۆی مامۆستاو بەڕێوەبەرو پشکێنەر..هتد بوو، لە هەر شوێنێک خوێندنگایەکی بکردبایەوە لیژنەیەکی دەستپاکی دادەنا بۆ کۆکردنەوەی پارەو خەرجیەکانی خوێندن‌و چارەسەری خوێندکارە نەخۆشەکان‌و خۆشی دەستی بۆ فلسێکی حەرامی ئەم میللەتە داماوەی کورد نەدەبردو ئەرکو ڕەنجی خۆشی بە خۆڕایی بوو، مامۆستا لە هەر شوێنێک خوێندنگایەکی بکردبایەوە منالانی وا کەمەندبەندو وباڵکێشی خۆی دەکرد کە لە دوارۆژدا خوێندکارانی زیرەکو کەڵەپیاوی وەکو نەجیب محەمەدەمین‌و حوسێن سەید مەحمودو مەحمودی عەباساغاو وهابی سەید ئەحمەدی لێ دەردەچوون، لە خوێندنگایەک لە گوندی ئاوەسپی دەگێڕنەوە مەلا کاکەحەمە وا مەستی کارەکەی بوو کە بواری سەرخۆرانیشی نەبوو و بە تەواوەتی لەزەوق و خۆشی دونیا بێ ئاگا بوو و سەرتاپا ژیانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە پڕ هەستە وابەستە کردبوو تەنانەت سەردانیی کردنیشی پێویستی بە مەوعیدی پیشوەختە هەبوو، بە ڕاستی مەلا کاکە حەمە لە جەنگێکی سەختدا بوو لە دژی نەخوێندەواری، جگە لە فێرکردن‌و پەروەردەکردنی منالان تەنانەت وەکو باوکێکی دڵسۆزو بەسۆزیش هەمیشە پەرۆشی گوزەران‌و تەندروستیان بوو بەوپەڕی میهرەبانیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵیاندا دەرکرد.



کتێبی ئەخلاق/ دانراوی مەلا کاکەحەمە

مامۆستا مەلا کاکە حەمە نیزامێکی وا بە زەبت و ڕەبتی بۆ خۆی وخوێندکارەکانی دانابوو کە خوێندن، خەوتن، موتالاکردن، خواردن، گەشتو نوێژکردن‌و ئیسراحەت..هتد، بە سیستەماتیک کرابوو.





ئەلف و بێیەکەی دانراوی مەلا کاکەحەمە

بەیانیان لە خەو هەڵسانو نوێژکردنو وەرزشو نان خواردنو پاشان بە خوێندنی سروودی کوردی بەڕێز بەرەوەو ناو سنفەکانی خوێندنی دەبردن، ئەو ئەلفوبێیەی خۆی داینابوو لە پۆلی چوارەمەوە دەخوێندرا.

دوای بەخت کردنی هەموو تەمەنی خۆی و بێبەشبوونی لە خێروخۆشییەک لە ژیاندا لە پێناو ئەم کوردەواریەو بڕینی ئەو هەموو هەورازو لێژیە، لە ساڵی ١٩٦١ دوا ماڵئاوایی لە ئەلفو بێ یەکەی و خوێندکارەکانی دەکاتو بۆ هەمیشە چاولێک دەنێو لە شارەکەی بابانو شێخان، سلێمانی دڵە هەمیشە زیندووەکەی کوردستان دەنێژرێ، حەیف دەبوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان یادێک لەم کەڵە جوامێرە بکرابایەوە یاخود چش لە زانکۆ  هەر نەبوایە پەیمانگایەک یا خوێندنگایەکی بە ناو بکرابایە یان پەیکەرێکی بۆ دابنرابایە.

دیارە مێژووی گوڵستان و بوستانی ئەم نیشتمانەی ئێمە وێرای ئەم هەموو دڕکو داڵە دەیان گوڵەباغی بۆنخۆشی وەک کاکە حەمەشی تیدایە!




مەنهەجی نەحوو سەرفی عەرەبی

مەهدی
حوجەت
ئەلسادات

# هونەرمەندێک لە مەڵبەندی ئەردەڵان لە سێ بواردا بیسەران‌و بینەرانی بە هونەرەکەی مەست دەکات



مەهدی حوجەت ئەلسادات

**هەندێ** جار خۆم بە خۆم دەڵێم ئەرێ گەلۆ دەبێ هیچ میللەتێک هەبێ لەم دونیایەدا بەقەد ئێمەی کورد ئەوەندە باس لە پیرۆزی‌و شانازی بەخۆبوونەوە بکات، هەرکاتێک خۆ بە کوردپەروەرو سیاسەتبازێک‌و تا دەگاتە ڕەشۆکیەک کە دەگاتە بەردەم مایکی تەلەفزیۆنێکی کە ڕۆژانە بەم جادەوبانانەدا دەگەڕێن بەدوای تۆمارکردنی قسە، ئەوە سەرزارو بنزاری دەوڵەتی کوردی‌و چوار پارچەکەی کوردستانە!! کەچی هەندێ هونەرمەند یان خاوەن دەزگای هونەری یان ئەدەبی بە وێنە جگە لە پارێزگاکەی خۆی ئەوپەڕی تا سنوری جوگرافیای لەهجەکەی خۆی نەبێ شارەزاییەکی ئەوتۆی نیە لە دونیای فەرهەنگ‌و کەلتوری بە قەولی خۆی لە پارچەکانی دی، بە ئەسەفەوە دەڵێم زیاتر لە بیست ساڵە ئەم هەرێمە بە ملیارات دۆلار تەخشان‌و پەخشان دەکات‌و بەوپەڕی ئازادی لەوسەری دونیا بۆ ئەوسەرەکەی بە ئاسانی دەتوانێ تەراتێنێ تیا بکات‌و دەشیهەوێ ئاڵاکەی بەسەر هەموو پارچەکانی دیدا بسەپێنێ کەچی نەیتوانی پردێکی پەیوەندی لە بوارەکانی فەرهەنگ‌و ڕووناکبیری‌و کەلتووری لەگەڵ باکوورو ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاواو لوڕستان‌و ئیلام‌و کوردانی خوراسان‌و ئەرمەنستان‌و ئۆزبەکستان.. هتد دابمەزرێنێ‌و تەمی ئەو بەیەکتر نامۆبوونە بڕەوێنێتەوە.


ئەوەتە ئەم جارەیان لە مەڵبەندی ڕەسەنی ئەردەلان پێگەی فەرمانڕەوایەتی هەڵۆخان‌و خان ئەحمەدخان‌و لە بنەماڵەیەکی سادات‌و ناوداری سنەی ئازیز هونەرمەندێک وێڕای ڕەش‌و بۆری‌و هەندێ ناشیرینیمان بۆ گەلانی دی دەسەلمێنێ ئەگەر ئێوە فەزلتان هەیە ئەوە ئێمەش ئەفزەلین‌و لە هەموو هونەرێکدا لە دوندی داهێنان‌و پێشەنگین‌و ئەزم لە ئاوازو گۆرانی‌و خۆشنووسی‌و نەقاشیدا گوێگرو بینەرانم مەست‌و حەیران دەکەم‌و هونەرەکەم دەگەینمە ترۆپکی ناسکی‌و قەشەنگی. مامۆستا ماد (مەهدی)ی حوجەتول سادات لە ساڵی ١٩٤٨ی میلادی لە شاری سنەی ڕەنگین چاوی بە کێوی ئاویەرو کۆشکە ڕەنگینەکانی میرانی ئەردەلان هەڵدێنێ، کلاسەکانی خوێندن تا دیپلوم لەم شارەدا تەواو دەکات‌و هەر زوو بەهرە هونەریەکانی یەک بەدوای یەک تێدا بەدەردەکەوێ‌و لە ساڵی ١٩٥٧ دەچێتە ڕادیۆ و بە دەنگە ناسک‌و بەسۆزەکەی

گۆرانی تۆمار دەکات‌و تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٢ نزیکەی (٣٥) گۆرانی جۆراوجۆر وەکو(چاوڕەش)و(ئەی مانگ ئەم شەو تۆ بوچ هەڵهاتی)و (کێ ووتی من تۆم خۆش ناوێ)و (میهمان خۆش هاتی)..هتد لەگەڵ ئۆرگیسترای ڕادیۆی سنە تۆمار دەکات‌و ساڵی ١٩٧٢ م دەچێتە ڕادیۆی کوردی تاران‌و درێژە بە کارە هونەریەکانی خۆی دەدات.


مامۆستا حوجەتول سادات لە خەتی شکستەدا دەیان شاکاری جوان‌و دەگمەن دەخوڵقێنێ‌و لە نیگاری‌و نەقاشیدا بە پاستیل‌و قەڵەمی ڕەساس چەندین تابلۆی نایاب‌و دانسقە لە خەیاڵی پڕ هەست‌و بە مەبەست دەنەخشێنێ، چەندین وێنەو هێڵکاری وەکو مێژوونووسی کورد ئایەتوڵڵا مەردوخی‌و هونەرمەندی ئێرانی شەجەریان‌و د. عەلی ڕووخزادی‌و شێخ حەبیبوڵڵای ئیمام جومعەی سنە دەکێشێ، حوجەت ئەلسادات لە چەندین پێشانگاو نمایشگای هونەری لە سنەو ناوخۆی ئێران بەشداربووە کە جێگای سەرسوڕمان‌و ڕەزامەندی بینەرانی بوون‌و لە ٢٠١٤/٨/٢٤ لە شاری سنە بە ئامادەبوونی ئوستانداری کوردستان پێشانگایەک بۆ کارە نەقاشیەکانی دەکاتەوەو بە جۆش‌و خرۆشەوە پێشوازی لێ دەکرێ.


مەهدی حوجەتولسادات

ماوەتەوە بڵێم ئەو هونەرمەندە فرە بەهرەیە لە شاری سنە دادەنیشێ‌و من دەستم لەناو هەوێرەو هەرهەندەم لەبیرە، کوڕ ئەو کوڕەیە ئەو ئەرکە بە قەولی خۆیان پیرۆزەش وەئەستۆ بگرێ‌و بە خزمەت ئەو زاتە بگات‌و بە تێروتەسەلی خۆی‌و هونەرەکانی بە کوردستانی باشوور بناسێنێ.



پیشانگەی مەهدی لە سنە


وێنەی شەجەریان بە خامەی مەهدی


وێنەی کچێک بە خامەی مەهدی

موشیر، مەحمود،
مەلای خەتێ

# سیمبۆلی خیانەت یان پاساوی بێ بنەما بۆ شکستی ڕاپەڕینەکانی کورد

**بە** بڕوای من مێژووی ڕاستەقینە بریتی نییە لەوەی بیستراوەو نووسراوەتەوە، بۆچی دەبێ هەر ڕووداوێک لەناو کتێباندا نووسرابێت ئەوە بە حەقیقەتو حوکمی مێژوو بزاندرێ و بڕوا پێکراو بێ، لە سەردەمی نوێدا هەر گێڕانەوەیەک لەگەڵ لۆژیک نەگونجێو ئاوەزی زیرەک قبوڵی نەکاتو پشتڕاست نەکرابێتەوە بە دۆکیومێنتی کونکرێتی و خوێندنەوەیەکی ووردو هەمەلایەنەی بۆ نەکرابێ ئەوە دەچێتە دەرەوەی خانەی زانستی مێژوو، لە حەفتاکانەوە وەکو دەروێشێکی سەرسەختی کوردایەتی مۆرانەئاسا ئەو لاپەڕانە هەڵدەدەمەوە کە لەسەر کورد نووسراون چ ئەوانەی خۆماڵیو چ ئەوانەش کە بێگانە نووسیویانە, زۆر هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکەم کە بۆچی دەبێ کوردی قارەمانو سوارچاکی ڕۆژهەڵات دوای هەر نەبەردیو ڕاپەرینێک شکستو پاشەکشە چاوەڕێی بێو بۆ هەموو ئەو هەرەسو نسکۆیانەش پاساوگەلێک سازو ئامادەبێتو دوور لە هۆکاری ڕاستەقینە خۆی لە خیانەتی کەسانی خۆماڵی بەرجەستە بکات، میر محەمەدێک کە لە هەرەتی دەسەڵاتو لەخۆبایبوون و فراوانخوازی ئیمارەتەکەی بێتو لەعەدالەتو توندڕەویدا ( مس )ت بەسەر هەر دەرچوویەک لە یاساکانی ئیمارەتەکەیدا بتواندبایەوە لە ترسانا وێنەی میری گەورەی تیا دەردەچوو، گوایە چاوی باوک یان برای خۆی دەرهێناوە، ئاخۆ دەچێتە عەقڵەوە بە قسەی مەلایەکی بێ دەسەڵاتی ژێر سایەی خۆیدا فتوای شەڕ نەکردن بێ داواو ڕەزامەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بدا، یا ڕاستییەکەی ئەوەیە سەرەڕای ئەو دەبدەبەو شکۆمەندیەی میرنشینی سۆران ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سێ کیشوەری جیهان لەشکرە بێ شومارەکەی تەمی دەکردو دەیان ئەوەندەی میر لەشکرو چەکو چۆلی هەبوو، لە سێ لاوە لە بەغدا بە سەرکردایەتی عەلی پاشاو لەشکرێک لە موسڵو لە ئەستەمبوڵیشەوە گەورەترین لەشکرکێشی بۆ سەر میر کردو ڕەواندزی خستە بازنەیەکی گەمارۆی تەسکەوە جگە لە خۆکوژی یان خۆبەدەستەوەدانی بۆ میری سۆران دەرەچەیەکی دیکەی نەهێشتەوە،



دەربەندی بازیان

ئەگەر ئەوە ڕاستییەکەیەتی بۆچی دەبێ تا دونیا دونیایە مەلای خەتێ بە خائین بزاندرێو هەرکات مێژووی ئەو میرنشینە شەنوکەو بکرێ ئەو قەوانە لێ بدرێتەوە.

کێ بڕوا بەوە دەکات بەریتانیای عوزما کە دەیانوت ئەم ئیمپراتۆریەتە هەرگیز ڕۆژی لێ ئاوا نابێ. لە باکووری ئەفریقاو تا دەگاتە عیراقیش، دەوڵەتی عوسمانی ڕاوناو هەمیشە لەشکرەکەی لە زەوی تەمو فڕۆکەکانی لە ئاسمان سێبەریان دەکرد لە دەربەندی بازیاندا ئەگەر موشیری حەمەی سلێمان نەبوایە بەرامبەر بە شێخ مەحمودی نەمر دەشکاو کلکی لەناو گەلۆزی دەناو بەرەو بەسرە دەکشایەوەو کاویس ئاغاش لە لاوکی شێخ مەحمودا(ئەهۆی کورد خائینۆ)ی نەدەکرد بە هۆکاری ئەم شکستەیەی شەڕی دەربەندی بازیان !، ئایا مەنتیق ڕێگا بەوە دەدات هۆکاری ڕاستەقینەی نسکۆی بازیان بخرێتە ملی موشیر، یان ڕاستی ئەوەیە ناتەبایی کورد لەلایەکو هێرشی مستەر فرێزەر بە هەزاران سەربازو لیڤیو تۆپو تەیارە بە سەر چەند سەد چەکدارێکی بێ مەشقو هونەری شەڕی مۆدێرندا سەربکەوێ.

ئیمپراتۆریەتی هەزاران ساڵەی ئێرانو لەشکری بێشومار پڕ چەکی قورسی شا عەباسو گەمارۆی شەش مانگەی سەر قەڵای دمدمی خانۆی لەپ زێڕین بوو ئەو فەرمانڕەوایەتییەی ڕووخاند ئەگەر مامۆستا هێمن موکریانی عالەم ئارای عەباسی بۆمان نەکردبایە بە کوردی و تۆزی لەسەر ئەو وەقائیعەی شەڕەکە دانەتەکاندبایەو بەداستانەکەی عەرەبی شەمۆ بوایە هەتاهەتایە لە مێشکماندا مەحمود مەڕەکانییەک دەچەسپیو تفو لەعنەتمان بۆ دەنارد، کە گوایە سەرچاوەی ئاوەکەی نیشانی دوژمن داوە، مەنتیق لەم شەڕەدا پێمان دەڵێ ئەگەر ئاوەکەش بمابایە خۆ خۆراکو تەقەمەنی دمدم بەرگەی زیاتری نەدەگرتو چارەنووسیش هەر ئەوە دەبوو کە بوو.


قەڵای دمدم

بەکارەساتی دەزانم ڕاپەرینو شۆڕشەکانی کورد هەمیشە دوای شکستو نسکۆکانیان بەدوای هۆکارە ڕاستەقینەکاندا نەگەڕێنو دەرسو عیبرەت لە ڕابردوو وەرنەگرنو هەمیشە هۆکارو پاساوی لاواز بۆ شکستەکانیان لە زیهنی عەوامی کوردا بچەسپێنو مێژووناسانو مێژوونووسانیش پێداچونەوەیەک بەو چکە مێژووە نووسراوەماندا بکەنو دوور لە سۆزو عاتیفە هەڵەو پەڵەکانی ڕاست بکەنەوە.


تۆپەکەی وەستا ڕەجەب لە ڕواندز



میر محەمەد پاشای ڕواندز

## لەیلا بەدرخان و سوسیکا سمۆ

# دوو ئەستێرەی ناوداری سەمای بالیەو ئۆپێرای کورد لەسەر شانۆکانی ئەوروپاو سۆڤیێت



سوسیکا سمۆ



لەیلا بەدرخان

**بەخەیاڵی** کێ دادێ ئەوێ ڕۆژێ لەکۆمەڵگایەکی پیاوسالارو نیمچە خێڵەکیو بەپاشخانێکی ئاینی توندو وابەستە بەعورفو عاداتی وەکو ئەم کوردەواریە کە نەک هەر بۆ ژن بەڵکو بۆ پیاویش گۆرانی وتن مایەی شەرمەزاری بوو و لەناو بنەماڵەو عەشیرەت بەچاوەشو لۆتی ناوزەند دەکراو بەشورەیی لەقەڵەم دەدرا چ جای ئەوەی ژنی ئەم کوردەواریە بچێتە سەر تەختەی شانۆکانی ئەوروپاو بەنیمچە ڕووتی گۆرانی بچڕێو سەمای بالیە بکات، دیارە بالیە ووشەیەکو داهێنانێکی فەرەنسیەکانەو جۆرێک لەتەکنیکو تەعبیر لەخۆشیو ناخۆشیو غەمو.. هتد دەکات، وەکو سەمایەک لەگەڵ مۆزیک

دەگونجێندرێو غەمزە ئامێزو نمایشێکی شانۆییە بەجوڵەی لەشولارو بەسەری پەنجەی پێ یەکانو بە هێمنانە.

لەدوو بنەماڵەی کوردی جیاوازدا لەپێگەو ئاستی هۆشیاری، هەوەڵیان لەیلای کچی عەبدولڕەزاق بەدرخان کە لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتو ڕووناکبیرو ناودار لەساڵی ١٩٠٨ لەئەستەمبوڵ لەدایک بووە، سەرەتا لەمیسر بەنمایشەکانی سەمای (ایسادورا دونجان) سەرسام دەبێو پاشان لە سویسراو لەڤییەناش لەمەدرەسە هونەرییەکان دەخوێنێو بەنمایشی تابلۆ هونەرییەکانی بەتایبەتی سەمای (مار)و (بەلقیس شاژنی سەبا)و (کیژە قەرەجەکە) جگە لەجەماوەر سەرانو حاکمانیش سەرسام دەکات، لەیلا ژنێکی ڕۆشنبیرو لێکۆڵەر لە بواری ئاینەکانی زەردەشتو هیندیو کەلتووری کوردی بوو و ژیانی هونەری لە ساڵی ١٩٣٠ تاکو ١٩٦٠ درێژە پێ دەدات، لە٣٠ گوڵانی ١٩٣٥ لە سەنتەری مارسیلان بێرتیلۆن لەئاهەنگو شەوبێریەک تابلۆیەک نمایش دەکات سەرسوڕمانی جەماوەری فەرەنسای لێ دەکەوێتەوەو لە ٢٤ی حوزەیرانی هەمان ساڵیشدا لە پاریس لە ساڵۆنی (گراند سالا) لە دەرهێنانی مۆریس ناکژیارو بە هاوکاری ئێرین ئەیتوف لەسەر شانۆ جەماوەرەکە دەخرۆشێنێ، چەندین ڕۆژنامەی جیهانیو فەرەنسی وەکو لۆفیگارۆ لۆمۆندو لیبرتی..... هتد چالاکیەکانی بڵاودەکەنەوەو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەنو ڕیپۆرتاژی لەسەر سازدەدەن، لەچاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەی (پاریس میدی) لە١٩/ بەرفبارانی ١٩٣٢ شانازی بە کورد بوونی خۆیەوە دەکاتو دەڵێ (ئەز نە فارسم، ئەز کوردم)، لەیلا هاوڕێیەکی نزیکی دووریەخانی کچی محەمەد عەلی عەونی ناودار بوو، لەساڵی ١٩٣٠ شوو بەهونەرمەندێکی پۆلۆنی دەکاتو لەساڵی ١٩٨٦ لەپاریس ماڵئاوایی لەم هونەرە دانسقەو مۆدێرنە دەکات و چاو لێکدەنێو کچێکی لەدوا بەجێ دەمێنێ کە ئێستا ڕۆژنامەوانەو لەپاریس دەژی بەناوی (نیڤین).



23-30 Kasım, 7-14 Aralık dans programı, arka sayfada 24 Haziran gösterisinin aldığı eleştirilerden alıntılar yer alıyor

ئەوی دی سۆسیکا سمۆیە کە لەساڵی ١٩٢٥ لەگوندی میرەکی لەناوچەی ئاخبەرانی کوردنشین لەقەوقازیاو لەبنەماڵەیەکی کۆچەری چاوی بەم دونیایە بێ مانایە هەڵدێنێو بەمرۆڤگەل ئاشنا دەبێو لە(لینینکان) دەخوێنێو پزیشکی تەواودەکاتو چەندین ساڵ لەخەستەخانەکانی گورجستان خزمەت دەکات، سۆسیکا سنوورێک تێ دەپەڕێنێو عورفێک دەبەزێنێ کە ئەوێ ڕۆژێ بۆ ژن بڤە دەبێ، ئەو لەپێناو عەشقی بۆ هونەرو خۆشەویستی بۆ جەماوەرەکەی لەم نەریتە

کۆنه یاخی دەبێو باجی خۆی دەداتو پشت لەنەفرەتو لەعنەتی کۆمەڵگاکەی دەکات، لەساڵی ١٩٤٦ دەچێتە سەر شانۆی ناوداری فلاڕمۆنیا لەئەرمینیاو شانۆکانی کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران و لەساڵی ١٩٦٥ دەگاتە دوندی شۆهرەتو ناوداری، جگە لەڕادیۆ لەگۆرەپانی سووریش لەیەریڤان بەئۆپیراو گۆرانیەکانی (بەلەنگازبوو)و (لینین ڕابوو)و (دیڤەرە بەرێ) و بەناوبانگترینیشیان ( لێ لێ محۆ ) لەگەل سازبەندە ناودارەکەی عەگیدێ جەمۆی میری بلوور شانۆکان دەڕازێنێتەوەو جەماوەرەکەی جۆش دەداتو تەنانەت بەزەحمەت بلیتی ئاهەنگەکانی دەست بینەرانی دەکەوێ، لە خۆشەویستی بۆ وولات و هەست و سۆزی بۆ میللەتەکەی جل و بەرگەکانی لە ئالا سێ ڕەنگەکەی سەوزو سوورو زەردی کوردستان دووری بوو و سەرپێچەکەشی هەمیشە دەسماڵێکی کوردی ڕەنگاوڕەنگ بوو، سۆسیکا بەهۆی هەژاریو نەداریەوە نەیدەتوانی گۆرانیەکانی تۆماربکات، نەک هەر دەرگاکانی دونیا تەنانەت پەنجەرەکانی کۆمەڵگاکەی خۆشی لێ داخرابوو، جگە لەچونە سەر شانۆو گۆرانی وتن تەنانەت شووکردنیشی بەپیاوێکی غەیرە کوردو ئەرمەنی بەناوی کولیا نەفتالینا لەناو کەسوکارەکەی لێیان کردبوو بە شورەیی و نەنگی تامردنیشی لەساڵی ١٩٧٧ بەکۆمەڵگای ئەوێ ڕۆژێی کوردەواریی قەوقازیا ئاشناو ئاشت نەبووەوە، ڕەوانی بێگەردی ئەم دوو پەپولەو ئەستێرە ناودارەی هونەری هاوچەرخی کوردی شادبێ.



لەیلا بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٥ لە کاتی نمایشدا لە سەر شانۆکانی پاریس



وێنەیەکی دیکەی لەیلا

جەمالی
پارک

# ڕەگێک لە ناخی خاکو گوڵستان، عەشقێک بۆ ژینگەی وێرانی کوردستان



جەمالی پارک

لە کۆمەڵگای تەندروستو پێشکەوتوودا ئینتیماو دڵسۆزی بۆ وولات بە ڕیچکەیەکی ئاساییو فرە نۆرماڵ دەڕوا، بە تەواوەتی ساغ نەبۆتەوە کە هۆکارو پاڵنەری دڵسۆزیو وولاتپارێزی دەگەڕێتەوە بۆچی !، ئایا بەهرەیەکی خوداییە بە هەندێ مرۆڤ بەخشراوە یان پاشخانو هۆشیاری کۆمەڵگایە، یان ترس لە یاساو ڕێسا ئیلاهیو ئیدارییەکانی دەوڵەتە وا لە مرۆڤ دەکات کە بە جددی کار بکاتو بەشێکی بەرچاو لە تواناکانی خۆی ببەخشێ بە کارەکەیو خزمەت بە وولاتەکەی، کەچی لە وولاتە دواکەوتووەکان بە پێچەوانەوە بەتایبەت کە یاساو ڕێساکان فشۆلو دەسەلاتێکی گەندەڵو لاوازو خۆسەپێن حوکمڕانی وولات بکات دڵسۆزیو وولاتپارێزیو ژینگە پارێزی دەبێتە دیاردەیەکی ناوازەو دەگمەن، تاکو تەران ئەوانەی ئەو فۆرمە پیادە دەکەن، هەقە ڕەنجیان بنرخێندرێو خزمەتەکەیان لەبەرچاو بگیرێو بە(مثل الاعلی) لەناو کۆمەڵگاو دەزگاکان ئیبراز بکرێن، لەو ساڵانەی کە ب. دارایی م. س بووم لە قەلاچواڵان زۆرجار لەو کارمەندە ڕادەمام کە لە شەبەقی بەیانیەوە تا دوا زەردەپەڕ لە کەلی گوێژە ئاوا دەبوو داسەکنانی نەبوو بۆ ساتێک ئارام نەدەبووەوە و پشووی نەدەدا بە خۆیو دەمپەڕەکەی دەیویست باغی ئیرەم لەم دەڤەرە زیندوو بکاتەوە، سەیرم لێ دەهات دەبێ ئەوە چ عەشقێک بێ ئەو پیاوە لە خۆبردوو و ماندوونەناسو بێ تەماحو بێ تەکلیفەی باڵکێش کردبێو کردبێتی بە بەشێک لە خاکو گوڵو ڕەگی بە ناخی زەوی لەگەڵ درەختەکاندا شۆڕ کردبێتەوە. پاشان دەچێتە پارکی ئازادیو دیسان لە بەری بەیانەوە تا ماڵ خەوتنان و شەو ڕاشکانو

تەنانەت ڕۆژانی هەینیش بە نیوە مووچە سەرلەبەری پانتایی ئەم پارکە فراوانە تەی دەکاتو خۆی هەم بەڕێوەبەرو هەم ئاودێرو کرێکارو هەم پاسەوانو لێخوڕی تراکتۆر، وێڕای داخو حەسرەتی لە خەڵکانی گەمژەو دژە ژینگەو پیس کردنو شکاندنی تەختەو درەختەکان... هتد. ئەو کۆڵ نەداتو زیاترو ڕژدتر لە جاران کارامە دەبێو، وەرگرتنی (٥٤) سوپاسو پێزانینو بڕوانامەی ڕێزلێنان لە ڕێکخراوە مەدەنیو کەسایەتیو دەزگا حکومیەکانیش گوڕوتینێکی دی پێ دەبەخشنو عەشقی ژینگەی کوردستان دڵو دەروونی زیاتر جۆش دەدەن. پیاوێک ڕەشهەڵگەڕاو لەبەر ساوی زستانو تاوی هاوین پێمان دەڵێ: (شام شەکرە، وولات شیرینتر).

جەمال عەبدوڵلا مەحمود لە خێزانێکی جوتیار لە ساڵی ١٩٦٠ لە شارۆچکەی ماوەتی دەڤەری شارباژێڕ چاوی بە چیا سەرکەشەکانی گمۆو ژیلوانو ئاسنگەرانو باڵوسەو هاژەو خوڕەی بەربەردو چەمی چۆمانو دیمەنە دڵرفێنەکانی ناوچەکە هەڵدێنێ، دیپلۆمی هەیە لە کشتوکاڵو لە ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لە ١٩٨١ تاکو ١٩٩٢ چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دانانیو لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی بە کارمەند دادەمەزرێو لە ساڵی ١٩٩٨ تەنسیبی م. س دەکرێ بۆ سەوز کردنی قەڵاچوالان، هەر لە منداڵیەوە عاشق بە ژینگەو سەوزایی بووەو ساڵی ٢٠٠٢ تاکو ٢٠٠٧ بەڕێوەبەری ئامێرەکانی باغچەکانی سلێمانیو لە ساڵی ٢٠٠٩ گواستراوەتەوە بۆ پارکی ئازادی کە تاکە شوێنی تەفریحیو هەسانەوەی ڕۆژانەی خەڵکی شارەکەیە، لە سەعات (٨)ی بەیانی تا (١٢)ی شەوو بە هەینیش ساتێک لە شوێنی کارەکەی دوورناکەوێتەوە، شایانی ووتنە پارکی ئازادی ڕووبەرەکەی (١٧٦) دۆنمەو (١٢٦) دۆنمی سەوز کراوەو لە ١٩٩٦/١١/٢٤ لەلایەن خاتوو کافیە سلێمان وەزیری پێشووی شارەوانی و گەشتو گوزارەوە بەردی بناغەی دانراوە.

ماوە بڵێم سڵاو لە جەمال پیاوە بەجەمال و جوانەکەی پارکی ئازادیو هەموو ئەوانەی جەمال ئاسا خزمەت بە نیشتمانەکەیان و شارەکەیان دەکەنو ئەگەر کەسانێک بە چاو وولات دەکێڵن ئەوە ئەو بە دڵو بە دەست وولات دەکێڵێو سەوز دەکات.




بڕوانامەی ڕێزلێنانێکی جەمال



تراکتۆرەکەی پارکی ئازادی

# وەزیری ئەشۆ


## ڤێژەوان، نڤیسکار، مێژووناس، ڕیداکتۆر، وەرگێڕو لیکۆڵەر، ڕۆژنامەوان




وەزیری ئەشۆ

**دەگێڕنەوە** جارێکیان خوالێخۆشبوو د.قاسملۆ فەرموویەتی عەجایب ئەم کوردە لە هیچ میللەتێکی دی ناچێ... هتد، بۆیە ێیژم هەندێ کەس دەگری لەم خەڵکە هەر لە نیشتمانپەروەریو سیاسەتدا هەمیشە دەم گەرم و بەکاوێژنو لە کارو کردەوەش هەمیشە بێ تەگبیرو ڕاوێژن، دوژمنی هەموو گەلانینو لە هەمان کاتیشا بۆیان دەبین بە پردو بەردەباز، ئەوەی لامان هیچ بێ خۆمانین، داوا دەکەین پردی پەیوەندیو دۆستایەتی نێوان کوردو هەندێ لە گەلانی دیکە دابمەزرێنینو بانگەشەی برایەتیان لەگەڵدا دەکەین کە لە هیچ دڵو داوێک هاوبەش نین و تێک ناکەینەوە نە لە زمان نە خاکو سنوور و نە لە ئاینو کلتوورو تەنانەت بەرژەوەندی ئابووری هاوبەشیش. کەچی دووبارەی دەکەمەوە بێ ئاگاین لە کەلتوورو زمانو هونەرو..هتدی خۆمان لە پشت چیاکانو ڕووبارەکانو بەشەکانی دیکەی کوردستانو ڕەوەندەکانمان لە هەندەرانو ئێران و تووران، هەر لەم کڵاوڕۆژنەوە گەرەکمە ئەو جارە زاناو دانایەکی دیکەتان پێ ئاشنا بکەمەوە لەودیوی ڕووباری ئاراسو خاکی ئاران.

ماڵباتی ئاپێ وەزیری ئەشۆ وەکو هەموو کوردانی ئێزدی لەبەر زوڵمو زۆرداری و ڕەشەکوژیو سوتماک کردنی دێهاتەکانیان لە دەڤەری قارس دەرەڤنو بە کوڵەمەرگی و ئاستەنگیەکی زۆرەوە لە ئاوی ڕەش دەربازی خاکی ئەرمەنستان دەبن ماوەیەک لە قەوقازو پاشان بنەجێی گوندی سیپان لە ئەرمەنستان دەبن، لە (١)ی سەرماوەزی ١٩٣٤ لە تفلیس (تیبلیسی ) پایتەختی گورجستان چاوی بە ژیاندا




**هەندێ لە دانراوەکانی وەزیر**

هەڵدێنیو سەربە عەشیرەتی سپیکانەو خوێندنە سەرەتاییەکانی لە گوندی پەمپی(سیپان) تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٥٨ پسپۆڕیی مێژوو لە زانستگەی ئەرمەنستان بەدەست دێنیو تاکو ١٩٦١ وەکو بەڕێوەبەری خوێندنگای ئەم گوندە منداڵی کوردان پەروەردە دەکاتو لە ١٩٦١ تاکو ١٩٦٤ لە ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتی لە لینیگراد (پترۆسگراد) لە بەشی کوردی پسپۆڕیی مێژووی کوردستان وەدەست دەخاتو لە ساڵی ١٩٦٤ تاکو ١٩٨٣ وەکو ڕیداکتور (موحەریر)ی سەرەکی بەشی سیاسی ڕادیۆو تەلەفزیۆنو وەشانێن ئەرمەنستان کاری کردوەو لە ساڵی ١٩٨٣ تاکو ١٩٩٤یش ڕیداکتۆرو وەرگێڕی بەشی پەخشو وەشانی کوردی ڕادیۆی یەریڤان بووە، یەکەمین ڕووناکبیری کورد بووە لە ئەرمەنستان خەڵاتی ناوداری(عەرەبی شەمۆ) ی لەلایەن یەکێتی نووسەرانی ئەو کۆمارە پێدراوە، ئەندامی یەکێتی نووسەران و ڕۆژنامەوانی ئەرمەنستان و یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووەو جێگری سەرۆکی شێوەرا ڕووناکبیری کوردیش بووە لە ئەرمەنستان.

وەزیری ئەشۆ مرۆڤەکی زاناو داناو ڕووناکبیرێکی مەزنو وڵاتپارێزو هێمن وەفادارو بووە بە گەلەکەی و زیاتر لە هەشتا ساڵ لە خزمەت وێژەو مێژوو و زارگۆتن و پێشڤەبردنی کەلتووری کورد بووە، زیاتر لە هەزار گوتارو ڕاپۆرتو نووسینی لەسەر مێژوو و چاندو کەلتووری کوردی یەکێتی سۆڤیەت بە زمانەکانی ڕووسیو ئەرمەنیو کوردی و ئەڵمانی لە ڕۆژنامەی (ڕییا تازە)و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەرمەنیو ڕووسیوجیهان بڵاوکردۆتەوەو بەشداری لە چەندین کۆنفرانسو سیمیناری جیاجیا لە جیهاندا کردووەو زۆربەی بەرهەمی نووسەرە ئەرمەنیەکان کردوە بە کوردی هەر لە چیرۆکو کورتە ڕۆمانو

هتد... دوو شانۆگەری بە ناوی (تێگرانو مەحمود)و (کۆچەکی دەرەوین) ئامادەی ڕادیۆ کردووەو چەندین بەرهەمی شانۆیی کۆمیدی وەکو (ڕەمۆ، شەمۆ، تەمۆو لاوک) بۆ نمایشکردن لەسەر شانۆی گەڕۆکی گوندەکان نووسیوە. هەمیشە ڕادیۆی کوردی ئێریڤانو ڕۆژنامەی کوردی(ڕێیا تازە) بە نووسینو بەرهەمەکانیان ئەو ڕازاوەتەوە.

ئەویش وەکو زۆربەی کوردانی پشت قەفقاسو ئەرمینیا و کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەت بەهۆی نائارامی وڵاتو نالەباری ژیان هەڵوەداو پەڕاگەندەی هەندەرانو دەبێ بە ڕەوەندو لە ساڵی ١٩٩٥ لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بنەجێ دەبێو لەوێش هەدا ناداو لە تێکۆشانی ڕووناکبیری ناوەستێو بەئەندامی ئەنستیتۆی کورد لە برۆکسلو سەرۆکی فەخری ڕێکخستنی کوردانی قەوقازیا هەڵدەبژێردرێ.

وەزیری ئەشۆ خاوەنی خەرمانێکی پڕ بەرەکەتی نووسینو دانراوەی جۆراوجۆرە بۆ نمونە:

١-وێژەی کوردی لە ئەرمەنستان.

٢-مزگێن-یەریڤان ١٩٧٦

٣-دەنگبێژ کالیبۆ-یەریڤان١٩٨٣

٤-پێناسینو پرادانوکسی وەزیری ئەشۆ- یەریڤان ١٩٨٦


٥-زانای مەزن قەناتی کورد-بولغارستان ٢٠١٠

٦-زاراگۆتنێن کوردێی مەزن(بە ئەرمەنی)- یەریڤان٢٠١٠

٧-سمۆیی شەمۆ(ژیانو کارەکانی) یەریڤان ٢٠١٣

زیاتر لە بیستو پێنج چاپکراو پێشەکی بۆ ١٤ کتێبیش نووسیوە ماوەتەوە بێژم دوا وێستگەو مەزاری ئەم کەڵە زانایە ها لە برۆکسلو لە ٢٠١٥/١/٢٤ ماڵئاوایی لە ژیان دەکاتوئاواتێک کە هەیبووە دوای مردنی ئەسپاردەی خاکی کوردستان ببێ لە گەڵ خۆی دەباتە ژێر گڵ و دەچێتە کاروانی نەمرانی وەکو عەرەبی شەمۆ، قەناتی کوردۆ، جاسمێ جەلیل، حاجی جوندی و هەتا هەتایە خزمەتەکانی بە چاندو کەلتووری کورد لەسەرلاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەیدا دەدرەوشێنەوە.





دوو کتێبی وەزیر

## ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەربیلی

# خۆشنوسێک لە مۆڵەت وەرگرتن‌و دروێنەی خەڵاتەکان تا ئەفراندن‌و مۆڵەت پێدان


ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەربیلی

**دیارە** هەمو گەلێک لەم سەرزەمینە شانازی بەو بەهرەمەندانەی خۆیانەوە دەکەن کە لە بوارە جیاجیاکان ئەفراندن دەکەن‌و دەگەن بە لوتکەی داهێنان چ لە هونەرو چ لە وەرزش‌و ئەدەب‌و تەکنولۆجیا.. هتد بێجگە لە خەڵات کردنیان لە وڵاتەکەی خۆیان‌و ئارەزووش دەکەن خەڵاتە جیهانیەکانیش بەدەستبهێنن کە دەبێتە سەربڵندی‌و شانازی بۆ وڵاتەکەیان، هەڵبەتە ئێمەی کوردگەلیش وێڕای ئەو هەموو چەرمەسەری و چەوساندنەوەیەمان لەلایەن دوژمنگەلێک‌و بیدادی‌و گەندەڵی‌و فشۆڵیە ناوەخۆیی‌و کاڵبونەوەی ئینتیما نیشتمانیەکانیش هێشتا کەسانێک هەن بێ گوێدانە ئەمانە لە درێژەپێدانی خولیاو ئارەزووەکانیان‌و ئەفراندن‌و گەشەپێدانی هونەرەکەیان ئەسپی جوامێری‌و هیمەتی خۆیان تاو دەدەن‌و هەدا نادەن‌و ساتێک لە پێناو ئەو هەستە پڕ مەبەستە ناهەسێنەوە تا دەیگەیەنن بە لوتکە، یەکێک لەم هونەرە جوان‌و ڕەنگین‌و ناوادارو گرنگی پێدراوە هونەری خۆشنووسیە، بەتایبەتی لە خەتی عەرەبی کە ئەمڕۆ جگە لە ئۆردوو فارس‌و عەرەب‌و پاکستانی نیوەی میلەتی کوردیش بەم شێوە خەتە دەنووسن.

دیارە خەتی عەرەبی بریتیە لە هونەرو دیزاینی نوسین لە هەمو ئەو زمانانەی کە پیتی عەرەبی بەکاردەهێنن، لەبەرئەوەی ئەو خەتە پیتەکانی بەیەکەوە لکێندراون بۆیە شێوازی جۆراوجۆری ئەندازەیی تیادا دەستدەکەوێ لە میانی بردنە پێش‌و دواوەو سووڕانەوەو تێک پەڕین‌و چوونە ناو یەکو دانان‌و جۆرەها زەخرەفەشی پێ ساز دەکرێ کە دەستنووس‌و قورئان‌و قەد دیواری مزگەوتەکان‌و گومەزو منارەشی پێ دەڕازیندرێتەوە، بێگومان خەتی عەرەبی یان ئیسلامی مێژوویەکی دێرینی هەیە کە لێرەدا

جێگای باسکردنی نابێتەوە تەنها ئەوە دەڵێین جۆرە بنەڕەتیەکانی ئەم خەتە بریتین لە کوفی (بە هەمو شێوازەکانیەوە)و ڕوقعەو نوسخو ثولثو فارسی (نەستەعلیق- بەهەردوو جۆرەکەیەوە)و دیوانی (ئاسایی‌و جەلی)و توغرائی‌و خەتی ئیجازە.


لە مێژووی جواننوسی ئەم جۆرە خەتە گەلێک خۆشنووسی ناودار هەڵکەوتوون، دەکرێ بڵێین کوردیش لە پێشەنگانی ئەو قافڵەیە خوشخەتتانی وەکو محمد طاهر المکی الکردی‌و حامد الامدی‌و زەهاوی.. هتد کە بە ڕەگەز کوردن بونەتە مایەی شانازی لە جیهانی ئیسلامیدا، لەو سەردەمەشدا زۆرمان تیا هەڵکەوتوون کە ئەم جارەیان بە پێویستی دەزانم یەکێک لەم کەڵە خوشنووسانەی ئەو سەردەمە بخەمە بەر دیدو زیهنی زەوقجوانان‌و هونەر دۆستانمان :

ئەحمەد عەبدولڕەحمان لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی هەولێرو دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییەو لە منداڵیەوە شەیدای ئەم هونەرە نایابە بووەو بەشداری لە پێشانگاکانی خوێندنگاکەی کردووەو بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ١٩٧٧ پێدراوە، یەکەم نمایشگای تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٣ لە هەولێر کردۆتەوە، مۆڵەتی خۆشنوسی لە مامۆستای ناودار یوسف ذەنون وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٨٧ بەشداربووە لە نووسینی ناوو ناونیشانی خۆشنووسان لە کتێبەکەی ناوبراو، لە دوو خولدا سەرۆکایەتی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستانی کردوە. مامۆستا ئەحمەد مۆڵەتی خۆشنووسی بە اکرم ذنون، مەحفوز ذنون، بژار ئەربیلی، سەباح ئەربیلی داوە.

لە کێبرکێی ئەرسیکا لە ساڵی ١٩٨٦ بە ناوی خۆشنووسی ناودار حامد الآمدی-یەوە بەشدار بووەو بە خەتی نوسخو ثولث پاداشت کراوەو لە کێبرکێی (ابن البواب) لە هەمان خەت خەڵات کراوە.

لە کێبرکێی شێخ حەمەدولئەماسی بەشدار بووەو لە هەردو خەتی نوسخو ثولث بە هاوبەشی خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە.





وێنەیەک لەخۆشنووسی ئەحمەد

لە ڤیستیڤاڵەکانی بەغداو بەغدای دووەمی جیهانی بۆ خۆشنووسی لە ڕیزی موتەمەیزەکان دانراوە. لە میهرەجانی بەغدای سێیەمی جیهانی خۆشنووسی بەشدار بووەو خەڵاتی ڕێزلێنانی کوفەی وەرگرتووەو لەهەمان میهرەجانی چوارەمیش لە ساڵی ١٩٨٨ خەڵاتی سەرەکی وەرگرتووە، بەشداری میهرەجانی هەولێری هەرێمیی یەکەمو دووەمی کردووەو لە یەکەمیان خەڵاتی یەکەمی بە هاوبەشی وەرگرتوەو بە ئەندامی دەستەی دادوەریش هەڵبژێردراوە.

لە پێشانگای دوبەی دەولی (دەورەی پێنجەم) بەشدارو لە نووسینی جوزئی بیستەمی قورئان لە ڕەمەزانی ساڵی ٢٠١٦ پشکداری کردوەو جوزئی عەممەیشی لەسەر شێوازی بەغدادی نوسیوەتەوە.

جواننوسیو خۆشخەتی سەر دیواری چەندین مزگەوتو بەتایبەتی مزگەوتی گەورەی سلێمانی (کاک ئەحمەدی شێخ)ی کردووەو ڕازاندۆتەوەو نەقاریو خۆشنووسی سەدان کێلی ئارامگاکانیشی کردوە.

ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریە لە کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستانی عیراق، مامۆستای وانەبێژ بووە لە چەند خولێکی ڕاهێنانو مەشقی خۆشنووسیو چەند ڤۆلدرەو بەرگی کتێبی نوسیووەو لەسەر خەتی ڕوقعەش کوراسێکی داناوە.

بە ئەندامی دەستەی دادوەری جیهانی لە مولتەقای شاریقە بۆ خولی پێنجەمی خۆشنووسیو کێبرکێی نەجەفی پیرۆزی دەولی ساڵی ٢٠١٦ یش هەڵبژێردراوە.

ماوە بڵێین مامۆستا ئەحمەد چەندە لە هونەرەکەی دەست ڕەنگینو باڵایە دە ئەوەندەش لە ڕەوشتو ئاکارو ڕەفتاری باڵاترە، ئەوەی لە نزیکەوە بیناسێ شایەدی ئەوە دەدات کە ئەم مرۆڤە چەندە دڵپاک، بێ تەماح، خاوەن قەناعەتو بەوەفاو خاکییە لەگەڵ دۆستانو هاوپیشەو هاو هونەرەکانی، تا خوا حەزبکات پیاوێکی جوامێر و هێمنو بێوەیەو بە ڕەنجی شانو ئارەقی شەرەفمەندانەی نێوچەوان دەژی، پێشەوا قازی موحەمەدی نەمر ووتەنی «بریا زۆری وامان هەبوایە».



دەستخەتێکی مامۆستا ئەحمەد کە ئیجازەکەی پێ وەرگرتووە




دەستخەتی ئەحمەد

# ئەسلیکا قادر

## لەودیو ئاراسەوە بووم نەتدەناسی دەنگم، تۆزی کوردستان نیشتبوو لە ڕەنگم



ئەسلیکا قادر

**ئەو** دەمەی کە میللەتێک یان کۆمەڵگایەک ڕووبەڕووی ستەمو زۆرداری دەبێتەوە کۆمەڵێک جوامێرو گەنجی شۆڕشگێر ئەرکی بەرەنگاربوونەوەو ڕاپەڕین دەگرنە ئەستۆو لە دوا ساتەکانی شۆڕشو سەرکەوتن ڕەنگە پێشەنگانو کاروانی ئەوەلی تێکۆشەران تاکوتەرایان نەبێ هەموویان لەم پێناوەدا تیا چووبن یان پیرو پەککەوتە بووبن. بەڵام پاش سەرکەوتن کە دەسەڵاتێکی فشۆڵو نادادپەروەر دێتە سەر کار، هەندێ جار نەوەی نوێ تێکڕا جوانیەکان هەر لە خاکو نیشتمانو دروشمو ئاڵاو سروودەکانیشیان لەبەرچاو دەکەوێو هەست بە ڕەنج بە خەساری ئەوانەش دەکەن کە ژیانو گیانیان لەم پێناوەدا داناوە. بەس ئەوێ ڕۆژێ ناوی کوردستان وەکو خاکو وڵاتێک لە تریاک قەدەغەترو هەندێ جاریش ملپەڕاندنی بەدواوە بوو، گەلی کوردیش جگە لە (هاوڵاتیانی باکوور)و (تورکی چیایی)و (برای ئاری نەژاد) ناوێکی تر نەبوو بە لای داگیرکەرانەوە، دەوڵەتی تورک نەک هەر لە تورکیا تەنها کوردێک لە تاراوگەش بوایە هەوڵی دەدا دەستی پێ ڕابگاتو سەرکوتی بکات چ جای ڕادیۆی کوردی لە قاهیرەو بەغداو سۆڤیەت، ئەگەر جەمال عەبدولناسری پێ هەڵنەخەڵەتا ئەوە ستالینی ڕامکردو ڕادیۆ و ڕۆژنامەی کوردی پێ داخستو زۆربەی کوردانی ڕووناکبیرو بزێویشی پێ سورگومی سیبریا کرد، بەڵام هەموو شتێکی ئەم کوردستانە جوانو شیرینو هەست بزوێن بوون، کاتێ سترانی (وەڵاتێ مە کوردستانە، جێو مەسکەنی کوردانە، وەڵات ژمەڕا ڕۆحو






**لەڕاستەوە: پۆرشۆرا سەبری، نورا جەوەری، سەڤتلانا بایلۆز، سیما سەمەند، ئەسلیکا قادر**

جانە) وەکو بۆمبایەک لە ڕادیۆی یەریڤان دەنگی دایەوە کورم دەویست ئەوێ ڕۆژێ لە خۆشیانو لە حەماسەتان مووەکانی سەری ڕەپ نەبنو فرمێسک بە چاوانی دا نەیەنە خوارەوە، ئێوارە بوو لە قەراغی ڕووباری فوراتو ڕووو لە وڵات دانیشتبووم جریوەی مەڵو ترپەترپی ناعورەکان لەگەڵ تیشکی زێڕینی زەردەپەڕی ئێوارە لەنێو دارخورماکانو دەنگی ئەو سترانە تێکەڵ بەیەک ببوونو سەمفونیایەکی بێ دەنگیان لەناو هزرو خەیاڵمدا خولقاندبوو و هۆشیان لێ بڕیبوم، ئەوێ ڕۆژێ مەراقم بوو بزانم ئەو کیژە دەنگبێژە کێ یەو خەڵکی کوێیەو شیعرەکە هی کێ یە؟!

ئەو سترانە بەڕاستی زۆر کاریگەری کردە سەر هەستو سۆزی کوردانو بێدارکردنەوەو زیندووکردنەوەی گیانی خۆ بە کوردزانینو دڵگەرمی کوردان لە هەرکوێ کە هەبوون. ئەسلیکا قادر دەڵێ: عەگیدی جەمۆ ڕێکخەری مۆزیسیۆنی ڕادیوی کوردی ئەرمینیا بوو ئەو یەکەمین کەس بوو کە بەهرەی دەنگخۆشیو دەنگبێژی ژ من ڕا ئاشکەرا کردو دۆزیەوە، بەهۆی سرگومکردنی مامم بۆ بەستەڵەکستانی سیبیریا زۆر شەوان لە ناڵەو لاوژەی بابم بەخەبەر دەهاتم کە لە غەمگینیو خەفەتی مامم دەریدەبڕیو منیش پێوە دەسوتامو کاری دەکردە سەر هەستو هۆشم، و بەهرەی دەنگخۆشیەکەی باوکم لە منیشدا بەرجەستە ببوو.

ئەوکات من خوێندکار بووم، ئاپێ عەگید داوای لێکردم بچمە ڕادیۆو دوای ڕەزامەندی باوکم چوومو ئەو شیعرەو ئاوازەکەی پێ ڕەوان کردم، بەڵام لە تۆمارکردنی سڵمان دەکردەوە لەبەر مەترسی تێکچوونی پەیوەندی تورکیاو سۆڤیەتو ترسی کەی جی بیو هەواڵگری ئەرمینیا، چونکە بە جاسووسو پیاوی ئیمپریالیزم تاوانبار دەکراین تا خواو ڕاستان ڕۆژێکیان بەخت هێنای شاندێکی مۆزیکی لە مۆسکۆ ڕا هاتن بۆ تۆمارکردنی سترانی کوردیو ئەرمەنی لە یەریڤانو بە هەڵزانراو لە ساڵۆنی ئۆپیرای مەزن ئەوەشمان تۆمار کردو ترس نەماو تا ناحەزانی کوردو دەزگا ئەمنی و سیاسیەکانی ئەوێ ڕۆژێ بێداربوونەوە تازە ئەو گۆرانیە نیشتیمانیە بڵاو ببوەوەو بەسەریاندا تێپەڕ ببوو.

ئەسلیکا قادر کە بە هۆی ئەو گۆرانیەوە چووە نێو ماڵی هەموو کوردێک، لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی ئاخبەرانی ئەلەگەزێ هاتۆتە سەر دونیاو خوێندنی سەرەتایی لەو گوندە تەواو دەکات و پاشان بە ماڵباتەوە دەچێتە یەریڤانو لەوێ لە ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ لە ڕشتەی زمانی ئەرمەنیو ئەدەبیاتی فارسی لە فاکەڵتی ڕۆژهەڵاتی لە زانکۆی یەریڤان دەخوێنێو لیسانس بەدەست دەهێنێو ماوەی چواردە ساڵ مامۆستایەتیو شەش ساڵیش وەکو سەرپەرشتیاری پسپۆڕی لە وەزارەتی پەروەردە دەست بەکاربووە، لە پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت لە ئەرمینیا ڕەگەزپەرستەکان باڵادەست دەبنو دەسەڵات دەگرنە دەست، سەرەتا بە ناو کوردانی موسڵمانو پاشان ئێزدیەکان وەردەبن شەلم کوێرم دایاندەپەلۆسن، ئەسلیکا دەڵێ : ( هاتن ناکۆکیو دووبەرەکیان خستە نێوانمان گوایە ئێمە ئێزدین نەک کوردو پرۆفیسۆر سەعیدی ئیبۆیان کوشت، ڕێزمانێکیان بە ناوی ڕێزمانی ئێزدی چاپ کرد بۆ خوێندنی مناڵانمان من ملکەچی ئەو ڕێزمانە نەبوومو نەمووتەوە، سەرۆکوەزیران کە پێنج ساڵ هاوخوێندکار بووین لە زانکۆ، ئەو لە ڕشتەی زمانی عەرەبی دەیخوێند ووتی ئەوەی حەفتا ساڵ چاوەڕوان بووین بیکەین ئێستا کردمان بە پاککردنەوەی ڕیزەکانی ئەرمەن لە بێگانە، ئیدی ڕۆژگاری زێڕینمان بەسەر چوو و کانی ئەدەبو مۆزیکمان چکی کردو منیش سایلی کوردانی تر مایل بە هەندەران بووم)، ئەسلیکا دوای تۆمارکردنی خەرمانێک لە سترانی ڕەسەنی کوردی وەکو(مەتێ)و (لۆرکە)و (قاسمۆ)و (گولیزار)هتد. ئێستا دوارۆژەکانی تەمەنی لە ئەورووپا بەسەردەباتو تائێستاش نەزانراوە ئەو هۆنراوەیە (کە هەندێک پێیانوایە هی سەبری بۆتانی یە) هی کێیەو چۆن گەیشتۆتە دەست ئەسلیکاو عەگیدی جەمۆ.



عەگیدی جەمۆ




چیای ئارارات

وەڵاتێ مە کوردستانە
جەهـ و مەسکەنی مە کوردانە
وەڵات ژ مەرا ڕۆحو جانە
میللەت هەموو برانە
جەهـ و مەسکەنی مە کوردانە
تەمام باخو بێستانە
وەڵات گوڵو گوڵستانە
میللەت هەمو برانە
وەڵاتی مە پڕ شیرینە
مێرگو چیمەنو زەڤینە
قیزو بوکە وێ تەڤ جیندینە
کوردستانا مە زەینەتە
جمعەتا وێ پڕ حورمەتە
تەمام قەدرو قیمەتە
وەڵاتی مە جەنەتە

## کیها مێرووڵەو قولەی کام قافا؟!

# خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا، مێرووڵە نەچێ چاکە بەگژ قوللەیی قافا


شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**دیارە** منو هەموو ئەوانی وەکو منیش نابێ هیچ گومانمان لەوە هەبێ کە دەڵێن شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکێکە لە کەڵە شاعیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو فەطاحلەکانی شیعر بە چوار زمانی کوردیو عەرەبیو تورکیو فارسیو ئەدمۆنزیش پەنجەمۆری شایەدومانی بۆ ئەو ڕاستیە داوەو، شیعر هۆنینەوە بەلایەوە لە کردنی هەویر بە نان ئاسانتر بووە، شێخ ڕەزای نەمر ناهەقی دەرهەق بە زۆر کەسایەتیو بنەماڵەو عەشیرەتیش کردووە چ بە زیاد هەڵکیشانیان، چ بە داشۆرینیان، خۆ ئەگەر یەکێک داخوازیەکانی بۆ ڕاییکردبێ وا بەرزی کردووتەوە سەری گەیاندووە بە بورجی عاجو قولەی قافا بە ئاوەژووشەوە وای بە حاڵی ئەوەی بێ دڵیەکی کردبێو مەرامو مەقسەدێکی بۆ فەراهەم نەکردبێ کارێکی پێکردوە با بە دەوارە شڕەی عارەبی بیابانی نەکردووە وا سفتو سۆی شکاندوە لە عەردی غارای بردووتە خوارێ، وێڕای ئەوەش شیعرەکانی هەریەکەیان بۆ خۆیان دانەیەکن لە گەوهەرێکو زۆربەشیان لە دەراوی موناسەبەتگەلێک ئاو دەخۆنەوەو مەعلومن بۆچیو بۆ کێ.. هتد وتراون، بەڵام شیعرە ناودارەکەی (خزمینە مەدەن پەنجە لە گەڵ عەشیرەتی جافا) تا ئەم دواییەش کە ئەدیبی زاناو لێکۆڵەری بەتوانا محەمەدی حەمە باقی لوغزی موناسەبەتەکەی هەڵنەهێناو لەودیو سڕوتڕی ئەم موناسەبەتو شەڕەی هەڵنەماڵی نەدەزاندرا ئاخۆ دەبێ خێڵی مەزنو ناودارو بەدەسەڵاتی جاف کام عەدووی کردووە بە بووکی نێو زەفافاو نووکی

ڕمی کوڕانی جافی کردووە بە نافیانا! ئەوێ ڕۆژی خەیاڵی سادەو هزری بێ ئاگای من لە دەوری ڕۆم یان عەجەم دەسووڕایەوە کە بە شەڕەنگێزی خۆیان هاتوونەتە مەیدانی مەسافو پەنجەی شکاویان داوە لە پەنجەی دلێرانی جاف، ئەو شیعرە وا ڕەواجی پەیدا کردبوو لە هەمو سەردەمێکا پەنجەمان پێ ڕادەشەقاندو هەڕەشەمان پێ لە ناحەزانو داگیرکەرانی کوردستان دەکرد، ئەفسوس دەرکەوت قوچ هاتین بەسەر پوچا پاشێخ ڕیسەکەی لێ کردووینەوە بە خوریو واقیعی شیرینی لێ کردینەوە بە خەیاڵ پڵاو و قاوەی تاڵی دەرخوارد داین، شێخی زانا دیسان خەساری کرد مەرهەمێکی دی، دەرکەوت ئەو مێرووڵەیە لەگەڵ ئێلی مەزنو کوردپەروەرو ڕووناکبیری فەیزوڵڵابەگیانی موکریانو قولەی قافەکەش کە مەعلومە لەگەڵ عەشیرەتی جافی لە ڕۆستەم ئازاترو لە حاتەم سەخیتریتیو، بەپێی بەڵگەکانی کاکە حەمە کە دۆزیتیەوە هەقیقەتی شەڕەکە پێچەوانەیەو ئێلی جاف کە هەمیشە ئێلاغو قشلاغیان کردووەو بەدوای لەوەڕو بە دەستهێنانی پاوان بۆ مەڕوماڵاتەکانیان هەر لەسەرحەدی خانەقینەوە بگرە بە شاکەلو کەلارو دەراو دەراوی سیروانو شارەزوور ڕۆیشتوون تا دەگاتە سەر مەرزوبومی خاکی موکریانو گوایە زۆرکاریو سەرچڵیان بەسەر خاکو پاوانی بەگزادەکانی ئێلی فەیزوڵلابەگیەکانی موکری کردووەو لەوێ لە دەوروبەری سەقز قەوماندویانە، ئەگەر بە هەڵە نەچووبمو ئەنگاوتبم بە لێبووردنەوە لە گیانی شێخ ڕەزای خوا لێ ڕازیبوو دەبێ لە پای خۆشەویستی بۆ بەگزادەکانی جافو لوتفو مەرحەمەتو مەکرەمەی بنەماڵەی وەسمان پاشا بۆ پاشێخ ئەو شکستەیەی بۆ نەکردبن بە سەرکەوتنو ئەو شاکارە مەزنەی بۆ نەهۆنیبنەوە؟!و حاجی سەلیم خان (سەرتیپ خان) گەورەی ئێلی فەیزوڵڵابەگیشی ناچار کردووە لەسەر هەمان سەبکو ڕیتمو بە توندی وەڵامی ئەم شیعرە بداتەوەو ناسرەدین شای قاجاریش بە خەڵاتو بەرات لە پای سەرکەوتنیان بەسەر جافدا فەیزوڵلابەگیان بەسەر بکاتەوەو ئافەریننامەیان بۆ بنێرێ.



**جوامێرانی فەیزوڵڵا بەگی موکری**

شیعرەکەی شێخ ڕەزا:

خزمینە، مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا
مێروولە نەچێ چاکە، بەگژ قوللەیی قافا
کێ بێ لە دلێرانی عەشایر، کە نەچووبێ
وەک تیری ئەجەل، نووکی ڕمی جافی بەنافا!
چونکە ڕەسەنن، وردو درشتیان هەمو جەنگین
مەی سارییە نەشئەی، چ لە دوردا، چ لە سافا
وابێ غەمو پەروا دەچنە عەرسەیی هەیجا
تۆ ناچییە سەر، دۆشەکی بووکێ لە زەفافا
خوێنرێژو شەڕەنگیزو عەدوومەندو زەفەرمەند
کام کە گەنە، وەک شێرە لە مەیدانی مەسافا
عوسمان بەگیان، ئامرە، وەقتێ کە دەڵێ: دەی
دێنە جەوەلان، هەروەکو (حاجی) لە تەوافا
یاتون الی الحرب صغارا و کبارا
یسعون الی الامر ثقالا وخفافا
خواهم ز خدا هر که شود دشمن جاهت
کۆتی لە دەسا، دەس لە ملا، مل لە تەنافا
لوتفێ بکە با (شێخ ڕەزا) بێتەوە گوفتار
حەیفە بڕزێ تیغی موجەوهەر لە غیلافا


ناسرەدین شای قاجار


عادیلە خانمی جاف

وەڵامەکەی حاجی سەلیم (سەرتیپ خان) بۆ شیعرەکەی شێخ ڕەزا:

نەتبیستووە چەند ساڵە، لەمەوبەر، لە مەسافا
هەر جافە، دەچوو نوکی ڕمی موکریی بە نافا
حازر نەبوو ئەودەم، کە بەڕم حاجی سەلیم خان
دەیکرد جەوەلان هەروەکو تۆفێ لە تەوافا
تیپی عەدوو، وەک پۆلی قولَنگ، ئەو وەکو شەمقاڕ
تێکی دەشکاند، یەک یەکو دەیخست لەمەسافا
(شێخ) بێخەبەرە، لەم قسە مەشهورە، لە ئافاق
حەربەی ڕمی ئەوبوو، کە بەجێما لە غیلافا
هەروا کورە جاف بوو، لەبەر زەربی دلێران
ناڵینی دەهات، هەروەکو بووکێ لە زەفافا

يرمون من البأس تلالا وجبالا
يكنون من الروع شعاعا و كفافا
زۆر كەس، لە جەوانانی ئەوان بوو، بە ئەسیر هات
دەست بەستەو تەن خەستەو گەردەن لە تەنافا
چاك بوایە، نەكات مەدحی ئەوان، نەك بڵێ مونسیف
ئەم مەدحە، كە (شێخ) فەرمویەتی، لافو گەزافا
بۆ مەدحی ئەوان، كافییە(شێخ) بێتو نەزەر كات
مەعلومە كە مەعنای لە لوغەتدا چییە:(جافا)

دەركەوت ئەو شیعرە لە موناسەبەتێكی شكۆمەندانەو سەركەوتنی كوردان بەسەر داگیركەران نەهۆندراوەتەوە، بەڵكو لەناكۆكی كورد بە كورد وتراوەو خوێنی كوڕانی هاوخوێنی جافو كوڕەكوڕەی فەیزوڵڵابەگیانی تیا ڕژاوە.

ماوە لێرەدا ئەسڵی مەقسەد بێژم، چیدی ئەو شیعرە بە كەڵكی ئەوە ماوە هەندێ لە سیاسیەكانو سەركردەكانمان لە ناكۆكی نێوان خۆیانو بۆ پاكتاوكردنی یەكدی پەنجەی پێ ڕابشەقێنو هەڕەشەی پێ بكەن و قەڵای یەكدی پێ بڕوخێنن؟! یان تەنها وەكو شاكارێكی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەبیاتی كورددا بهێڵدرێتەوە.


**سەرچاوە:** مێژوو ئەدەب – محەمەدی حەمە باقی.



**دلاوەرانی عەشیرەتی جاف**

## کارلێنی چاچانێ

# هۆزانڤان، ڕۆژنامەوانو دیرۆکزانێکی زانای کورد لە ئەرمەنستان



کارلێنی چاچانێ

**قسەکردن** دەربارەی کوردانی تاراوگەو دەرەوەی خاکی کوردستان نەخاسمە کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران بە گوزەرکردنێکی کرچو کاڵو سەرپێیانەی من مەلۆیەکیش ناخاتە سەر خەرمانی پڕ بەرەکەتی دونیای ویژەو ئەدەبیاتیان، مەگەر ئەوە ئەرکی دەزگا ڕووناکبیریەکانی کوردستانە، بۆ شکاندنی شەقلی ڕەوسەی زێڕینی چاندو کەلتووری کوردانی سۆڤیەتی جاران هەر ئەوەندەم لە دەست دێ چنگێک زەکاتانەی خۆمی لێ بسەنمو لە ملوانکەی کاروانی ئەو تێکۆشانە کەلتووریەیان ئەوجارە دانەیەک لەو ملوانکەیەو یەکێک لەو کەڵە نووسەرو هەڵبەستڤانو دیرۆکنووسە بخەمە بەر دیدی ئەوانەی کە ئەو سنوورە لەعنەتیانە بواری پێ نەداون حەزو خەیاڵیان لەو مەرزوبوومانە دەربازبێو چەشەی ئەدەبیان بە مراز بگات.


کارلێن کوڕی ئارامی چاچان لە ٢٥ی دوامانگی ١٩٢٩ ی زاینی لە گوندی جەرجەریسی (ئێستا دێرکای پێ دەڵێن کە کوردانی ئێزدی تێدا بنەجێنو دەکەوێتە هەرێمی ئەلەگەزێ) چاوی بە سپیاتی زیوینی بەفرستانی کێوەکانو دۆڵو نهالی وڵاتی ئەرمەنستان هەڵیناوەو لەنێو ماڵێکی کوردانەو تژی لە عورفو عاداتو دابی تایبەتی دیوەخانو مەجلیسی پیاوماقوڵان بە پاشکەوتووەو لە خێزانێکی کوردپەروەرو مەست بەسۆزی کوردینیو ئازادیخوازی پەروەردە دەبێو هەر لە منداڵیەوە گوێچکەکانی گۆش دەبن بە زمانی شیرینی کوردیو ئەدەبی زارگۆتنو فولکلۆریو هونەرە مەزنەکانی باوکیو کەلامو چیرۆکە شیرینو زاگوتنەکانی پوورە(مەیرێ)ی، کە لە دواڕۆژدا کۆیان دەکاتەوەو لە چاپیان دەدا.

لە ساڵی ١٩٤٨ی زاینی قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن لە گوندەکەی خۆیان تەواو دەکات و لە ساڵی ١٩٥٢یش خوێندنی زانکۆ تەواو دەکاتو دەبێ بە مامۆستای وانەبێژیو پاشان لەڕادیۆی کوردی ئێریڤان دەستبەکار بووەو لە ساڵی ١٩٥٥ تاکو ساڵی ١٩٦١ لەڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) بە سەرویری بەشی چاندو وێژە دادەمەزرێو لە ساڵی ١٩٦٠دا بووە بە ئەندامی یەکێتی نووسەرانو ڕۆژنامەوانی سۆڤیەت و لە ساڵی ١٩٦٦ بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی ئەرمەنستان هەڵبژێردراوەو لەساڵی ١٩٦٥ تێزێک ئامادە دەکات لە سەر مژاری (دۆستایەتی هەردوو گەلی ئەرمەنو کورد لە سەد ساڵی ١٩-٢٠)دا بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەردەگرێو بە تێزی (دیرۆکا عەلاقەیین ئەرمەنیانو کوردان یا چاندی د سالێد ١٩٥٠-١٩٨٠ ی شدا نازناوی پرۆفیسۆری پێ بەدەستدەهێنێ.

لە شەستەکاندا هەڵبەستە پڕ مەبەستەکانی لەڕۆژنامەو گۆڤارو بلاڤۆکەکانی ئەرمەنستان بە زمانی کوردی و ئەرمەنیو ڕووسی چاپ دەکرێ، لە سەرەتادا خووی دابووە ئەدەبی زارۆکانو لەژێر ناوی (ئەحمەدێ عگید) لە ساڵی ١٩٥٨دا لە یەریڤان هەڵبەستەکانی بە کوردی بڵاودەبنەوەو پاشان بەرهەمەکانی (شێر و کەو)و (دلو وەتەن)و (باقە تاڤ)و (زەرێ)و (زینێ) بڵاودەبنەوەو زۆریش لە هەڵبەستەکانی خۆی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی ڕووسی، ئەرمەنی، عەرەبی، گورجیو ئەڵمانی و گەلێک لە هەڵبەستەکانیشی لە (بەهارا تەزە) بڵاودەکرێنەوەو خاوەنی بەرهەمی ناوداری (ڕادوگا-کەسکو سۆر)ە کە بەرهەمێکی بەنرخو پڕ وەزن و حەزلێکراوەو هەندێ لە بەرهەمە زانستیەکانیشی وەکو (کوردێن ئەرمەنستانی سۆڤیەتی د ناڤ چڵ ساڵاندا)و (گۆڤارو ڕۆژنامەیێن ئەرمەنیان لەسەر کوردان د ساڵێن ١٨٥٠-١٩٢٠ بەڕووسی و بە کوردی)و (مێرخاسیا کوردانو ئەرمەنیان لە دەرسیمێ لە دژی تورکیا) لەلایەن زانایانو پسپۆڕانو خوێنەرانی بەتوانا هەڵسەنگێندراونو بەرز نرخێندروان. لە ساڵی ١٩٨٣ی زاینی لە وەشانخانەی (سۆڤیەتی سکێل پیساتێل) لە موسکۆ هەندێ لەبەرهەمەکانی بەڕووسی چاپکراونو زیاتر لە سەد گوتاری لەسەر برایەتی نێوان کوردو ئەرمەن نووسیوەو زیاتر لە



یەریڤان پایتەختی ئەرمەنستان




یەکێک لەکتێبە چاپکراوەکانی

پانزه کتێبی بەرهەمهێناوەو چەندین خەلاتی لەلایەن دەولەتی ئەرمەنستان پێبەخشراوەو لە سالی ١٩٦١ بەدواوە تا دواڕۆژەکانی تەمەنی لە بەشی کوردناسی ڕۆژهەلاتیی ئەکادیمیای زانستی ئەرمەنستان وەکو زانیارێک تێدەکوشیو ماوەی سالێکیش سەرۆکی ئەو بەشە بووە.

کارلێنی چاچانی، دیرۆکزان، وێژەوان، ڕۆژنامەوانو زانای بە قەدرو قیمەت لە ٩ی نیسانی ٢٠١٢ لە تەمەنی ٨٣ سالیدا بەرهەمو ڕەنجی پڕ گەنجی خۆی بۆ نەتەوەکەی جێ دیلێو مالئاوایی لە ژیان دەکات و لە ١٢ی نیسان بە حورمەت و شکۆمەندیەوە لە واری زارۆکییو مەوتەنی بابو کالی خۆی گوندی دێرک بە خاک دەسپێردرێ، هەرچەند ئەو بە دل هەمیشە لە کوردستان بوو بەس بە داخو حەسرەتی بینینی نیشتمانی گەورەی دایک سەری نایەوە.

## کوردستان

من نەدی یە کوردستان
لێ دلی من ئەو دی یە،
من نەدی یە کوردستان
لێ حوبا من جەم وێ یە.
من نەدی یە کوردستان
ئو گولێ وێ نەچنی یە،
لێ ئیمداتو مکانە،
گاڤو سحەت جەم منە،
من نەدی یە کوردستان
من نەدی یە گولستان،
من خەونێدا ئەو دی یە،
عەینسی دارا زەعقێ یە،
خازل خەونا من ڕاست بویا،
کوردستان ئازا بویا
قاناتێ خۆ باکرا
دەنگ سەدا وێ سەکرا،
فرقاس کرا بچوما،
ئو ل ور پەیا بوما،
خون تەمارێ دلێ من
برا تەزە بەند بونا.

# پەروین موشیر وەزیری

## دەنگێکی دڵنشین و زوڵاڵ، بێژەرو شیعر خوانێکی ناسک خەیاڵ



پەروین موشیر وەزیری

**ڕۆژگارێك** بوو دونیای میدیاو هۆکارەکانی گەیاندن وەکو ئێستا ئەوەندە زەبەندو پێشکەوتوو نەبوون، ڕادیۆکانی کوردی جێگرەوەی هەموو هۆکارە نوسراو و بینراو و بیستراو چاپەمەنیەکان بوون، ئەگەرچی مەبەستی سەرەکی داگیرکەرانی ئەوێ ڕۆژێی وڵاتی کوردستان لە دامەزراندنی ئەو ئێستگایانە زیاتر بۆ پرۆپاگندەو بانگەشەکردن بوو بۆ خۆیان و ڕامکردنی خەڵکی کورد بە سیاسەتەکانیان و باڵکێش کردنیان بوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئایدۆلۆجیاو مەرامی حکومەتەکانیان، بەڵام ئینکاری ناکرێ کە ڕووناکبیرانو نوسەرانو هونەرمەندان و نیشتمانپەروەرانی کوردیش ئەو هەلەیان قۆستەوەو بە دەرفەتیان زانیو لەو گۆشەنیگایەوە دەرگایەکی فراوانیان ئاوەڵا کردو هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان جۆشداو بەرنامەکانی ئەم ڕادیۆیانەیان خستە خزمەت زیندووکردنەوەو فراژووکردنی ڕۆشنبیریو هونەریو فەرهەنگی کوردو گەشەپێدانی چاندو کەلتوری میلەتەکەمان و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، هەر یەک لە ڕادیۆ کوردیەکانی بەغدا(١٩٣٩تا ٢٠٠٣)و ڕادیۆی یەریڤان (١٩٥٥ تا ٢٠٠٥)و قاهیرە(١٩٥٧ تا ١٩٦٨)و کرماشانو تاران (١٩٤٦-١٩٧٨ دەورەی یەکەمو ١٩٧٩-٢٠٠١ دەورەی دووەمو ٢٠٠١-٢٠١١ دەورەی سێهەم کە لە سەرەتادا بە جیهازێکی بێ سیم و بە یەک کیلۆ وات پەخشی دەکردو پاشان بوو بە ١٠٠ کیلۆ وات کە سەرتاسەری جیهانی دادەپۆشیو ماوەکەشی زۆر درێژ کرایەوەو سیو شەش ساڵ گەورەترین خزمەتی کرد) و باقی ڕادیۆ ئاشکراو نهێنیەکانی دیکە چەندین لاپەڕەی زێڕینیان لە مێژووی گەلەکەماندا تۆمار کردو ڕازاندەوە کە شایەنی ئەوەن چەندین تێزو نامەی ماستەرو دکتۆرایان لەسەر بنوسرێ کە مخابن تائێستا کەس خۆی لە

قەرەی ئەم ئەرکە پیرۆزە نەداوەو کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پێ پڕ نەکراوەتەوەو ئاوڕێکیش لەو هەموو شۆڕەسوارو سەربازە وونانە هەر لە بێژەرو بەرنامەسازو نوازندەو موزیسیونو ئاهەنگسازو هونەرمەندانو کارمەندان نەدراوەتەوە، دەڵێن ئەوە زۆربەی سیاسەتوانەکانن گەلێ جاران وولات لەبەر دڵی هاولاتیان دەخەنو ناشیرین دەکەنو هەندێ کەرەتیش توشی جەنگو تالانو مالوێرانی دەکەن لە کاتێکدا شاعیرو ڕووناکبیرو هونەرمەندان ولات شەکەر بارانو لەبەر دلان ئازیزو شیرین دەکەن. دیارە شیعر هەستو نەستی شاعیرە لە دەربڕینێکی بە وەزنو قافیەو لە فۆرمێکی هونەری جیاجیاداو بە مەرجێ شێوازو ئاوازی ئەو دەربڕینەش لە هەمانکاتدا ئاوێنەو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێ و سرنجی گوێگرانو خوێنەرانی بالکێش بکاتو هەستیان بجولێنێو هەندێ جاریش ناخیان بهەژێنێ، ئەگەر شیعرو هەڵبەستو پەخشان هونەربێ، ئەوە خۆ خوێندنەوەشی هونەرێکی بالایەو تەواوکەریەتی، شیعر خوێنو خۆشخوان گورو تینێک دەدەن بە فۆرمو مەبەستی شیعرەکەو شیرینتری دەکەنو تێگەیشتنو گەیاندنی بە تایبەت گوێگرانی ئاسانتر و بالاتری دەبەن، دیارە مەرج نیە هەمو شاعیرێک شیعرخوێنێکی چاک بێ بەلام گوێندەو شیعر خوێنی بەتوانا ڕۆح دەکەن بەبەر شیعرو بە پێچەوانەش کاولی دەکەن، مایەی بەدبەختیمانە کە زۆربەی کورد شاعیرن بەلام دیکلەمەچیو شیعر خوێنی چاکمان کەم تیا هەلکەوتووە. پەروین خانم دەڵێ: ( گەلێ جار هەستێکی نادیاری پالم پێوە دەنێ کە لە بەرامبەر پەیکەرەی شیعرەوە سوجدەیەک بەرم کە هەرگیزاو هەرگیز دلسوتاوەکانی ڕێی ئەوینی یەزدانی وەها سوجدەو کرنۆشێکیان بۆ نەبردبێ، شیعر زبانی هەربوونە، فریادی دلی کەیلی تاسەیە بۆ گەیشتن ).


پەروین خان

یەکێک لەو کەلە دیکلەمەچیو خۆشخوانانەی ڕادیۆی کرماشانی جاران کە ئەوێ ڕۆژێ کام گەنجو عاشقانی سەوداسەر هەبوون لە بەرنامەکانی(کاروانی شیعرو مۆسیقا) ی ئەو ڕادیۆیە بە دەنگە زولالو قورگە پاکو سەدایە دلنشینو پڕ لەرینەوەو ئاوازە بەجۆشو خرۆشەکەی خانم پەروینی موشیر وەزیری خۆ ڕابگرێو مەستو حەیران نەبێو هەمیشە ئەو دەنگە بەسۆزو پڕ لە هەموو ڕەنگەی ئەو خاتونەی لەگوێدا نەزرنگێتەوەو هەر لەو کلاورۆژنەشەوە ئاشنا بە نالیو سالمو تاهیر بەگو هەردیو


باڵەخانەی رادیۆی کرماشان لە خانەی خدێوی

گۆران‌و مەولەوی...هتد نەبن‌و دیدو خەیاڵیان بە ڕۆحی ئەو کەڵە شاعیرو کلاسیکیانەش ڕۆشنا نەبێ. ڕاستە ڕادیۆی کرماشان کە زۆرترین گوێگرانی هەبوو و بە نرخترین شوێنەوارو کاریگەری لەسەر زەوقی گوێگرانی بەجێهێشت بەتایبەت بەرنامە شیرینەکانی(ئێمەو گوێگرانی خاتوو میدیای زەندی) و(هەوارگەی دڵان)ی سەید تاهیری هاشمی‌و پەروین موشیر وەزیری‌و (کاروانی شیعر و موسیقا)ی شکروڵڵای بابان‌و پەروین و (چیرۆکی شەو) کە لە زۆربەیاندا پەروین خانم شوارەسواری مەیدانەکە بوو. دەبێ بڵێین ئەو هەموو خورشیدو خاوەرەم بۆ ئەوە بوو ئەو کەڵە شیعرخوانەتان زیاتر پێ بناسێنم.

ئەو کچی مەرحوم کەریم خان موشیر وەزیری ئەردەڵان‌و لە بنەماڵەی (مشیر الدیوان)ە (کە ڕۆڵێکی بەرجەستەو گرنگیان گێڕاوە لە خزمەت کردنی شاری سنە، خێزانی ئەسعەدی شێخ سیراجوددینی نەقشبەندی یە، لە ١٩٤١/١٢/١٨ لە شاری جوان و دیاری سنە لەدایک بوو، لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕادیۆی کوردی کرماشان وێرای میدیای زەندی‌و زەهرای نائیبی لە توخمی ژن بە بێژەر دامەزراوە، لە بەرنامەی جوتیاران بە (سڵاوت لێ بێ فەلای خاوەن شەن و داس، کە بیرو باوەڕت پاکەو قسەت ڕاس) کە بۆ پروپاغندەی ڕیفۆرمی زەوی و زار بوو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاو هەر زوو تواناکانی خۆی نیشانداو ڕەچەی بێژەری خۆی دیاری کرد. دوای ڕۆیشتنی میدیای زەندی لەگەڵ ئوستاد موحەمەدی کەمانگەر بەرنامەی(ئێمەو گوێگرەکان)و هەواڵەکانی بە زاراوەی سۆرانی پێشکەش دەکردو لە ساڵی ١٩٦٧ چووە ڕادیۆی کوردی تاران‌و لە بەرنامەی(تاپۆو بۆمەلێل)ی سوارەی ئیلخانی زادە هاوکار و گوێندەی (چیرۆکی شەو)یش بوو.

لە ساڵی ١٩٧٠ جارێکی دی گەڕایەوە ڕادیۆ ئازیزەکەی کرماشان تا ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ شێخ ئەسعەدی سیراجودینی هاوسەری(کە ئەویش سەرەتا وەکو پەیامنێر هاوکاری ڕادیۆ بوو) مانەوەو پاشان گواستیانەوە بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیونی سنە تا ڕووداوی شۆرشی ئیسلامی‌و لە ساڵی ١٩٧٩ هاتە عێراق‌و هاوکاری تەلەفزیۆنی کوردی‌و ڕادیۆی بەغدا - پەخشە فارسیەکەی بوو، سایل بە چارەنووسی زۆربەی نیشتمانپەروەران ئەوانیش لە لەندەن مایل بە پەناهەندەیی بوون‌و لەوێ لەگەڵ هونەرمەندی ناودار مەزهەری خالقی و کەسانی دیکە چەندین بەرنامەو چالاکیان نواندو ڕێک هاوڕێککەوتی لەدایکبوونەکەی لە ٢٠١٠/١٢/١٨ بە حەسرەت دیداری مەڵبەندی باوانی‌و لە تەمەنی (٦٩)ساڵیدا بە نەخۆشی دڵ لە خەستەخانەی(ڕویال هۆسپیتەل) چاوی لێک ناو و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە عاشقانی دەنگە بەسۆزەکەی کردو لە خاکو نیشتمانی تەریقەت، لە خانەقای بیارە ئەسپاردە کراو کوڕێکو کچێکی لە پاش بەجێما.

ئەو دەنگێکی زۆر گونجاو ئاوازەو لەباری هەبوو بۆ شیعرو پەخشان خوێندنەوەو بێژەری و پێشکەشکاری بەڵام لە سەرەتادا بەرنامەکانی (کاروانی شیعرو مۆسیقا)و (هەوارگەی دڵان) بە گوێگرانی ناساندو پاشان بوو بە ڕوخسارو دەنگێکی ناوازەو و دەگمەنی بواری ڕاگەیاندن وگەیشت بە ترۆپکە.

ماوە بڵێین ئەوە مشتێک بوو لە خەرواری بەرهەم‌و تێکۆشانەکانی پەروینی بێژەرو شیعرو پەخشانخوان و وەرگێڕو نوسەر، یادو یادەوارەی بەخێرو هەر گەشاوە بێ لاپەڕە زێڕینەکانی لە تۆماری چاندو هونەرو میدیا کوردی.

یادێکی موحەممەد
عارفی جزیری

# ئەو هونەرمەندەی بە ستران و لاوکەکانی زۆرترین پانتایی گوێگرانی کوردستانی داگیر کرد


محەمەد عارفی جزیری

**دیارە** بابی کەریم زۆر لەوە ناسراوترو گەورەترە کە بابایەکی نە هونەرمەندو نە دەنگخۆشی وەکو من بیو بە گوێگرانو خوێنەرانی بناسێنی، بەلام بۆ دەبی دەنگبێژانو هونەرمەندانی کرمانجی ژووروو لە جەم کرمانجی ژێری ئەوەندە گرنگی پی نەدری! و بە پێچەوانەشەوە مەگەر نالێن کورد هەموو برانو رۆژیش نیە بە بۆنەو بی بۆنەش هەرچی هەلدەستی لەسەر شاشەکان دروشمی چوار پارچەکەی کوردستان دەکات بە بنێشتەخۆشەی سەر زمان، زیاتر لە سی سال بەسەر مالئاوایی ئەم کەلە هونەرمەندە (١٩١٢-١٩٨٦) تێپەڕ دەبی، لەبەرئەوەی ئەو دیاردەیەکی هونەری ناوازەو دەگمەن بوو و هەرگیز دووبارە نابێتەوەو سروشتیشە کە هەندی ئالۆزی هەبی لە ژیانیدا هەروەک هونەرمەندانی دیکەی کوردو بە یەکێک لە کۆلەگەکانی هونەری کوردی دادەنری، بۆ درێژەدان بە ڕێچکە هونەرییەکەی سەیدا موحەمەد عارف زۆر هونەرمەندی دی لەسەر هەمان ڕیتمو ئاواز سترانو مەوالیان چڕیوە، گەر هونەرمەندانێک هەن شوێنەواری دیاریان داناوە لە مێژووی هونەرو ڕۆشنبیری گەلەکەیان وەکو ئوم کەلسومی عەرەبو شەجەریانی فارسو...هتد ئەوە ئەو کوردگەلەی خۆشمان لەوان زیاتریشی هەیە کە شانازی پێوە بکات. ڕاستە دەنگبێژی پانتاییەکی مەزنی لە کەلتووری کوردا داگیرکردووە، بەلام زۆربەیان لە سنوورێکی جوگرافیای دیاریکراودا تێپەڕی نەکردووە کەچی کەلە هونەرمەندانی وەکو حەسەن زیرەک وماملێ و تایەر تۆفیقو محمد شێخو عەلی مەردانو شاکرۆ...هتد. لە دەرگای هەموو مالە کوردێکیان داوەو خۆیان پی ناساندوون لەوانەش موحەمەد عارفی

جزیری کە خەرمانێکی مەزنو لە مشەی لە لاوکو سترانو مەوال بۆ نەوەکانی دوای خۆی داکردووەو خزمەتێکی بێ وێنەی بە چاندو هونەری گەلەمان پێشکەش کردووە، ئەو کەسایەتیەکی مەزن بوو لە دونیای دەنگبێژیداو دەنگی عارف لەو دەنگانەیە کە ناوازەو پاکو ڕوونو بەهێزو پڕ سۆزبوو تەنانەت سترانەکانی بەتامو چێژو هەست بزوێنو سادەیی لە ووشەکان وخاوەن سەبک و ڕیتمێکی تایبەت بە خۆی بوو، بەشداریی دەیان کۆنسێرتو ئاهەنگی ناو عێراق و دەرەوەی وڵاتی کردبوو، نزیکەی (٣٥٠) گۆرانی لە ڕادیۆی کوردی بەغداو تەلەفزیۆنی کەرکوکی جاران تۆمار دەکاتو (١٠) نەوار( بەکرە )ی تۆمار کراوی هەیە، تازە کۆمپانیای گۆرانی تۆمار کردن پەیدا ببوو لە عێراق کە خاوەنەکانیان فەلەو جولەکە بوون کە ئەڵماس خان دەنگی لەسەر سەفحە (قەوان) لە ساڵی ١٩٢٦ تۆمارکراو لە ساڵی ١٩٣٤یش موحەمەد عارفو مریەم خان یەکەم قەوانیان بۆ تۆمارکراو کردنەوەی ڕادیۆی کوردی بەغدا لەساڵی ١٩٣٩ دەرگایەکی گەورەی بۆ عارف کردەوە کە وێڕای ئەو (١٤) قەوانەی چەندین سترانی دیکەی بۆ تۆمارو پەخش کرا کە بۆی بوون بە زیاتر ناسینو ناوبانگیو هەر لەوێش بە هونەرمەندان عەلی مەردانو تایەر تۆفیقو حەسەن زیرەک ئاشنا دەبێو زۆر لە هونەرمەندەکانی عێراقی دەناسیو سەرەڕای ئەوەش بە ناو شارە کوردیەکاندا گەڕاوەو لە مەجلیسو موناسەبەتەکاندا بەتایبەت لە نەورۆزدا چەندین ئاهەنگی گێڕاوە، کە دەبێ بە خاوەن ژنو منداڵیش تیپێکی ئایینی لەگەڵ هەندێ هونەرمەندی دی دادەمەزرێنێو گۆرانی ئایینی و میللی دەچڕن، لە ساڵی ١٩٤٩دا بە ڕەسمی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا دادەمەزرێ، دوا وەزیفەشی سەرۆکی بەشی مۆسیقا بوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک تا لە ساڵی ١٩٧٤ خانەنشین دەکرێ، دیارە ئەو هونەرمەندە لە ساڵی ١٩١٢ لەشاری جزیرەی بۆتان (مەڵبەندی میرنشینوماڵباتی بەدرخانیەکان) لە خێزانێکی بەلەنگازو نەدار لەدایک دەبێ، عارفی باوکی وەکو سەربازێکی ئیجباری لە جەنگی جیهانی یەکەم تیا دەچێو ناگەڕێتەوە کە لەوەوە فێری زۆر لە چیرۆکو داستانەکان بووەو لە دایکیشی (عەدلە ڕەشید) کە زۆر جاران لە مەولودو موناسەبەتەکان ڕەگەڵ خۆی دەداو لە جەم ویشدا فێری زۆر لاوژەو هەڵبەستو گۆرانی دەبێ،



محەمەد عارفی جزیری و نەسرین شێروانی




ئارامگای محەمەد عارف لەگۆڕستانی شاخکی لەدهۆک

هەر لە زارۆکاتییەوە بەهۆی هەژاریو نەمانی باوکی شان دەداتە بەر ئاستەنگیو زەحمەتیەکانی ژیانو کاری قورس بۆ پەیداکردنی تیکەیەک نان و بژیوی، دوای برانەوەی جەنگو دامەزراندنی جمهوریەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ وەزعی کورد لەوێ زۆر دژوارو ئەستەم دەبێو شاڵاوی لەناوبردنیان دەستی پێ کردو دوای شۆڕشی شێخ سەعیدیش لە ١٩٢٥دا ئەویش بە تۆمەتی ئاودیوکردنی چەک لە کوردستانی عێراقەوە بۆ شۆڕشەکەی باشوور بۆ ماوەی چوار ساڵ لە کونجی زیندانی ڕەشی دیاربەکر دەئاخندرێ، پاشان باردەکەن بۆ لای خزمەکانی دایکی لە زاخۆ و ماوەیەک کاری خەتەنەی منداڵان دەکاتو پاشان لەگەڵ ساڵحی برای دەچنە موسڵ بۆ کارکردنو لە ساڵی ١٩٣٣یش لە دهۆک نازدار خان دەکات بە هاوسەری ژیانی.

جزیری لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ حەسەن جەزراوی دەچنە ڕادیۆی کوردی کرماشانو دەبنە میوانی ئەو ڕادیۆیەو بە خزمەت حەسەن زیرەک دەگەنو لەو ڕادیۆیە چەند گۆرانییەکی نایاب تۆمار دەکەنو لە ساڵی ١٩٦٨ داوەتی قامیشلۆ دەکرێو لەوێ ئاهەنگ دەگێڕێو پێشوازییەکی بەجۆشو خرۆشی لێ دەکرێ، لە ساڵی ١٩٧٣دا لەگەڵ گوڵبەهارو عیسا بەرواری لە ساڵۆنی(ڕیڤۆلی بەیروت) لە لوبنان بۆ کوردەکانی ئەوێ ئاهەنگێک ساز دەکەنو بە هونەرمەند سەعید یوسفیش ئاشنا دەبنو لە ماڵی ئەویش شەوبێرییەک دەگێڕنو لە ساڵی ١٩٧٨یشدا کە عائشەشان دێتە عێراق لەگەڵ ئەویش لە ماڵی عیسا بەرواری لە موسڵ ئاهەنگێکی قەشەنگ و دڵنەواز تۆمار دەکەن، موحەمەد عارف دەیان بەسەرهاتو بەیتو داستان زیندو دەکاتەوە وەکو خەجو سیامەندو فلیتی قەتۆو ئەمینی پەریخانو لەعلی خانو سمکۆی شکاک، عەیشانی عەلی و یار حەلیمو غەزال غەزالو خەرابۆش یەکێکە لە شاکارەکانی، جزیری مرۆیەکی بەهەیبەتو بەغیرەتو سەنگین بوو، وێڕای گوشارو فشار بۆ چەلاوو پڵاو سەری بۆ ڕژێمی پێشوو نەوی نەکردوو کوردپەروەرو بەهەڵوێست بوو، بۆ دکتاتۆرو قادسیەکەشی سترانی نەچڕیو شوهرەتو شکۆی خۆی نەشکاندوسەری خۆی بەرز ڕاگرت تا لە ١٩٨٦/٢/١٧ دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەکەوێو پاش خۆشی سێ کوڕو چوار کیژو گەنجینەیەکی مەزن لە لاوکو سترانمان بۆ بەجێ دێڵێو تا قەومی کوردیش ماوە دەنگی موحەمەد عارف لەناو دۆڵو نهاڵی کوردستاندا دەزرنگێتەوەو گیانی ئەو کەڵە هونەرمەندەش لەگۆڕستانی شاخکی لەدهۆک دەحەسێتەوە.



قەوانێکی گۆرانی محەمەد عارف لەکۆمپانیای چەقماقچی تۆمار کراوە


وێنەی عارف لەکاتی ستران گۆتن

## ئەحمەد ڕەشوانی

# شاعیرو مامۆستای فێرکار، پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەرو خەباتکار


ئەحمەد ڕەشوانی پێشمەرگە

**خاڵوانو** ڕەشوان دوو گوندی بەناوو دەنگ ودیاری ناوچەی زرارەتـی هەولێرن ماڵی سەید عەزیز لە بنەماڵەی ناسراوی سەید ئەحمەد، ساڵانو عەیامێکی زوو و لەمەوبەر بارگەو بنەیان دەپێچنەوەو بە هەر هۆیەک بێ دڵیان لەم گوندو هەوارە هەڵدەقەنێ تا تیاشیاندایە شنگو هێزی پێ دێنو دێن سەربەرەو خوار لە دەشتی هەولێر تێدەپەڕن بە زورگـەوزراودا ئاودیو دەبن بە کەندیناوەو کەندیناوە لە پێدەشتی کارمامزەکانی بناری قەرەچوغیش ناگیرسێنەوەو لەوێش ئۆقرە ناگرن بە چیای قەرەچوغی ڕەنگین دا سەردەکەونو چاو هەڵدێنو سەیری دەشتی کاکی بە کاکی قەراج دەکـەن، هەیهو، هەیهو چ ببینن، گوڕەی بەهارەو دەشـتو دەر خەملاوە بە سـەوزە گیاو بەیبونو نەسرین و وەنەوشەو گولیلکە نیسانو شنەی شەماڵ کە کەروێشکە بە دەغڵودان دەکات لەلایەکو گرمەو گـەواڵ گەواڵی هـەوری ئـاوسو هـاژە هاژی تـەرزەو بـارانو بەرقو بریقی بروسکەی ئاسمانو قنەقنی هەوێردەو کڕەکڕی کڵاوکوڕەو هونەی چڕگ تێکەڵ بە باڕەباری مەڕو قارەی بزنو حیلەحیلی ماینی کەحێل و لورەو حەپەی سەگو هڕەهڕەی شوانو بگرە بەردەی بێریوانو کابانو زرەی زەنگوڵی ملی شەکو بەران کە لەو دەشتو دەرە دەبێ بە حەشرو هەڵا، تا چاو بڕ دەکات هەر هەوارو دەواری مەڕدار و ماڵە کۆچەریانە، ئەو پیاوەی کە ڕەشوان جێ دێڵێ لەسەر تەوقەڵەی قەرەچوغی ڕەنگین بە عەترو عەبیری ئەو بەهارە نازدار و دیمەنە دڵبەرە مەست دەبێو دەست دەخاتە بناگوێی دەنگ هەڵدێنێو گاز دەکات :

قەراج قەراجە. قەراج لە غێمێ لە بلندانت دەنۆڕمێ، لە نەویانت دەگەمێ، خۆزکە کوریکەک بومایە لە کوریکی نیسانی جوانو بە ئاتاجێ، شین ببومایە لەسەر چیاکەی پیرە قەرەچوغێ رەنگین هەمو دانی سبەینێو ئێوارێ زەینی خۆم بدابایە دەراوی گورگان، سوڵتان عەبدوڵڵاو یەکاوی عارەبان، ناواللە دەشتی کاکی بە کاکی و بەڕمینی کاولە قەراجێ..هتد.

پاشان بەناو ڕەشماڵو دەوارو ڕەوە مامزو هۆبەو هەواراندا شۆڕ دەبنەوە تا لە گوندی مەحسوناوە ئۆقرە دەگرن، لەوێ دڵنشینو جێنشین دەبنو لەگەڵ ئۆمەربلان ئاوێتە دەبنو زارو زیچە دەخەنەوە، لاوێک بەقەد ئەو قەرەچوغە خۆڕاگرو مەند، خوێن گەرمو عاشق بە گەلو نیشتمانەکەی تا خوا حەز دەکات ڕووناکبیرو وڵاتپارێز، مامۆستایەکی فێرکارو شاعیرێکی شۆڕشگێڕو ناسک خەیاڵ کە بەداخەوە گەلەکەی فەرامۆشی کردووەو تۆزی ڕۆژگار لەسەر پرۆفایلو دۆسیەکەی نیشتووە لە زارو زیچەی ئەم سەید ئەحمەدە بە هەمان ناو دێتە سەر ڕووی دونیا.

ئەحمەد ڕەشوانی کوڕی سەید عەزیز نەبیو لە نەوەی سەید ئەحمەدی گەورە، لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری هەولێر وێڕای براکانی هەریەک لە حسێنو مستەفاو مام تەهاو سەید عەلیو خوشکەکانی بەدیعەو فاتمە ئەویش چاو بەم دونیایە پڕ لە بەزم و سەمایە هەڵدێنێ، لە ساڵی ١٩٥٢ دەچێتە قوتابخانەو لەبەر زیرەکی لە پۆلی چوارەم وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ خوێندنی قۆناغی ناوەندی و لە ١٩٦٠ دا خانەی مامۆستایان تەواو دەکاتو لە ساڵی ١٩٦١ دەبێ بە مامۆستا لە گوندی عاڵلای ناوچەی کەندیناوە و لە ساڵی ١٩٦٢ دا لەسەر چالاکی سیاسی فەرمانی گرتنی لەلایەن میریەوە بۆ دەردەچێو خۆی نادا بەدەستەوەو لە دوای گفتوگۆی ساڵی ١٩٦٤ ی شۆڕش لەگەڵ میری دەگەڕێتەوە هەولێر و دەبێتەوە بە مامۆستا لە گوندی قەشقەو دوای سێ مانگ دەگوازرێتەوە بۆ عاڵلاو لە ١٩٦٥ دەگوازرێتەوە گوندی جدیدەی لەکان لەناوچەی قوشتەپە، لە حوزەیرانی ١٩٦٦ دەگوازرێتەوە خوێندنگای هەردی لە هەولێر.

ڕەشوانی هەر لە منداڵیەوە خولیای شیعرو ئەدەب بووە، لەساڵی ١٩٦٧ دا بەشدار بووە لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستانو کۆنفرانسەکانی ناوچەی هەولێر، ئەو ئەندامێکی چالاکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە.

ئەحمەد ڕەشوانی کە سەر هەڵدەبڕێ میللەتەکەی لەژێر باری گرانو جەورو ستەمی دەسەڵاتێکی زۆردارو داگیرکەر لەلایەک و و نەزانینو دواکەوتویی کۆمەڵایەتی، نالەباری فەرهەنگی، پەروەردەییش دایە بە دڵو گیانو لە ڕێگای ڕێکخراوێکی وڵاتپارێزی وەکو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا




**ئەحمەد ڕەشوانی مامۆستا دەرس دەڵێتەوە**

تێدەکوشێ بۆ ڕزگارکردنی میللەتەکەی لە ژێر نیری  زوڵم و دڕدان بە شەوزەنگی کۆنەپەرستی، ئەو خاوەن بیروباوەڕێکی شۆڕشگێری پێشکەوتوو بوو و باوەڕی تەواویشی بە خەباتی چینە چەوساوەکانی کوردستانو بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەبوو و یەکێک بوو لە هەڤاڵە نزیکەکانی مام جەلال و مامۆستا ئیبراهم ئەحمەد.

ڕەشوانی کۆمەڵە چوارینەیەکی شیعری ناسکو جوان لەسەر چاو و برۆ و خاڵو کوڵمو دڵو خوێنو مەیو خەمو...هتد دەنوسێو پاشان لەگەڵ شیعری هەندێ لە شاعیرانی دیکەی کورد لەسەر هەمان بابەت بەیەکەوە لە دیوانێکی قەشەنگ بە ناونیشانی ( فەرهەنگی هەڵبەست ) لە ١٩٦٨ لە بەغدا چاپ دەکات بۆ نموونە لەسەر لێو دەڵێ:

ئەبینم لێوی وەک گوڵ سوور بووە
بە هێمنی چاوی بۆ داخستووە
شەنگی نامێنێ لێو، کە ماندووە
نەک بۆ نەختێ ئاو، بۆ ماچ تێنووە.


فەرهەنگی هەڵبەست

بەغدا : ١٩٦٨

چاپخانەی ئەسعەد

« چاپی یەکەم »

ڕەشوانی هەفتەیەک بەر لە شەهیدبوونی هەڵبەستە ناودارەکەی دەنووسێ کە پاشان لەناو شۆڕشدا لەمەودیو و لەودیودا دەکرێ بە بەرزترین سروودی نیشتمانی :

مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم
کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم
بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم
خەباتم کرد لە ژیانم
هەر بۆ گەلو نیشتمانم


پێشمەرگەیەو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دی تاوڵە دەکات

دەبا لاوان لە یادتان بم
کەقوربانی کوردستانم
ئەو ڕێگایەی من لە بۆی کوژرام
لە نێو گۆڕیشا دڵنیام
کە ئێوەی شۆڕشگێری کورد
وونی ناکەن خوێنو هیوام

یەکێک لە نەریتە دزێوەکانی ناو بزوتنەوەی سیاسی کوردو لە دێرزەمانیشەوە تیرۆری سیاسیە، بەتایبەتی سەربنێست کردنو غافڵکوژی شاعیرو ڕۆژنامەوانو ڕووناکبیران، ئەگەرچی لە حکومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر کەسانی وەکو عارف سائیبو جەمال عیرفانی منەوەر تیرۆر دەکرێن ئەوە بەداخەوە لەو سەردەمەش لە سایەی حکومەتی هەرێم ئەو کاروانە نەگریسە هەر بەردەوامە.

ڕەشوانی لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ لە تەمەنی لاویدا لە ١٩٦٧/١٢/١٣ دوای نوێژی شێوان لەبەر دەرگای مەحکەمە لە هەولێر نزیک بە شوێنی مردنەکەی دڵداری شاعیر دوو دەستی ڕەش تیرۆری دەکەن و لە شەوی ١٤لەسەر ١٢/١٥ لەهەمان نەخۆشخانەی کە دڵدار تیایدا چاوی لێک نا، لە خەستەخانەی جمهوری گیانی دەسپێرێ، بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ئاواتە بەدی نەهاتووەکانی دەکاتو لە گۆرستانی شێخ مەعروف لە باداوە دەنێژرێو شێخ لەتیف بەرزنجی بەم شێوەیە شینی بۆ دەگێڕێ:


ئەمرۆ هەولێر سەراسەر تەمە
لەسەر باداوە ڕەهێڵەی خەمە
گریەو شیوەنی لانەی خامۆشان
خەم ئەبارێنن لەسەر نیشتمان
سوارێ لە سوپای کورد گەڕایەوە
بە نائومێدی سەری نایەوە
نەورۆزان.....هتد



**ئەحمەد ڕەشوانی لەنێوان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال دا**

## وەزیری نادری

# شاعیرو ڕووناکبیرێکی کوردی کەونارای ئەودیوو قەوقاز



وەزیری نادری

**کۆتایی** هەشتاکان بوو لە گرتووخانەی ئەبوغرێب برادەرێکی تورکمانی تۆرانیو تورکخواهمان لەگەڵ بوو، ئەلهەق پیاوێکی ڕۆشنبیرو مێژووزانیش بوو، ڕۆژێکیان لێم پرسی کە ئایا باشوورو ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ئەنادۆل خاکی دێرینی کوردانە یان نا؟ بێ دوودڵی ووتی (وەکو تورکێک دەڵێم نەخێر لەسەر ئەو خاکە نەتەوەیەک نیە بە غەیرەز تورک بەڵام حەقیقەتی مێژوو دەڵێ پێنجصەد سەد و چل ساڵ پێش هاتنو کۆچی تورکان بۆ ئاسیای بچوک ئەوێ نشینگەی باوان و واری کوردو ئەرمەنو گەلانی دی بووە)، جا گەلۆ بڕوانن لە وەتەی ئەو دەوڵەتی عوسمانیو تورکە شوومە سەریان لەو دۆڵ و نهاڵو ناو شاخانە هێناوەتە دەر ئەو خاکی توورووسو زاگرۆسە بوونەتە مایەی نەهامەتی و ماڵوێرانی بۆ گەلانی ڕەسەنی دەڤەرەکەو بەهۆی شەڕانگێزیو جەنگە درێژخایەنو نەگریسەکانی عوسمانلی لەگەڵ ڕووسیای تەزاری گۆرین بۆ ساتێکیش ئەم عێلاتی کوردگەلە نەحەساوەتەوەو لە جەنگجوویيو ململانێکانیان لەگەڵ دراوسێکانیان هەزاران دێهاتو دەواری کورد ڕووبەڕووی ڕەشەکوژیو کۆچڕەو بوونە، پاش عوسمانیش سیاسەتی تورکیای نوێ توزقاڵێک گۆرانکاری باشی بە سەردا نەهاتو لە ساڵی ١٩٢٦دا هەزارو حەوسەد کۆنو ماڵی عەشیرەتەکانی چەولکی، باشکی، بانۆکی لە دەست زوڵمو ستەمو هۆڤیەتی کەمالیستەکان دەربازی قەوقازیا دەبنو لە خاکی سۆڤیەت، لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان دەگیرسێنەوەو لە گوندەکانی قەزای نەخچەوانو ناحیەی شەروری لە گوندەکانی قیقاچ، ئاخیەر، قەرەبری، دەرەکەدە، دەمەرلی، گۆراڤانو



Photo By A.H. Soltani





ناوچەی چەولیک جێنشین دەبن‌و دوانزە گوند ئاوەدان دەکەنەوە،ماڵی وەزیریش ئەوێ ڕۆژێ لەناو ئەو حەشاماتەدا دەبن.

وەزیر جەبار نادری لە ١٠ی گولانی ١٩١١ لە گوندی بۆرالانێ (کورد ئۆمەر) لە کوردستانی باکوور لە خێزانێکی کۆچەری و لە عێلی برۆکای سەر بە عەشیرەتی ڤەرکا لەدایک بووە، سێ ساڵان دەبێ کە جەباری باوکی دەچێتە بەر دلۆڤانیا خودێ، باری گران‌و ئەرکی پڕ زەحمەتی ئەو خێزانە بەلەنگازە دەکەویتە ئەستۆی (نورا مەتۆ)ی دایکی کە ژنێکی سەلارو بەهیمەت وپشت بە خۆ بەستوو بوو، لەبەر دژواری ژیانیان وەزیرو براکانی شان دەدەنە بەر کاری شوانکارەیی‌و ڕێنجبەری، نورا خانم وەزیری کوڕی دەخاتە بەر خوێندنی حوجرەو لەوێ فێری زمانی تورکی‌و فارسی دەبێ، لەبەر زیرەکی‌و زرنگی دەبێتە خۆشەویستی مامۆستاو هاوەڵەکانی، و بە حەزەوە هەر زوو خولیای شیعر دەبێ، لە ساڵی ١٩٢٨لە خوێندنگای گوندەکەیان(سێردەرکێ) لە ناوچەی نەخچەوان خوێندکاری ناوەندی بوو و دواییش دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی سێردەرکی‌و چەولکو لە ساڵی ١٩٣٣یش دەکرێ بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی چەولک، زۆر نامێنێتەوە لە پایزی ئەو ساڵە ماڵیان دەچێتە ئێریڤان‌و دەبێ بە مامۆستای تەکنیکۆمی‌و دەرسی زمانی کوردی دەڵێتەوە و لە ساڵی ١٩٣٥ وێڕای مامۆستایەتی دەشبێ بە خوێندکاری ئەنستیتۆی پەروەردەیی ئەرمەنی‌و ڕووسی‌و لە ١٩٣٩ ڕشتەی هەردوو زمان تەواو دەکات و لە ساڵی ١٩٤٠ لە زانکۆی ئێریڤان ووتنەوەی زمانی فارسی پێ دەسپێردرێ‌و هەر لەو دانیشگایەشدا دەبێ بە خوێندکاری خوێندنی باڵا بۆ دکتۆرا بە سەرپەرشتی خراچیا ئاچریان کە تێزەکەی لەسەر مەلای جزیری بوو.

لە جەنگی جیهانی کە ئەڵمانیای نازی بە هاوکاری دەوڵەتی تورکان هەوڵی داگیرکردنی قەوقازیا دەدات، لەو ڕۆژەشدا لەشکری سۆڤیەت بەشێکی لێکۆڵینەوەی زانستی دادەمەزرێنیو وەزیریش وەکو کوردناسێک لەم بەشەدا دەست بەکار دەبێ کە چەندین لێکۆڵینەوەو کتێبو نامیلکە چاپ دەکەن و ڕەوانەی کوردستانیشی دەکەن. پرۆفیسۆر کنیاز ئیبراهیم کە خوشکەزای وەزیر بوو دەڵێ: وەزیر لە ئۆفیسی ئۆردیا سۆڤیەتیش سەرۆکی هەواڵگری قەزای قەوقازیای لەشکر بووەو هەمیشە بۆ ئازادی کوردستانو بە قازانجی خەباتی گەلی کورد تێکۆشاوە، لە ساڵی ١٩٤٣ کە ئوردووی دەوڵەتی سۆڤیەت دەچێتە ناو خاکی ئێران دیسان وەزیر وەکو کوردناسێک لەگەڵ لەشکر دەچێتە مەهابادو نێوانگیریو پەیوەندی کوردان بە لەشکری سوور ڕێک دەخات و کار بۆ سەرخستنی ماف و داوا ڕەواکانی کوردانو کۆماری کوردستان دەکاتو هاوکاری پێشەوا قازی محەمەدیش دەکات و هەر لەو پێناوەشدا لە دواڕۆژەکانی تەمەنی کۆمارو کشانەوەی سۆڤیەت دەبێ بە قوربانیی ئەو تێکۆشانەو لە ٢٦/ کانونی یەکەمی/١٩٤٦بە دەستی نەیارانی سۆڤیەت تیرۆر دەکرێ و لە گۆرستانی ناوداری (تۆخماخ گۆلی ) لە ئەرمەنستان بە خاک دەسپێردرێ بەوەش گەلی کورد ڕۆڵەیەکی بەوەجی ڕۆشنبیری وسیاسی و ئەدەبی کوردی لە دەستدەچێ و لەناو دڵو هزری شاعیرانو تۆرەڤانو ناوەندە ڕووناکبیریەکانی کوردانی قەوقاز بە نەمری دەمێنێتەوە. وەزیر خاوەن هزرێکی زۆر فراوان بوو و لە تەمەنی کورتی خۆیدا بە تەجروبەو داهێنەرو نیشتمانپەروەرێکی هوشیار بوو، جگە لە زمانی دایک زمانەکانی تورکی، ئازەری، ئەرمەنی، فارسی، گورجی، ڕووسی دەزانێ.

چەندین نووسینو گوتاری بەبایەخی لە ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) و ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت بە زمانەکانی کوردی ئەرمەنیو ئازەری بە مەبەستی ناساندنی ژیانو کەلتوری میللەتەکەی بڵاو کردۆتەوە، کتێبێکی بۆ مەنهەجی خوێندنی کوردی داناوەو لە وەزارەتی پەروەردەی ئەرمەنستان پەسند کراوە بە ناوی(زمانی




کتێبی شیعری نەوبەهار

کورمانجی زمانا مە، ڕاستنڤیسار،ئاخاڤتنا خەبەردانێ) و لە ساڵی ١٩٤٧ لە یەریڤان چاپکراوە. وەزیر خوێندەواریش نەبوایە دەبوو بە شاعیرێکی میللی ناودار بەڵام ئەو شیعری زارەکی هێنایە سەر ڕیتمی شیعری کلاسیکی، هەندێک لە بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١-کۆمەڵە شیعری(نەوبار) کە بەرهەمێکی بەنرخ بوو لە دروستبوونی ئەدەبی نوسراو لە ناو کوردانی قەوقاز، لە ساڵانی سیەکاندا.

٢-لە ساڵی ١٩٣٥ بەرهەمێکی تری بە ناوی(ڕەڤا ژنێ) کە پیەسێکی شانۆیی چوار پەردەیی یە لەسەر ڕەدوکەوتنی ژنو لە قاودانو بەرپەرچەندانەوەی ئەو نەریتە دواکەوتوییەو هوشیار کردنەوەی ژنانی کورد.

جگە لەوەش چیرۆکە شیعری نادۆ و گولیزەر بە ناوی(وەتەنو حەزکردن) کە پویەمێکە لە دە بەش پێکهاتووەو بریتیە لە بەرهەمێکی ناسکو پڕ داهێنانە کە دڵداریو نیشتمانپەروەری ئاوێتەی یەکتری کردووەو شاکارێکی ئەدەبیو مێژوویشەو پڕە لە ئیدیۆمو قسەی نەستەقی کوردەواری، کوپلەیەک لە داستانی نادۆ و گولیزار:

گوند بەڵا بوون، مێر تێدا نەمان
گۆتو دیسا لیستن (تەنزەرە)
چ کەلام هاتنە دەڤ ناڤێ نادو لەسەرە
من چەڤ ڤەکر، کو ئەز ناڤ خەونا
چڤا هش بەرەڤکر وانە بێ سەودا
کانا دۆیێ دڵ شەوتی، مەرڤ حەباندی
گولا گۆڤەندا، ما ڤولێ جەرباندی
بلند فکریم، حشێ من تەڤ هەڤ دبوو
من خوەست کە هەرم...... هتد

# مەنەلۆج و عەزیز عەلی

# چەند وێستگەیەک لە ژیانی عەزیز عەلی-ی مەنەلۆجیستی ناوداری عیراقی




عەزیز عەلی

**هەندێجار** ئەسپی خەیاڵ هەڵتدەگرێو زەمەن تەی دەکاتو دەتباتەوە بەر لە ڕاپەرینو بە هەشتاکانی قادسیە شوومەکەش ڕازی نابێو لەو ڕۆژگارەی کە هەموو شتێک تامو چێژی خۆی هەبوو هەر لە شیعرو ئەدەب، هونەرو موزیک بە حەفتاکاندا دەتگێڕێو لە قاوەخانەکەی ڕەجەب لە کەڕادەو پاشان لە چایخانەکەی کندی بە زەویت دا دەداتو کاتێ بەهۆش دێیتەوەو لە مەستی ناو بیرەوەریەکاندا ئایەخ دەبێتەوە ئەو جارەیان سەدای فەریدو کەلسوم نیە دێتە بەرگوێت، جارێ زەمزەمەی فازیل ڕەشید و جارێ دەنگی مەنەلۆجیستە ناودارەکەی بەغدا عەزیز عەلی یە شەپۆل شەپۆل مەنەلۆجە بەتامو چێژو هەست بزوێنو غیرەت وروژێنەرو توانجو تەنزئامێزەکەی بۆ بەگژداچوونەوەی نەریتە دزێو و ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵگاو گەندەڵیو بێگانەپەرستیو بێدادیو بیروکراسیەتی دەزگاکانی دەوڵەت بە گوێ ڕێبوارانی شەقامی ڕەشیدو کیفاحو جمهوری دا دەزرنگێتەوە و بست وبست باڵای پێ دەگرنو کەیفیان پێ ساز دەبێ.

بەداخەوە ئەگەرچی تەکنۆلۆجیای سەردەمو ئەو فەیسبوکە لەعنەتیە زۆریش خزمەتمان پێ دەگەیەنێ، لەهەمان کاتیشاو لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی کۆمەڵگەکەمان بە جوێنو ورق پەروەردە دەکات، ئەوی ڕۆژێ ڕەخنەو جوێنی سیاسیانەش لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیو هونەری دادەڕێژراو یەکێک لەم شێوازانەش کە ڕەنگێکی جوانو لقێکی بەرزی هونەری گۆرانی بوو بەناو (مەنەلۆج)و لەگەڵ پەیدابوونی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان زەمانە ئەویشی لەگەڵ خۆی ڕاپێچاو تۆزی ڕۆژگاری لەسەر نیشت.

مەنەلۆج یەکێک بوو لە نمونە باوەکان لە زۆربەی وڵاتان کە نمونەیەکی نوێ بوو لە مەیدانی هونەردا، ووشەی مەنەلۆج وشەیەکی لاتینی یە پێکدێ لە (مۆنۆ) واتە تاک یان کەسو (لۆج) واتا ووتار یا ئاخافتنو وتنی تاکەکەسیو لەگەڵ خۆقسەکردنو لە دڵەوە بۆ دڵ کە بریتیە لە گاڵتە پێکردنو تیرو توانج تێگرتنو دەرخستنی کەموکوڕیەکان و گلەییو گازاندەو رەخنەگرتن لە هەندێ بیروبۆچونو دیاردەو نەریتە دواکەوتووەکانو ستەمو بێدادی بەشێوەی گۆرانی بە ڕستەی ساکارو عامیانەو بە شیعرو پەخشان و هونراوەو لە تابلۆیەکی هونەری بەرجەستە کراو کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا (ڕاپ) شوێنەکەی گرتۆتەوە لە شانۆکانو کاباریەکانی شەوانەو ڕادیۆکان نمایشو پەخش دەکرا کە لە میسر هونەرمەندانی وەکو شکوکو و عەلی کەسارو شەفیق جەلال و ئیسماعیل یاسین سوارچاکی ئەم مەیدانە بوون، لە عێراقدا ئەم ڕەنگە لە دەنگبێژی ناسراو نەبوو لە نێوەندە میللیەکان تا دەرکەوتنی لە ڕادیۆی بەغدا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە.

عەزیز عەلی کە لە ساڵی ١٩١٠ لەبەری کەرخی شاری بەغدا لەدایکبووەو لە ١٩٣١ لە دواناوەندی مەرکەزی بەغدای خوێندوەو خانەی مامۆستایانی تەواو کرد و ساڵی ١٩٣٧ لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٥٧ چۆتە بەڕێوەبەرایەتی ڕادیۆ و لە ساڵی ١٩٦٠ بە فەرمانبەر لە سەفارەتی عیراق لە تونس دامەزراوەو پاشان لەبەر هەڵوێستی سیاسی دەرکراوە و لە ساڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە سەر وەزیفە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریو لە ساڵی ١٩٦٨ بە هاوکاری چەند پسپۆڕێکی ڕووسی قوتابخانەی موزیکی منداڵانی دامەزراند، لە سەرەتای دامەزراندنی ئێستگەی ڕادیۆ لە ساڵی ١٩٣٦ بۆ یەکەمجار چۆتە بەردەمی مایکرۆفۆنو ڕاستەوخۆ و هەموو ئێوارەیەک لە سەعات ٨/٥ لە چایخانەکەی ڕەجەب گوێگرەکانی بە تاسەوە ملیان بۆ لای ڕادیۆکە و دەنگی عەزیز عەلی لار دەکردەوە، جوگرافیای مەنۆلۆجەکانی ئەو لە نیشاندانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بازیدا سەر جوگرافیا سیاسیەکەی بێدادیو گەندەڵیو وابەستەیی بە بێگانە و بەرەنگاربونەوەی ڕەفتارو سیاسەتە خراپەکانی دەسەڵاتو لەوانە تاڵان کردنی سەروەتو



عەزیز عەلی لەگەنجیدا




قەوانێکی تۆمارکراوی مەنەلۆجی بستان

سامانی وولأت لەلایەن داگیرکەری ئینگلیز بە مەنەلۆجی (البستان- بێستان) کە عێراقی دەچوێنێ بە بێستانێک و هەموو جۆرە میوەیەکی تیایە کەچی بێگانە بەرهەمەکەی دەخوات‌و خاوەنەکەشی ڕەش‌و ڕووت‌و برسی، بە مەنەلۆجی (صلی علی النبی–سەلأوات لە پێغەمبەر)و (عیش‌و شوف–بژی‌و ببینە) یش پەلاماری سەفیری بەریتانیا لە عێراق دەدات‌و لە سەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیش لە ساڵی ١٩٥٨ بە مەنەلۆجە ناودارەکەی (کل حال یزول–هەموو بارێک بەسەردەچێ) جەماوەر دەخرۆشێنێ.

لە قۆناغی یەکەمی لە ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٣٩ ئەو ڕەخنەگرێک‌و پاشان ڕەخنەگرێکی سیاسی‌و بانگەشەکەرێکی شۆڕش و ڕاپەڕین بوو و لەو قۆناغەشدا هەموو بەرهەمەکانی پێگەیشتنی بیرو هوشیاری سیاسی ئەویان نیشاندەداو بەشداری لە ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١ یش دەکات و لەو سۆنگەوەش زیندانی دەکرێ، دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەو زەوتکردنی ئازادیەکان بوو و هەمیشە لە خەمی وڵات و هاووڵاتیانی بوو بەجۆرێک لە ناو جەماوەر خۆشەویست بوو کە ببوو بە سیمبولی ئازادی، بە مەنەلۆجی (ما اشبە الیوم بالبارحە- ئەمڕۆش هەر بە دوێنێ دەچێ) لەپای بێ توانایيان سەبارەت بەمەسەلە چارەنووسسازەکان ڕەخنەی توند لە کۆمکاری عەرەبی دەگرێت و بە (مسعودو مسعودە)ش دژی جیاکاری ڕەگەزی هەڵوێستی نواند. ئەو زیاتر نەخشەی کۆمەڵگای عیراقی بە هەست‌و ڕوانینێکی نیشتمانیانەوە کێشاو لە پێشەنگانی عێراق بوو و بناغەی پرۆژەیەکی ڕابوونی‌و خۆییی هەمە پسپۆری و هەمە بەهرەیی و پەرچەکرداری سەدەی نەزانی‌و جوڵانی هەستی ڕزگاری عێراقی داهێنا، عەزیز عەلی مەنەلۆجی نەخستە خزمەت مەرایی کردن‌و خۆ ڕەپیش کردن، بە پێچەوانەوە خستبوویە خزمەت گەلە هەژارو چەوساوەکەی. ئەو خاوەن کەسایەتیەکی هاوسەنگ‌و سەنگین بوو و هونەرەکەی بە چاوێکی بەرز لێی دەڕواندرا. مەنەلۆجەکانی (شۆباش، ئوم جەواد، عال العال، القبول- ڕەزامەندی، ئاڵوودە ) بە شێوازێکی ناسک دەردو کێشەکانی کۆمەڵگای نیشاندەدا، لە ساڵی ١٩٥٦ کە لە ستۆدیۆی ئێستگە خەریکی ووتنی مەنەلۆجی (السفینە)و (صلی علی النبی)بوو، بێ ئاگا لە هاتنی نوری سەعیدی سەرۆک وەزیران بۆ ناو ئێستگە کە دەشڵەژێ‌و دەترسێت بیگرن و نوری سەعیدیش ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی ڕەخنە لە حکومەت نەگرێ‌و پێش خوێندنەوەی دەقی مەنەلۆجەکە کە دڵنیا بوون لەوەی بۆنی شیوعیەتی لێ نایێ ڕێگەی پێدرا بە ووتنیان ئەویش لە ڕقان‌و لە داخان مەنەلۆجی (انعل ابو الفن لابو الفن–نەعلەت لە باوک‌و باوک باوکی هونەر)ی پێشکەش دەکات.

عەزیز عەلی پیاوێکی ڕێک‌وپێک لە جلو بەرگ‌و هەڵسوکەوت‌و ئاخاوتن‌و خۆش مەشرەب‌و نوکتەباز بوو چەندین زمانی دەزانی. جارێک بە تاوانی شیوعیەت‌و جارێک بە نازیەت‌و لە ساڵی ١٩٧٢ یش گوایە لە کاتی کردنەوەی خەزنەیەکی بانکی ڕافدین ناوی ئەویش لە لیستێک دا هەبووە کە سەر بە مەحفەلی ماسونیەتن تاڵاوی زیندان دەچێژێ ئەو جارەیان دوای حەوت ساڵی ڕەبەق زیندانی لە ١٩٧٩ بەر لێبوردن دەکەوێ‌و لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥ دوای ئەوەی وەکو هەریەک لە سیمبۆلەکانی بیروداهێنان بەعس ووردوخاشی کردبوو و بە هیوای دیداری نیشتمان‌و وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەکەی ماڵئاوایی لە تاڵاوی ژیان‌و کۆمەڵگە ستەم لێکراوەکەی دەکات‌و دوای خۆشی کەس نەیتوانی ڕێبازی ئەو بگرێتەبەر و درێژە بەو شەقڵ و شێواز و ئاوازو قوتابخانەکەی بدات‌و نەهێڵێ کانیی هونەری مەنەلۆج لە وڵاتدا ووشک بێت.

ڕۆژێ
لە ڕۆژان

# ئێرە ڕادیۆی
# کوردی کۆماری عێراقە لە بەغدا


باڵەخانەی رادیۆی کوردی لە بەغدا

**ڕۆژ** دێو ڕۆژ دەڕوا هەموو شتێک قابیلی فەنابوونو نەمانە، بیژن ئەوەی دەمێنێتەوە هەر کردەوەی چاکو یادگاریو بیرەوەریەکانە، لەوەتەی بە ڕابووردو دەڵێن مێژوو ئەم کوردە ڕووتەو دۆ نەدیوەی خۆمان ساتێک ئارامو نەحەواوەتەوەو هەر بە دەشتو کێوانەوە بووەو نەیانهێشتووە بە شارستانیەت ئاشناو دیدەی بە دونیای پێشکەوتن ڕۆشنا بێ، شوێنێک کە بەیتو باڵورەو گۆرانی و کەڵچەری خۆی تێدا نمایش کردبێ تەنها گۆشەیەکی حوجرە یان ترە دیوەخانێک بووە، پەیدابوونی گرامافۆن لە ساڵی ١٩٢٦ جێ پێی بە دیوەخان لەق کردو لە ماڵانو قاوەخانەو شوێنە گشتیەکان دەنگی مریەم خانو عەلی مەردانو حەسەن جەزراوی و سەعید ئاغا و سەید عەلیو کاویس ئاغاو مەلا کەریم شەپۆل شەپۆل بە گوێی ڕێبوارانی ناو شارەکاندا دەزرنگایەوە، لە ساڵی ١٩٢٩ شارەوانی ناوچەی کوردستان چەند کاتێکی دیاری کرد بۆ کارپێکردنی ئەم ئامێرە لە شوێنە گشتیەکان کە لە سەعات (١) ی پاشنیوەڕۆ تا چواری عەسر بوو، جگە لە کاتی بانگدان بە پێچەوانە سەرپێچکاران بەپێی ماددەی (١٢٦) لە یاسای سزادانی عیراقی تووشی لێپێچینەوەو سزادان دەبوون، لە سەرەتای سییەکانیشدا بۆ یەکەمجار ئامێری ڕادیۆ لە کوردستاندا بەدەرکەوتو بەهۆی گرانی نرخەکەی تەنها پیاوە دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بیکڕن، لە بیرم دێ پاتریەکەی کە لە شێوەی پاتری سەیارەو

مارکەی بێرک بوو چونکە لە دەرەوەی ڕادیۆکە دادەنرا خەڵکی عەوام پێیان دەووت (کەرو جاشک)، سینهات داوودی دەڵێ: (لە ساڵی ١٩٣٢ بۆ یەکەمجار ئامێری ڕادیۆ هاتە سلێمانی لە چایخانەی (حەمە ڕەق) دانرابوو، شەپۆل شەپۆل خەڵک بە حەزو تاسەو سەرسوڕمانەوە دەهاتن بۆ بینینو گوێ لێگرتنی، ڕۆژێک ڕۆژنامەی ژیان ئاگاداری خەڵکی کردەوە بۆ گوێگرتن لە ووتاری شا فەیسەل لەم ڕادیۆیەوە).


لە ڕۆژی ١٩٣٩/١١/١٩ لە بەغدا ئێستگەی ڕادیۆی کوردی دامەزرا کە بە سێیەمین ڕادیۆی عێراق دەژمێردرا دوای ڕادیۆی بەغداو ڕادیۆی کۆشکی زهوری پاشایەتی، سێیەم ستۆدیۆی بۆ تەرخانکرا لە ستۆدیۆکانی ئێستگە، وێرای شەپۆلی درێژی (٣٩١)و شەپۆلی کورتی (٤٥,٨) یشی بۆ زیاد کراو و زیاتر پێشکەوت و لەهەمانە ساڵدا دوو ئەرک بە کامیل کاکەمین سپێردرا هەم وەکو بەڕێوەبەری ڕادیۆکە بە هاوکاری دوو کارمەندی دیکەو لە هەمانکاتدا بە بێژەری هەواڵەکانیش دەست بەکار بوو، لە سەرەتادا ماوەی پەخشەکەی تەنها (١٥) خولەک بوو لە (٨)ی شەودا دوای هەواڵەکانی عەرەبیو بریتیش بوو لە پەخشکردنی چەند گۆرانیەکی تۆمارکراوی سەر(قەوان) وەکو عەلی مەردان کە بە کۆنترین گۆرانیبێژی ئەم ڕادیۆیە دادەنرێو بەرنامەکانی بەهۆی نەبوونی ئامێری تۆمارکردن ڕاستەخۆ فرستندە دەکرا، لە ساڵی ١٩٤١ عەبدولقادر قەزاز بە هاوکاری ڕەشید نەجیبو ئەنوەر سائیب دەبێ بە وەرگێری زمانی ئینگلیزیو بێژەریش، لە حوزەیرانی ١٩٤١ ماوەکەی کرا بە سەعاتێک لە ٣ تا ٤ ی پاشنیوەڕۆ و دوای فراوانکردنو گەشەپێدانی و دانانی ئامێری نوێ بۆ ئێستگەکە ماوەکەی کرا بە (١,٥) سەعات لە (٥) تا سەعات(٦,٥) ی ئێواران، لە تەموزی ١٩٤٤ کاتێکی سەربەخۆ بۆ ئێستگەی کوردی تەرخانکرا لەکاتژمێر ٤,١٠ تا ٥,٥٥ ئێوارە لەسەر شەپۆلەکانی ئێستگەی بەغداو پاشان فرستندەکەی لە ١,٥ کیلۆ وات بۆ شەپۆلی ناوەندی بوو بە (٢٠) کیلۆ وات و بۆ کورتەکەش کرا بە (١٦) واتو ئامێری تۆمارکردنیشی بۆ



**دەستەی دامەزرێنەری ڕادیۆی کوردی بەغدا**

دابین کرا کە لەسەر شریتێکی کانزای موگناتیزی بوو، لە ساڵی ١٩٥٤ یش ماوەی پەخشی بەیانیانی لە سەعات (٨,٥٥) تاکو (١٢)ی نیوەڕۆ و لەسەر شەپۆلی کورتی (٤٨,٩٠) بۆ زیاد کرا.

سەرەڕای دەوڵەمەندکردنی ڕادیۆکە، لە سەرەتادا بە کڕینی قەوانەکان دایکی جەمال و مەلا کەریم و مریەم خانو کاویس ئاغا لە کۆمپانیاکانو بەرنامەکانی کشتوکاڵیو وەرزشیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو بەرنامەی منداڵانیش کە لەتیفە قەزاز بە هاوکاری لەتیفە قەفتانو ناجیە قەزاز ئامادەو پێشکەشیان دەکرد ئاهەنگە راستەوخۆکانی حەسەن جەزراویو لەیلا عەزیزو فوزیە محەمەدو نەسرین شێروانیو پاشانیش گوڵبەهارو تایەر تۆفیق و رەسول گەردیو مەحمود عەزیز شاکرو لە پەنجاکانیش شەمال سائیب و باکوریو ئەحمەد خەلیلو ئەسمەرو نازدارو حەسەن زیرەک دڵی جوتیارانو لادێ نشینانیان جۆشداو قاوەخانەی شارەکانیان ڕازاندەوە، لە سەرەتادا لە بەر نەبوونی توخمی ژن بۆ چیرۆکو تەمسیلی ئەحمەد دەنگ گەورەو ئەحمەد دلاوەر ئەو ڕۆڵەیان دەگێڕا. لەساڵی ١٩٥٧ چەند سروودی نیشتمانیو مەنەلۆجەکانی عەزیز عەلی وەکو (دکتۆر) تۆمار کرا، لە سەرەتا موزیکژەنانی وەکو جەمیلو مونیرو بەشیری باوکیان کاری مۆسیقایان بۆ ئەم ڕادیۆیە دەکرد، لە پاش بەیانی یانزەی ئادار ئێستگەکە زیاتر بەرەو


پروگرامەکانی بەشی کوردی

سێ شەممە
١٩٥٧/١/١

٣-٥٥ کردنەوەی ئێستگە
٤-٠٠ قورئانی پیروز : یوسف عبدالله طائی
٤-١٥ دەنگو باسی جیهان
٤-٢٥ گورانی هەلبژیرراو *
٥-١٥ ووتار : کمال حسین
٥-٢٥ عود - شەمال صائب
٥-٣٥ گورانی دزەیی : غونچەی بەهاری گول ، هەی گولی *
٥-٤٥ دەنگو باسی جیهان
٥-٥٥ موسیقا :
٦-٠٠ چیرۆکی تەمسیلی
٦-٣٠ دەنگو باسی ناوخو
٦-٤٠ گورانی فوزیە محمد : گولی هەینار ، زینەب ، حجاز - ئەترسم بمرم *
٧-٠٠ ئاهەنگی گورانی حسن زیرەك
٧-٢٠ پوستەی گوێگرەکان - حسین قرەداغی
٧-٣٠ گورانی محمد ئاغا جەزراوی: مجیر - ئاغای شوکاك ، وەی لەمن *
٧-٤٥ دەنگو باسی جیهان
٨-٠٠ تەواو بوونی پروگرام

چوارشەممە
١٩٥٧/١/٢

٣-٥٥ کردنەوەی ئیستگە
٤-٠٠ قورئانی پیروز : سعید حسین قالقالی
٤-١٥ دەنگو باسی جیهان
٤-٢٥ گورانی هەلبژیرراو *
٥-١٥ ووتار : صلاح عرفان
٥-٢٥ نای : ئایفن بەهنان
٥-٣٥ گورانی طالب مجید : خانمولی ، سەلتەنە *
٥-٤٥ دەنگو باسی جیهان
٥-٥٥ گورانی باکوری : نادی ئەلیی حەزبنم ، ئامان سانی ، کیژولەی ناسك ، هاوار لەیلی *
٦-١٥ گورانی محمد طاهر دهوکی: بیات - ایلی گەوری ، هەورام *
٦-٣٠ دەنگو باسی ناوخو
٦-٤٠ گورانی نەسرین شیروان : بیات - لی بەسنایی ، حسینی- دەلیلی *
٧-٠٠ ئاهەنگی گورانی علی مردان
٧-٣٠ گورانی سیروانی : باران دەباری ، لیموهەی لیمو ، گلەیی لە کەس ناکەم *
٧-٤٥ دەنگو باسی جیهان
٨-٠٠ تەواو بوونی پروگرام

پینج شەممە
١٩٥٧/١/٣


٣-٥٥ کردنەوەی ئیستگە
٤-٠٠ قورئانی پیروز : حافظ صلاح الدین ( یونس ) *
٤-١٥ دەنگو باسی جیهان
٤-٢٥ گورانی هەلبژیرراو *
٥-١٥ ووتار : محمد قزلجی
٥-٢٥ ئاهەنگی موسیقا : نیی ئیستگە
٥-٣٥ گورانی کریم کابان : خوزگەم بەیار *
٥-٤٥ دەنگو باسی جیهان
٥-٥٥ ئاهەنگی گورانی محمود وەندی *
٦-١٥ گورانی عبدالقادر حسین : عشاق - جیم نیە تیا بسرەوم ، کزەی جەرگانم *
٦-٣٠ دەنگو باسی ناوخو
٦-٤٠ گورانی حسن زیرەك : مەستورە ئامان ، ایران بوبەمەسکەنی شیران ، بوت مردم ناسکەدولبەر ، گەوهەری *
٧-٠٠ ئاهەنگی گورانی حسن جەزراوی
٧-٣٠ گورانی صالح کارگەچی : شور - لەبەهەشت حوریو غلمانە ، کیژی مەرو *




قەوانێکی تۆمارکراوی حەسەن جەزراوی لەکۆمپانیای چەقماقچی

لیستی پرۆگرامی رادیۆ بۆ سێ رۆژ لەساڵی ١٩٥٧

پێشەوە چوو و بە دەیان بەرنامەو شرۆڤەی سیاسی دەربارەی مافەکانی گەلی کوردی لێ پەخش کرا. جەمال بەرواری دەڵێ: (لە بەراییدا کەریم زانستیو حوسێن قەرەداغی و عادل عیرفانو ڕەفیق چالاک پەیوەندیان بەم ڕادیۆیەوە کردووە و بەرنامەیان ساز و ئامادە دەکرد)، لە ماوەی (٦٤) ساڵی تەمەنی پڕشکۆی خۆیدا ئێستگەی کوردی بە شەمەندەفەرێک دەشوبهێندرێ سەدان کەڵە ئەدیبو زانای وەکو تۆفیق وەهبیو ڕەفیق حیلمیو مەلا محەمەدی قزلچیو مەلا عومەر دیبەگەییو عەلائەدین سەجادیو عەبدولحەمید ئەتروشیو ناجی عەباسو جەمال بابانو نوری فەتوحی..هتد لە قۆناغە جیاجیاکاندا ڕێبوارانی ئەم شەمەندەفەرە بوونو هەریەکەیان بە پێی پسپۆری خۆیان هاوکاری ئەم ڕادیۆیە بوون، جگە لە دەیان بەرنامەسازو بێژەری وەکو محەمەد جیهادو حەمە فەرەجو کەمال ڕەئوفو هاشم جەباریو هاشم عەلی مەندیو قومریە حەسەنو شیرین عەباسو سەکینە مەنسورو پەخشان عەلی و جاسم وەندیو پەخشان مەحمود...هتد.ئارەقەیان تیا ڕژتووە. دەکرێ بڵێین ئەم ئێستگەیە بە دەزگایەکی ئەکادیمی، پەروەردەیی، ڕووناکبیری، زمانەوانی دادەنرێو پارێزەری کەلتووری گەلەکەمان بوو لە مێژووداو هۆکارێکی گرنگیش بوو بۆ بەیەکتر گەیشتنو ناساندنی خەڵکی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکانو بە زیندوو ڕاگرتنی فەرهەنگەکەیو لەم ڕووەشەوە هەموو سنوورە دەستکردەکانی کوردستانیشی هەڵوەشاندەوە، کادیرو کارمەندانی ئەم ڕادیۆیە لە پێناو خزمەتکردن بە گەلەکەیان و بەرز ڕاگرتنی گیانی نەتەوەیی قوربانی کەمیان نەداوە هەر لە سزای جۆراوجۆری وەکو موچەبڕینو دەرکردن تەنانەت گرتنو زیندانی کردنیش، دیارە دامەزراندنی ئەم ئێستگەیە لە سەرەتادا بتەوێو نەتەوێ وەرچەرخانێک بوو لە دانپیانان بە ناسنامەو


هونەرمەند عەلی مەردان


عادل عیرفان - بێژەر


حەمەی فەرەج - بێژەر

بەشێک لە مافە کەلتووریەکانی گەلی کورد لە عێراقو پاراستنو پێشخستنی چاندو کەلتوورەکەیو کەمیش نەبوون ئەو هەڵسوڕاوە تێکۆشەرانەی ئەو سەکۆیە شارستانیەیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ڕاگرتو کردیان بە بڵندگۆیەکی زوڵاڵو ڕەسەن بۆیە باسکردنی بۆ نەوەکانی دوای ڕاپەڕین گرنگی خۆی هەیە سەرەڕای ئەوەی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەمیشە لە هەوڵدابوون بۆ لادانی ڕەوتی ئێستگەکە لە پەیامی پیرۆزی خۆی بەڵام تەنها کردنەوەی ڕادیۆیەکە بە دەنگو قاسپەی کەوی کوێستانی کورد بەس بوو بۆ کوردیبوونی ڕادیۆیەکە.

ماوە بپرسین دوای پرۆسەی ئازادیو داخرانی ئەم ڕادیۆیەو تاڵانو بڕۆی ئەم وڵاتە بێ کەسە ئاخۆ چارەنووسی زیاتر لە دە هەزار بەکرەی بچووکو گەورە کە هەزاران گۆرانیو مۆسیقاو بەرنامەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەدیبانو نووسەرانو کەسایەتیە ناودارەکانی کورد لەسەر تۆمار کرابوو چی بەسەرهات؟



کۆمەڵێک هونەرمەندی ناسراوی رادیۆ لەگەڵ عەدنان قەیسی زۆرانبازی عیراقی

# قاچاغی موراد

## دەچمە وڵاتی ئارانێ پێتان بناسێنم شاعیرێکی کورد لە ئێرەوانێ



قاچاغی موراد


**لە** فۆلکلۆری کوردەواریدا دەڵێ: بۆت بکەم مەدحی یارێ ئەمرۆ تەواو نابێ سبەینێش تاکو ئێوارێ، دیارە گەشت کردن بەناو دونیای ئەدەبیاتو کەلتووری دەوڵەمەندی کوردانی سۆڤیەتی پێشوو بە منێکی نیوە منو دەیانی وەک منی دی تەواو نابێ، ئەمجارەشیان لە ئاوی ئاراس دەپەڕمەوە بەخاکی ئاراندا دەچمە قەوقازو ئێرەوانێ چاوو دڵتان بە ڕووناکبیرو شاعیرێکی وڵاتپارێزی دیکە ڕۆشن دەکەمەوە. قاچاغی کوڕی موراد شەباب وەکو ڕۆژنامەوانو هەڵبەستوانو جەنگاوەرو ڕووناکبیرێکی خۆشەویست لەناو کوردانی سۆڤیەتی بەرێ، لە دیسامبەری ١٩١٤ لە گوندی تەندەرۆکی ناوچەی سینەکی قارس لە ماڵباتێکی کوردی ئێزدی هاتۆتە سەر دونیا، لەو ساڵانەی دواییدا لە جەنگی نێوان عروساتیو تورکی ڕۆمی ناوچەکەیان ئاڵۆز دەبێو ترسودڵەڕاوکێ باڵ دەکێشێ بەسەر کوردانندا، ڕۆمی ڕەش (تورکی عوسمانی) دەست بە زوڵمو زۆرکای دەکەنو کوردانی ئێزدی ڕەشبگیرو ڕەشەکوژ دەکەن، ماڵی شاویشی بابی قاچاغیش بەر ئەو ستەمە دەکەونو جەهو و واری خۆیان جێ دێڵن و دەپەڕنەوە ئەودیو سنووری عوسمانی و بە دەستی تەزیوو سکی برسیو شەکەتی گیان دەرباز دەبن وسەرەنجام لەئەرمەنستان ئۆقرە دەگرن، لەو کاتەدا ڕەوشی ئەوێش زێدە نالەبار دەبێ بەهۆی نەخۆشی و قاتوقڕیو جەنگو بێ یاسایی، زۆر نابات بار دەکەن بۆ تەبلیسی پێتەختی گورجستان، قاچاغ دەبێژی باڤێ من لەو تەنگاسیو گرانی ژیانەوە جێی هێشتینو ماڵئاوایی لە دونیادا کردو ئەرکی ژیانو زەحمەتی کەوتە ئەستۆی برا گەورەکەمو منی زارۆش هاوکاری بووم، خوێندنی سەرەتاییو

ئامادەیی لە قوتابخانەی (٤٧) ی ڕووسی تەواو دەکاتو پاشان ڕوو دەکاتە ئاموزگای زمانو ئەدەبی ڕووسی لە ئێریڤانو دوای ئەویش ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان تەواو دەکاتو ماوەی دوو ساڵ لە خوێندنگای سەرەتایی لە لینینگراد دەبێتە وانەبێژو دەرس دەڵێتەوە.

ساڵی ١٩٣٩دەبێ بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی لینین و مەشقی پارتیزانی دەکاتو لەو ساڵەدا دەچێتە ڕیزەکانی سووپای سووری سۆڤیەتو بەشداری لە جەنگی جیهانی دەکاتو دوای چەند جار برینداربوونی دەگەڕێتەوە ناو مەتەریزی بەرگریو لەبەر ئازایەتیو دڵسۆزی(٩) میدالیاو (٢) خەڵاتی (ئەستێرەی سوور) ی پێ دەبەخشرێو لە سەربازیدا بە پلەی (کاپتن) دەگات، لەسەردەمی خوێندکاریەوە خولیای شیعر ووتنی هەبووەو لە سەربازیشدا پەرەی پێداوە، شیعری، دڵداری، نیشتمانیو ویژدانیو لیریکی داناوەو یەکەم هەڵبەستی ساڵی ١٩٣٥ لە ڕۆژنامەی ڕییا تازە بڵاو دەبێتەوەو ساڵی ١٩٣٧ کورتە چیرۆکی(دیلێ قەفقازێ) ی بە کتێب لە یەریڤان چاپ دەکاتو پاشان بلاڤۆکی (نوسەرانی کوردی سۆڤیەت) لە ساڵی ١٩٤٨، ١٩٥٤، ١٩٥٧و(نوسەرانی کوردی ئەرمەنستان) لە ساڵی ١٩٦١ ئامادەو لە ساڵی ١٩٥٩ کتێبی «شەوق» و لە ١٩٦٣ (گوڵپەری)و لە ١٩٦٦ (گاڤا چارا)و لە ساڵی ١٩٧٢ (بەهاری تازە) بڵاو دەکاتەوە، لەگەڵ میرۆیێ ئەسەد کتێبێکیان بۆ مەنهەجی خوێندنی پۆلەکانی سەرەتایی ئامادە کردووە بەناوی(لیتراتۆرا وەتەنیا) کە بەهۆیەوە خوێندکارانی گوندی کوردان شارەزای ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردو کوردانی سۆڤیەت دەبوونو بە زمانی ڕووسیو گورجیش نوسیوویەتیو چەند بەرهەمی پۆشکینو تۆڵستویو نیگراسۆڤو گۆرگیو چیخۆفو مایکۆفسکیشی کردووە بە کوردی. قاچاغ گەلێک نمونەی زارگۆتنی گەلەری جۆراوجۆری کردووە بە داستان وەکو چیرۆکی (گوڵپەری)و میرزا مەحمودو قادری نێچیرڤانو (دیوانا کولیلکا)و (گورگانێ زیندانی)و پویەمی میرزا مەحمودیشی ساڵی ١٩٥٩ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی گورجیو لە باژێری (تیبلیسی) چاپ کراوە و لە ڕادیۆی یەریڤانیش بە زنجیرە بڵاو کراوەتەوە، زۆربەی بەرهەمەکانی قاچاغ دەربارەی مێرخاسیو ئازایەتی لەشکری سوور دژی ئەڵمانیای نازی، و ئاشتی و دۆستایەتی گەلانو پێشکەوتنی کوردانی سۆڤیەتو مەینەتیەکانی گەلەکەی و جوانی سروشتو دڵداریو ڕەخنەی ئەدەبی بووە، ئەو بە چاوی خۆی شوێنەوارەکانی جەنگوماڵوێرانیو جوامێریو ئازایەتی جەنگاوەرانی سۆڤیەت لە بەرگری گەلو وڵاتەکەی بینیوە کە تێدا چەندین کوردی قارەمانی وەکو سیامەندی عەلی سیابەندۆڤ کە دلێریی بێوێنە یان تیا نیشانداوە بینیوە، بۆیە هەموو ئەمانە کاریان کردۆتە سەر هەستو نەستی ئەو و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، هەڵبەستی (مەیانە، ژنێ وڵاتی سۆڤیەتی، گوندی مەرا، دەورا کۆسمیکێ، ستێرکا من، ئەرمەنستانی ڕە، هەزار دلی)و گەلێکی دی لە هەڵبەستە پڕ مەبەستەکانی وی بوون، هەڵبەستڤان مرۆڤێکی ژیاندۆدست، مرۆڤدۆست، هاوڕێ دۆست، ئازادی ویستو یەکسانی پەرست بوو چونکە بە چاوی خۆی شەڕو خانەوێرانی و زوڵمی دیبوو نەیدەویست جارێکی دی مرۆڤ وا بێ نرخو بێ بەها بکرێ، هەڵبەستی (کەلاما عەدلایێ) ڕەنگدانەوەی ئەو هەستەی بوو:

دەستی خوە بدە دەستێ من، هەڤالۆ، ڕا بە سبەیە

ملێ خوە بدە ملێ من، هۆگرۆ، قام- مەقامی مەیە
ئەزی کوردم، تو ئینگلیزی، یانێ هندی، عەرەبی زەنک
دەستی خوە بدە دەستی من، هەڤالۆ ڕابە سبەیە
ئەم نەهێلن، وەکی خونخۆر، جارەک دنێ جەنگ تێکن کار
جارەکا دنێ خون برژەو وێران بن گوندو باژار
جارەکا دنێ دێ بگرین، دومام گرێدن، خێل یا ڕەش
مرن بەلابە ناڤ دنێ دەست مەڕڤێ سەودا فەش



کتێبی (شەوق)ی قاچاغی مراد

هەروەها بە دژی باوی کۆنو دواکەوتوویی کوردەواری دەرهەق ژنان وەکو (شیربایی) بە توندی بە شیعری قەلەن بەرپەرچی ئەو نەریتەی کۆنەی داوەتەوە:

هەی قەلەن، قەلەن، ئورت ل تە بقەلە
چ لە میللەتێ کورد بوێی تەشقەلە
چڤاس قیزێد جان، چ خورتێن تەلیان
مراز چەڤ دا مان، تو باعسێ وان
چ قاس دڵی گەش خورت قیزێد نەدەر


قاچاغ لەگەڵ دەستەیەک لەهاوڕێکانیدا

هەڤدو حەباندی ب هەق

سەوداسەر.......هتد

دیارە قاچاغ چەند جارێک سەرکاریی لە ڕادیۆی یەریڤانی کردووەو لە ساڵی ١٩٦٠ یشدا دەچێتە ڕۆژنامەی(ڕێیا تازە) سەرەتا وەکو نووسەرو پاشان بەجێگری بەرپرسیاری ڕۆژنامەکە دەستبەکار دەبێ، قاچاغ لە تەمەنی (٥٢) ساڵیدا بڕوانامەی خوێندنی باڵا بەدەستدەهێنێ، لە ساڵی ١٩٤٥ ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی تفاقا (یەکێتی) سۆڤیەت بووەو ئەندامی یەکێتی نوسەرانو یەکێتی ڕۆژنامەوانی سۆڤیەتیش بووە، سێ جار ڕێزلێنانی لەلایەن ڕیسپۆپلیکا سۆڤیەتا سۆسیالیستی ئەرمەنستان بۆ کراوە، لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤لە بەشی کوردناسیدا لە فاکەڵتی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی یەریڤان وانەبێژی کردووە.



قاچاغ لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەکاتی سەیراندا

قاچاغی موراد لە ٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧٩ بەهۆی نەخۆشیەکی گرانەوە خودێ تەعالا لەوە زیاتر ژیانی پێ نابەخشێو دەیگەڕێنێتەوە لای خۆیو ماڵئاوایی لە ژیان دەکاتو لە باژێری ئێرەوانێ بە خاکی ئەرمەنستان دەسپێردرێ وگەنجینەیەکی پڕ لە سامانی ئەدەبیو کەلتوری بۆ گەلەکەی بەجێ دەهێڵێ.




یەکێک لەبڵاوکراوەکانی قاچاغ

## دێریك یان (دێرکا حەمکۆ)

# ئەو شارەی وێرای تەپوتۆزی ڕۆژگارو هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەی بە زیندوویی‌و کوردستانیەتی دەمینێتەوە



دێرکا حەمکۆ

**زیاتر** لە بیست و پێنج ساڵە ئەم باشووری کوردستانە لەبارەی وابەستەیی‌و پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندییەوە تەواو سەربەخۆیەو تەنانەت ناوچە دابڕاوەکانیش جڵەویان بەدەست بەغداوە نەماوە کەچی بەداخەوە سەرباری خەرمانێک گەندەڵی‌و خەروارێک ناعەدالەتی هیچ بنەماو مقەوماتێکی دەوڵەتداری خۆشەو فەراهەم نەکراوەو ناوە ناوەش بەغدا دەکەن بە گیسکەکەی هەیاس‌و بەچکە گورگەکەی نیشان دەدەن، ئەم بەهارە نا. .. پایزی ئایندە!! جاڕی دەوڵەت‌و بانگی سەربەخۆیی بە گوێچکەی منالی ناو بێشکەشمان دا دەدرێ‌و لەم چارەکە سەدەیەشەدا تۆزقاڵێک برایەتی‌و تەبایی لەگەڵ کوردانی بەشەکانی دی نەڕەخسێندراوە، مەگەر ناوی شارە گەورەکانی وەکو(قامشلۆ، مهاباد،

دیاربەکر، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر) نەبێ کەسمان بە جوگرافیای یەکدی ئاشناو شارەزا نەکراین ئەگەر ئەم شەڕە ماڵوێرانیەی داعش نەبوایە ناوی کۆبانیمان لە کولەکەی تەڕیشدا نەدەبیست، وێرای ئەو هەموو گەنجینەی قارونە کە ڕژایە سەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کەچی نەیتوانی ئینسکلۆپیدیایەکی جوگرافیای کوردستانو ناوی شارو شوێنەکانی بەرهەم بهێنێو دەزگایەکی ئەکادیمیو ستراتیژی دابمەزرێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، مێژوویی، جوگرافیای، ئابوریو کارگێڕی، ڕەوانشاد مەلا جەمیلی ڕۆژبیانی ئەو ساڵانەی کە بە پەناهەندەیی لە تاران بوو لە ڕادیۆی دەنگی ئێران بەرنامەیەکی هەبوو بەناوی (وڵاتەکەت بناسە)و هەر جارەی شارو شارۆچکەیەکی ئێران و کوردستانی تیا تاوتوێ دەکردو ناوو مێژووەکەی ساغ دەکردەوە بەڕاستی خزمەتێکی زلی بە زەوقی زاروزیچی ئەم کوردگەلەو دوا ڕۆژی دانانی ئینسکلۆپیدیایەکی لەم شێوەیە گەیاند، هەروەها جەمال بابانیش بە زمانی عەرەبی کارێکی لەم شێوەی بە ناوی ( اصول اسماء المدن و المواقع العراقية ) چاپکرد، بەو بۆنو بۆنەو بەو خەونو خەیاڵەو بەو قەسدو مەراقەوە دیسان منێکی چارەکە من دەڵێم : سیروان بشمبەی هەر لێت دەدەمو تاوتوێی شارو شوێنێکی ئەم وڵاتەی خۆمان دەکەم.

دێرک یاخود دێرکاحەمکۆ کە لەمیانەی پرۆسەیەکی ڕەگەزپەرستانەو شۆڤێنیستانەو بە ئاوەزی پووچی ڕژێمی پێشوی سوریا گوایە کوردەکان بەرزەفتو سندم دەکەنو سەرەڕۆییو سەرکێشیان ناهێڵن بەپێی مەرسومی ژمارە (٣٤٦) لە (١٩٥٧/٣/٢٤) بە(المالكية) عەرەبێندراوە، دێرک دەکەوێتە ناو دوا خاڵی ڕۆژهەڵاتی سوریاو بەهۆی هەڵکەوتەی جێگاکەی لەسەر نەخشەی ئەو وڵاتە بە (دەنووکی مراوی) یەکە ناودێر کراوەو (چیای مازی) یشی پێ دەڵێن  کە لە شوێنێکی بەرزو ستراتیژی لە سێگۆشەی (تورکیا- بەدووری ٦ کم) و(عێراق بە دوری ١٨ کم) هەڵکەوتووەو لە باکووریدا چیای ناوداری جودی (کە کەشتیەکەی حەزرەتی نوحی لەسەر نیشتەوە) و بە دووری ٢٠ کم لە جزیرەی بۆتانو لە ڕۆژئاوایش بە دووری ١٢ کم شارۆچکەی کۆبانی سنووربەندیان کردووەو لەڕووی ئیداریەوە ئێستا سەر بە پارێزگای حەسەکەیەو (٩٠ کم) لە قامیشلۆ دوورە، شارەدێی (چل ئاغا)و (تەل کۆچەر)و (کەرکی لەکی) سەر بە دێرکنو لە ساڵی ١٩٢٨ بەپێ ی ڕێککەوتنی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیاو سوریاو بە سەرپەرشتی نوێنەری فەرەنسا کە (ئەو کات داگیرکەری سوریا بوون) دێرک دەکەوێتە ناو خاکی سوریا کە پێشتر گوندێکی سەر بە جزیرەی بۆتان بوو.

### ناوی دیریک (دیرک) لەچییەوە هاتووە


هەندێ دونیادیدەو عاقڵمەندی کۆنساڵ ئێژن بەهۆی بەستنەوەی بە دوو ڕێگای موسڵو تورکیاوە ناوەکەی لە (دوو-ڕێک) واتە دوو ڕێگاوە هاتووەو بە پێ ی سەرچاوەیەکی دیکەش ئێژن بەناوی ئەو دێرە بچووکەی سریانیەکانەوە کە سەر بە ئەبرەشیەی بازبدییەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١٣٠٠-١٤٠٠ ساڵ) ناو نراوە کە دەکەوێتە ئەو شوێنە، دێرک(٤٢٢م) لە ئاستی دەریا بەرزەو دەکەوێتە ناو

هێڵی درێژی(٣٧/١٠پلە) ی ڕۆژهەڵاتی گرینچو هێڵی پانی (٤٢/٠٠ پلە)ی باکووری ئیستیواو لە هاویندا پلەی گەرمای لە (٣٩-٤٨)ەو لە زستانیشدا بەهۆی هەڵکەوتەکەی‌و نزیکی لە شاخە سەر بە مەندیلە بەفراویەکانی باکوور پلەی گەرمای دەچێتە ژێر سفرەوەو ڕێژەی باران بارینی تێدا دەگاتە (٥٤٣) ملمو بەهۆی سرووشتی ناوچەکەو نزیکی لە ڕووباری دیجلەو بوونی چەند کارێزی وەکو(کانی ژنان، کانی پیاوان، کانی ئیبراهیم حەمسیە، کانیا عەسکەری، کانی غێدە) و چەمی شەرەفو سویدلکو وانەکو بیری ئیرتیوازی زۆرو (٥) بەنداوی گلدانەوەی ئاو بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی‌و گەشتوگوزار دادەندرێ، ئابووری‌و ژیانی خەڵکەکەی بێجگە لە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتو وڵساتو گاوگوڵو گامیش لەسەر کەشاوەرزی وەستاوەو لەپای بەپیتی خاکەکەی باشترین جۆرەکانی (گەنموجۆ) و پەمۆ و نیسکو نۆکو مێوەجاتی وەکو خۆخو قەیسی... هتد تیادا بەرهەم دەهێندرێ‌و لە سۆنگەی بوونی غازی سروشتی‌و کێڵگە نەوتیەکانی ڕۆمیلانیشەوە بە یەکێک لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان حیساو دەکرێ، ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زیاتر لە (٧٥) هەزار کەسو مەڵبەندەکەی (٤٠٠) هەزار کەسەو قەڵەمڕەوی دێرکیش (٣١٠) گوند دەگرێتەخۆ.

### مێژووی کۆنی دێریک

دەڤەری دێرینی دێرک لە سەدەکانی پێش زایین لەلایەن ئەو ئیمپراتۆریەتو شارستانیانەوە فەرمانڕەوایی کراوە (ئورارتو ٣٠٠ پ.ز، ئەکاد ٢٣٠٠ ساڵ پ. ز، سۆمەر ٢٢١٦ ساڵ پ.ز،بابلی ١٨٠٠ ساڵ پ.ز، کاسی ١٥٩٥ ساڵ پ. ز، ئاشوور ١٣٥٠ساڵ پ.ز، ماد ٦١٢ پ.ز، پارس ٥٨٥ ساڵ پ. ز، ئەسکەندەری مەکدۆنی ٣٣٠ ساڵ پ. ز، سلاڤکۆس ٣٢٧ ساڵ پ.ز، پارت ١٢٩ ساڵ پ. ز، تیگرانی ئەرمەنی ٨٣ ساڵ پ. ز، ڕۆمانی ٦٦ ساڵ پ. ز) و لە سەدەکانی ناوەڕاستیش سەر بە ئیمارەتی بۆتانو حاکمانی جزیر بووە کە دوایینیشیان میرنشینی بنەماڵەی ناوداری بەدرخانیەکان بووە کە لە سەدەی حەڤدەو هەژدەی زاینی حوکمرانیان کردووە بۆیە ڕەسەنایەتی‌و نەژادی خەڵکەکەی دەچێتەوە سەر ئەو ماڵباتە، پیاوێک لە بەساڵاچوەکاندا دەڵێ: بیرم دێ لە ساڵی ١٩٢٠ دا دێرک چوار ماڵ بوو شوانێکی کۆچەریان بەناوی موحەمەد عومەر کە لە تیرەی میرانیان بوو کوشتو لە سۆنگەی بەردانی مەڕو ماڵاتەکە بۆناو دەغلو دانی گوندەکەو لە تۆڵەی شوانەکەشیان میرانیان پەلاماری گوندەکەیان داو وێرانیان کردو خەڵکەکەیان بەرهەڵدا کرد، لە ساڵی ١٩٣٠ دێرک بوو بە گوندێکی ڕەسمی‌و شوێنی بازرگانی‌و بازاڕێکی دەڤەرەکەو لە ساڵی ١٩٣٣ بە مەرسومێک کرا بە شارەدێ‌و شارەوانی و شارەداری تیا کرایەوەو لە ساڵی ١٩٣٨ بوو بە قائمقامیەتو ناوەکەی کرا بە (دەچلە- دجلە) و شێخ ڕەزای ئەیوبی بە یەکەمین قائمقام دەستبەکار بوو، فەرەنسیەکان پێگەی سەربازی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کەنیسە کۆنەکە دامەزراندو پاشان ڕاوێژکاری فەرەنسیش بارەگای خۆی لە کۆبانیەوە گواستەوە ئەو گوندە کە بە جوانترین دێهاتی جزیرە دادەنرێ کە تیایدا (ڕۆژگیران)ی تەواوی تیا

ڕوودەدات‌و میدیاکاران‌و فەلەکناسانی پێوە سەرقاڵ دەبن‌و لە بەهارانیش وەکو ئێژن(کە دەڵێن ئیمرۆ دەشت‌و کێو شینە، چەندە مەڵبەندەی ئێمە شیرینە)چەندین مێرگ‌و کانی تیادا دەردەکەوێ، لە ساڵی ١٩٣٨ یەکەم خوێندنگای ئەهلی‌و ناڕەسمی‌و لە ساڵی ١٩٤٧ یش یەکەمین خوێندنگای ڕەسمی بەناوی (المامون الريفية) ی تێدا کرایەوە، لە ساڵی ١٩٤٦ بە ڕەسمی دیرک کرایە ناوەندی دەڤەرەکەو بەڕێوەبەرەکەشی (ماجد المالكی) بوو، لە شوێنەوارە کەوناراو دێرینەکانی ئەو مەڵبەندەش پردی ڕۆمانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی سەلجوقیەکان (مایەی نیگەرانیە خەڵکە ساویلکەکە بەردە بە نەخش و نیگارەکانیان لێ هەڵکەندووەو بردوویانە بۆ ڕازاندنەوەی خانووەکانیان) و کەنیسەی مریەمی پاکیزەش کە لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن ئەنجوومەنی میللی سریانی لەسەر دێرە کۆنەکە نۆژەنکراوەتەوە:




**شوێنی دیرک (المالكيه) لەسەر نەخشەی پارێزگای حەسەکەی سوریا**



**یەکێک لە دێرە کۆنەکانی دیریک**

### عەشیرەتە ناسراوەکانی مەڵبەندی دێرک:

هاڕونا: لە گوندەکانی دەوروبەری دێرک نیشتەجێن.

هەسنا: نیشتەجێ ی نێوان ڕووباری دیجلەو لقەکانین‌و جگە لە کورد بەشێک لە مەسیحیەکانی تیرەی (بەشکا)یش دەگرێتەوە.

ئەباسان: لە دەرووبەری چیای کندک نیشتەجێن.

ئەو عەشیرەتانەی هاتونەتە ناوچەکە (وافد)ن.

ئۆمرکا- ئالیا ڕمێلان: لە گوندەکانی دەوروبەری دێرک دادەنیشن.

بداری: لە چەند گوندێکی دەوروبەری چیای قەرەچوغ نیشتەجێن.

شەمەر: عەشیرەتێکی عەرەبن‌و لە نەجدی سعودیەوە هاتوونەتە ئەوێ و کۆچەرن.

تیرەو عەشیرەتەکانی (الشرابیون) و (الابقار- گامێشەوان )و (الطی)و (الزوبع) ی عەرەبیش لە ناوچەکەن.

لەڕووی ڕووناکبیری‌و ڕامیاریشەوە ئەو شارە چەندین ڕۆشنبیرو هونەرمەندی تیا هەڵکەوتوون بە نمونە ئاسیا خەلیلی شاعیرو شاعیرنارین عومەرو جەمال سەعدونی دەنگبێژ.. هتد.لەسەرووی هەموشیانەوە شاعیری دێرین‌و ناوداری کورد(قەدری جان) کە مایەی شانازی شارەکەیەو لە ڕابردوودا دێرک مەڵبەندێکی کوردینی‌و بزووتنەوەی سیاسی بووە و لە ئێستاشدا پێگەیەکی گرنگی شۆرش‌و چالاکی شەرڤانان‌و خاوەن شەهیدو قوربانیەکی فرەیە.

ناوی تەواوی شارەدێ و گوندەکانی هەرێمی دێرک تەعریب کراوە کە بەداخەوە لێرەدا جێگای نابێتەوە لیستی ناوەکانی بخەمەڕوو و تەنانەت (ترپە سپی) کە پێگەیماڵباتی شۆڕشگێری حاجۆ ئاغاو لە ڕابردوودا پەناگەو دالدەدەری پەناهەندە سیاسیەکانی کوردانی هەر چوار ئالی کوردستان بوو کراوە بە (القحطانیة).

### دێریک لە شوێنێکی ستراتیژی هەڵکەوتووە

لەڕووی ستراتیژییەوە پردی ناسراوی (سیمیلکا) لە ناوچەی دێرک کوردستانی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەفسوس لە تەرەف حکومەتی هەرێمی باشوورەوە بە توندی ئەو دەروازەیان بەڕوو داخراوەو گەمارۆ دراون. ڕادیۆی (هێڤی) لەو شارەدا ڕۆژانە موژدەی بەرخۆدان‌و نەبەردی ژنانی سیلاحشوورمان پێ ڕادەگەینێ.

ماوە بڵێین وێرای تەپوتۆزی ڕۆژگارو هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەیان‌و گەمارۆی دەوڵەتی تورک لەسەری، دێرک هەمیشە بە دڵی زیندووی کوردستان‌و مەکۆی کوردینی‌و کوردەواری ماوەتەوەو دەمێنێتەوە.

لە یادەوەری
حەسەن زیرەك دا

# ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە لە ئاسمانی هونەرو ئاوازی ڕەسەنی کوریدا


حەسەن زیرەک

**بە** قەولی هەڤاڵ مام جەلال کە دەڵێ هەمیشە چەپکە گوڵەکە جوانە، دیارە گۆشەی یارو دیاریش هەر جارەو گولێک لە گوڵستانی ئەم کوردستانە دەچنێ و باقەیەکی لێ ساز دەکاو پێشکەشتانی دەکات، هەروەک خزمانی ڕۆژهەلات دبێژن نەوجەوان بووم، چل و پێنج ساڵی ڕەبەق لەمەوپێش ئێوارەیەکیان هێشتا زەردەپەڕەکان لەسەر چیای قەرەچوغی ڕەنگین ئاوا نەببوون و ماڵئاواییان لە کەندێناوە و گوندی مەلاقەرەی نازدارو ناودار نەکردبوو لەجەم مامی ڕەوانشادم لەسەر سەکۆی بەردەمی ماڵەکەی خۆیان دانیشتبووین کە بە عادەتی هەمیشەیی خۆی ڕادیۆ ( سیرا ) کەی بستێک لە خۆ دوور نەدەخستەوە نەبادا لاوکێکی محەمەد عارف جزیری یان بەستەیەکی مریەم خان وگۆرانیەکی حەسەن زیرەکی لە دەست بچێ، لەناکاو ڕادیۆی کوردی کرماشان هەواڵی لە دونیا دەرچوونی ئەم کەڵە هونەرمەندەی جارڕدا، ئەویش کێشای بە ئەژنۆی خۆی و

هەناسەیکی قووڵی بۆ هەڵکێشا ومخابنێکی گووت. دیارە لە قەوەندەی من و دەیان بابای وەکو من ژی دا نیە بێین و تاووتوێ و تەتەڵەی هونەری بەرزو زیبای حەسەن زیرەک بکەین کە کاری دەزگایەکی ئەکادیمی و پسپۆڕی ئەو بوارەیە، مەگەر لەو یادەدا بە شێوەیەکی ڕەمەکی و دوور لە پۆلین و ڕیزبەندی چەند وێستگەیەکی کورت لە ژیانیدا بخەمەڕوو، ئەو دەنگە نیو سەدە زیاترە فەرامۆش نابێ و ناچێتە سەر تاقچکەی لەبیرچوونەوەو پەراوێز بوون کە هەمیشە بە تام و بۆنی خۆی ماوەتەوەو دەمینێتەوە، دڵنشین و زوڵاڵتر گویچکەمان دەئاخنێ و دڵ و دەروونمان دەجۆشینێ ودەخرۆشینێ و زەوقمان دەخەملێنێ و بە دەنگە ئەفسوناوییەکەی مەستی بیرەوەریەکان و ڕۆژگاری ڕابردووی تەمەنمان دەکات، گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک بە شێوەیەکی خام وسادە و بەبێ فرت وفێڵی تەکنیک ومۆنتاج وهونەری کلیپ هەمیشە بە زیندوویی ماوەتەوە لە ناو هزرو دڵی هەزاران کەس و، خۆی لە خۆیدا مەزنترین قوتابخانەی هونەری ڕەسەنی کوردەواریەو بە ووشە بە تام وچێژو سەدایە هەست بزوێنەکەی و قورگە زێڕینەکەی شۆڕشێکی هونەری بەرپاکردوو نەوە بە دوای نەوەدا شوێنەواری خۆی درێژە پێدەدا و بەرهەمەکانی تژیترین خەرمانی پڕ بەرەکەتی گەنجینەی هونەرو کەلتووری کوردن، زیرەکێک هەمیشە زگ و گیرفان بە تاڵ بەڵام دڵ ومێشک تژی لە ئاوازو وشەی جوان و وەسفی پڕاو پڕی سروشت و چاو کەژاڵان و نازدارو ڕەش ئەسمەرانی هەوری لە کۆڵ و بازنە لە قۆڵی کوردەواری، ئەو زۆر بە قووڵی شۆڕ ببووەوە ناخی فەرهەنگی ووشەی کوردی وتەواو ڕووچوبووە ناو جوگرافیای وڵاتی کوردستان، شێوەی ژیانی شارو دێهات وعێلاتی مەنگوڕو مامەش و بنەگەی ڕەوەندو کۆچەریان



**حەسەن زیرەک لەکاتی تۆمارکردنی گۆرانی لەڕادیۆی کرماشان**


وتەبیعەتی بەهاران ودیمەنی دلرفێنی ئەم وولاتە شاخستانە لە گۆرانیەکانی ڕەنگیان دابووەوە، ( کیژان دەچنە مێرگولان ) و ( باخی زەمبیل ) لە شاکارە جوانەکانی نێو ئەو زەمزەیەن.

زیرەک لە ١٩٢١\١١\٢٢لە قەلای سەرداری شاری بۆکان دێتە نێوئەم دونیا جەنجاڵەو سەردەمی نەوجەوانی خۆیشی لە گەڵ عەبە چاوەش وحەمە حوسێن دەباتەسەرو دەنگبازی و کۆڕی گۆرانی وتن ساز دەکەن و خەڵکێکی زۆر سەرسام و بە خۆیانەوە دڵبەند دەکەن، باوک ودایکی زیرەک هەڕەشەی لێ دەکەن کە واز لەم بەزمە بێنی ونەکا بچێتە داوەتان وپوڵ وەربگرێ وحەیایان ببات، لە ساڵی ١٩٥٣ حەسەن چەندین گۆرانی ناوازە لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمار دەکات و مامۆستا عەلی مەردان لەم ڕووەوە زۆر هاوکاری دەکات بۆیە زیرەک پێیەوە وەفادار دەبێ ودەڵێ ( عەلی مەردان بەرزە کورد قەدری نازانی من پێڵاوەکانی دەخەمە سەرچاوم )، پێدەچی گۆرانی ( ئەسمەر یارم جوانە ) یەکەمین گۆرانی تۆمارکراوی بێ لە ڕادیۆ کە زیرەک گلەیینامەیەک دەنێرێ بۆ ئیستگە کە بۆچی ڕەنجی ئەو دەخۆن و ئەو گۆرانیەو گۆرانیەکی تری هەردەم بەناوی ئەحمەد شاباز بڵاو دەکەنەوە، زیرەک کە لە ئاداری ساڵی ١٩٥٨ گەڕابوەوە ئێران وپاش شۆرشی ١٤ی گەلاوێژ کە بە نیاز بوو بێتەوە عێراق بەڵام لەپای ئەوەی گۆرانیەکی بەسەر مەلیک فەیسەلی بچکۆڵەدا گوتبوو لە ڕادیۆی کوردی بەغدا، بۆیە ناوی دەچێتە لیستی تۆمەتباران وڕێگای هاتنەوە عێراقی لێ دەگیرێ، بە دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی هاتنەوەی زیرەک عەبدوڵلای موفتی زادە کە وابەستەی ڕادیوی کوردی سنە بووە خۆی دەگەێنێتێ وداوەتی ڕادیۆکەی دەکات کە بەرنامە ئیجرا بکات وگۆرانی تۆمار بکات ولە لایەن لەشکری (٦) ی کوردستان بەرگەی هاتوچۆی لە ( ١٩٥٨\٥\١٢ ) بۆ دەکەن کە پێی دەچێتە شاری سنە، پاش ماوەیەکی دی زیرەک دەچێتە مەهاباد لە گەڵ میرزا ڕەحیم وخزمەکانی و بە کارئاسانی وپشتیوانی شەهرداری مەهاباد دەچێتە ڕادیۆی تاران کە ئەوکات ئاغای موشیری بەڕێوەبەری ئیستگە بوو، زیرەک سەرەتا بۆ تێست و هەڵسەنگاندن دوو دانە نەواریان بۆ پڕ دەکاتەوەو بە خۆشحالیەوە پەسندی دەکەن ودەست بە مەشق وپرۆڤە دەکاو سەرەتا لە مانگی حوزێران دووانزە هەزار ڕیاڵ حقوقی وەرگرتووە، لەوێ لەگەڵ ئۆرگیسترایەک کار دەکا کە هەموویان فارس بوون لەوانە ناسری زەڕئابادی وئاغای بەدیعی وسەرپەرشتیارەکەشیان حوسینی یاحەقی بوو کە زۆر مەشهور بوون و چەندین خانمیش بە کۆرس بەشداری گۆرانیەکانی زیرەکیان کردووە و چەندین گۆرانی ناوازەی لەوێ تۆمارکردووە و بەناوبانگترینیشیان ( گوڵدر مەنی گوڵدر - پێبکەنە بابتبینم ) بوو بە دوو قۆڵی لە گەڵ فاتیمەی زەڕگەری کە گۆرانیبێژێکی تورکی ئازەری بوو. لە تەمووزی ١٩٦٢ کە ڕادیۆی کوردی تاران گوازرایەوە کرماشان و بوو بە ( دەنگی ئێرانە – بەشی کوردی ) وماوەکەی زیاد کراو مەودایەکەشی بوو بە (١٠٠ کیلۆ وات )، زیرەک گوڕوتینێکی بەم ئیستگەیە داو بە پێی دەستوری کاری ژمارە ( ٩٩١٥ لە ١٣٤١\١٠\١٢بە گوێرەی ساڵنامەی ئێرانی) واتە لە هەمان ساڵ بەڕەسمی دادەمەزرێ و ڕۆژانە لە سەعات ١,٣٠ تاکو ٧,٣٠ ی شەو دەوام دەکات ولەگەڵ ئۆرگیسترایەک کار دەکات کە پێکهاتبوون لە ( محەمەدی سەمەدی ژەنیاری


به بستر بیماری افتاد

حسن زیرک

هەواڵی مردنی حەسەن زیرەک


twana_dizayee@hotmail.com

وزارت داخله


ورقه اظهارنامه

اطلاعات راجعه به هویت شخص ذیل را به این طریق اظهار داشت :

شناسنامەی حەسەن زیرەک

کلارنێت وسەرپەرشتیاری ئۆرگیستراکە، مەحمودی مەرئاتی – وێڵۆن، موجتەبای میرزادە – وێڵۆن، ئەکبەری ئێزدی – سەنتور، ئیستیوار دەروێشی – تار، بەهمەنی پولەکی – زەرب وپاشانیش مەحمودی بلوری – عود )، بە قەولی محەمەدی کەمانگەر زیرەک (١٢٠) گۆرانی ناوازەی لەوێ تۆمارکرد کە بە باشترین گۆرانیەکانی دادەنرێن لە ڕووی کاری هونەری ومۆزیک ودەنگەوە کە لەناوبرەی هەر گۆرانیەکی پارچە مۆسیقایەکی بۆ دادەنراو ماوەی گۆرانیەکە چارەگە سعاتێکی دەخایاند، دوای سێ ساڵ لە کرماشان زیرەک پێی وادەبی لە ڕووی حقوقەوە زوڵمی لێ دەکەن و شایستەی خۆی نادەنێ و سەرەڕای هەوڵی بەڕێوبەری ئیستگەو بۆ ئارامکردنەوەی، زیرەک بە تورەییەوە دەستی میدیا زەندی دەگرێ و ڕادیۆ بەجێ دێڵن وبەرەو سنە دەکەونەڕێ و بە فەرمانی ژمارە (١٠١٦٨ک – ٣٧١٥٨ لە ١٩٦٥\٩\١٣ ) کۆتایی بە ڕاژەکەیان دەهێندرێ. محەمەدی کەمانگەر دەڵێ : ( پاییزی ١٩٦٥ بوو ڕۆژێکیان سەروان موحسینی حەمیدی خەبەری ئێمەی دا لە ڕادیۆ کە زیرەک لە سنووری عێراق گیراوەو ئێستا لای ئەوان زیندانیە بۆیە سەردانمان کرد وپاش ماوەیەک بە هۆی هەوڵی هەندێ لەدڵسۆزانەوە ئازاد کرا )، زیرەک خۆشترین زیندەگی لە ڕووی مەعیشەت و گوزەرانەوە ئەو وەختانە بوو کە لە ڕادیۆی تاران وکرماشان بووەو عەلی یاسەمینی دەڵێ : ( لەسەر داوای زیرەک خۆم و خێزانم چوینە تاران و بووین بە یەک ماڵ، زیرەک تاخوا حەزبکات سەخی تەبیعەت ودڵئاوا بوو، جگە لە هاوکاری بە پووڵ هەندێ جار جلەکانی خوشی بە وانە دەبەخشی کە دەستکورت بوون، میدیا خانم هەواڵێکی لە ڕۆژنامە بۆ دەخوێنێتەوە کە لە مەهاباد کەسێک فەلەج وزەلیلەو پێویستی بە هاوکاری و یارمەتیەو زیرەک لە حەژمەتان شەو تا بەیانی ئارام ناگرێ و بەیانی زوو دەچێ نوسراوێک لە ئیدارەی ڕادیۆ وەردەگرێ بۆ جەمعیەی شێروخورشید عەرەبانەیەکی کەمئەندامی بۆ وەردەگرێ و بەپەلە بۆی دەباتە مەهاباد)،

زیرەک وەکو باسی لێوە دەکەن پیاوێکی قسەخۆش ونوکتەبازو دڵباز بوو قەت لە بیری ئەوەدا نەبوو قرانێکی کە هەیبوە بیکا بە دووان، میواندۆست بووە و بە قەولی مام عەلی لە تاران زۆربەی ئێواران ئەودەنێرێتە ئوتێل حەقیقەت بۆ هێنانی موسافیرە کوردەکان بۆ شام خواردن وخەوتن لە ماڵی خۆی، ئەو ژینگەپەرست بوو بەزەیی بە ئاژەڵ وگیاندارانداد دەهاتەوە، زیرەک سەروساختێکی باشی لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی تەریقەت لە زەمبیل و بەتایبەت خودی سەیدی نورانی وسەید کامیلی ئیمامی ( ئاوات ) ی شاعیر هەبوو و ببووە خۆشەویستی ئەو ماڵباتە دیندارو متەسەوفە خاوەن خانەقایەو ئاقیدەی زۆری پێانبوو تەنانەت میدیا خانم لە کاتی دووگیانیدا دوعاگۆی ئەوان بوو ومەهتابیش هەر لە نێو ماڵی ئەوان هاتەسەر دونیا، شاکارە شیعرەکەی سەید کامیلی بە ناوی شەو ( نوری ڕوخسارت وەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شەو. .. هتد ) گیان بەبەردا کردو و بە یەکێک لە گۆرانیە ناوازەکانی دەژمێردرێ وگۆرانی زەمبیل ( لەو دەمەی ڕۆژ دەگاتە ئێوارێ. ..هتد ) یش وەسفێکی باڵاو ئەفسوناوی گوندی زەمبیل وزەمزەمەو وکۆڕی زیکرو دەنگی دەفی خانەقای مەڵبەندی ئەو بنەماڵەیەیە، دیارە لە پەنای زۆربەی گۆرانیەکانی زیرەک چیرۆکێک وسەرگوزشتەیەک خۆی حەشآر داوە، دیسان عەلی یاسەمینی دەڵێ : ( لە ماڵی شێخ کچێک لێوانێک ئاوی بۆ دێنێ و زیرەک دەڵێ ئەوە کێ یە ؟ دەڵێ منیش ووتم ئەوە ساحبە خانمی کچی شێخە نەکەی گۆرانی بەسەردا بڵێی، ووتی نا ناوی ناهێنم وپاشان بەو ئیلهامەوە ( لۆرکێ لۆرکێ ) دەچڕێ وهەروەها دەڵێ کولفەتێکی ماڵی شێخیش زۆر شۆخ وشەنگ بوو زیرەک بۆ ئەویش گۆرانی ( کراس ڕەشێ ) تۆمار دەکات و سەبارەت بە گۆرانی ( خۆم بە خولامی سوخمەی کۆنی. .. هتد ) یش مام عەلی



حەسەن زیرەک و ساکارو ئارەزوو

دەڵێ : ( لە تاران بوین شەوێکیان لە بیری چوو بوو بەیانی بەرنامەی هەیە وهیچی ئامادە نەکردبوو داوای لێ کردم شتێکی بە بیر بێنمەوە و منیش یەک دوو کەلیمەم لەم گۆرانیە فولکلۆرە بۆ گوت و ئەویش ئەو شاکارەی لێ خولقاندو بەیانی تۆمار کرا )، لە ماڵی شێخ دەبی بەیانی زوو دەیەوێ بڕواتە کرماشان و بە دەوامەکەی لە ڕادیۆ ڕابگا و درەنگی دەکەوێ ولەسەر ئاوو ئاگر دەبێ وشێخ هەر لە ماڵەوە نایەتە میوانخانە وتا ڕوخسەتی لێ بخوازێ و ماڵئاوایی لێ بکات وبڕوات، ناچار لە پەنجەرەوە بە گۆرانی ( وەرە قوربان. ئارامی دڵان. . هتد ) شێخی ئاگادار دەکاتەوە وپاشان لە کرماشان تۆماری دەکات، گۆرانی ( نەمام نەمامە ) یش هەر لە ناو باغی زەمبیل دەچڕی ولە جحێلیدا دڵی دەچی بە کەتانی کیژی حاجی ساڵحی حەریری وبەم بۆنە ( کەتان کەتانە ) دەچڕی.

حەسەن زیرەک لەسەعات ( ٩/٨ ) ی شەوی ١٩٧٢\٦\٢٦ لە پای نەخۆشیەکی گران کوچی دوایی دەکات و بە پێی وەسیەتەکەی خۆی دەبوایە لەسەر کێوی ناڵەشکێنە یان کانی مراد بنێژرێ وهەفتەیەک لە ( مەدرەسەی بوعەلی ) پرسەی بۆ دادەنرێت، زیرەک چەندین جار دێتە خەونی دایکی ومام عەلی وگلەییان لێ دەکات کە لەو گۆڕستانەی تێیدایە بیگوازنەوە ناڵەشکێنەو وەسیەتەکەی جێ بە جێ بکەن، شەوێکیان مام عەلی ومینەی برای بەبێ دەنگی پێش ڕۆژهەڵات تەرمەکەی دەگوازنەوە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە.


شێخانی زەمبیل هەوڵیان دا لە ڕێگای مەلا مستەفاوە بینێرنە ڕادیۆی ( پەیکی ئێران – بەشی کوردی) لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە دەنگی تودەی ئێران بوو و لەلایەن ماموستا حەسەنی قزڵچی و کەریمی حیسامی وبە هاوکاری عەلی گەلاێژو ڕەحیمی قازی بەڕێوە دەبرا، بۆچی زیرەک دەڵێ : هونەر لە نێو کورددا قەدری نەبوو هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەداو کارێکی نەکرد بە شوێنیدا بچم چونکە کوردم. . حەز دەکەم بچمە ژێر گڵەوە و بەشەری کورد نەبینم، زیرەک لە ژیانیدا ستەمدیدە بوو لە لایەن عێراق وئێران و کوردگەلەکەی خۆشمانەوە دەچەوسێندرایەوەو هەمیشە لە ژێر موراقەبەی ساواک دا بوو و بەپێی بەڵگەیەکی ساواک لە تاران شەوان هاتوچۆی ماڵی دکتور هاشمی شیرازی مەهابادی خزمی قازی محەمەد وکۆنە ئەندامی ( ژ. ک ) دەکات ولە ڕادیۆی کرماشانیش بە پێی بەڵگەیەکی تر بەوە تاوانبارکراوە کە بەهۆی بەرنامەی ( ئێمەو گوێگرەکان ) لە گەڵ میدیای خێزانی پەیوەندی سیاسی نێوان کوردان ڕێکدەخەن، بەهەرحاڵ ئەم هەویرە ئاوێکی زۆر دەکێشی، زیرەک ئوستورەو ئەفسانەیەکی هونەری دەگمەن وبێوێنە بوو ئەستەمە جارێکی دی مێژووی کورد فەلتەیەکی وا بداتەوە و نابیغە و نادیرەیەکی وا بە کورد ببەخشێتەوە.



فاتمەی زەرگەری کە بەدووقۆڵی لەگەڵ حەسەن زیرەک گۆرانی (گولدر) دەڵێن

# نوری عەتری گلۆڵانی

# یادگاری ڕێبازی شیعری موکریان و تێکۆشەرێکی بەرگریکار لە مافی جوتیارانی موکریان



پۆرترێتی نوری عەتری گلۆڵانی

**ئەری** دەبێ هەر ئێمەی کورد وا بین یان گەلانێکی دیکەش هەبن هەر بەچاو سێرە لە ئاکارو ڕەفتاری یەکدی بگرنو پێیان وابێ ئەتو چی دەبێ ببە، جەردە، گەندەڵ، دەرچوو لە یاسا یان دڵسۆزو نیشتمانپەروەرو مەرد بە گرنگ نیە مادام دەچیە شاخو تفەنگ بە دەوڵەتەوە دەنێی تۆ هەم شۆڕشگێرو سەربەرزی و وڵاتپارێزێکی ڕەندو بە تەرزی، بەپێچەوانەوە نووسەر بە، شاعیری گەل بەو نیشتمانپەروەرو زانای چاک بە با بۆ بەرژەوەندی میللەتو خزمەتی خەڵکو وڵاتەکەشت بێ مادام لە کۆڵانی تەنگەبەری سیاسەت شانت داوە لە شانی پیاوانی دەسەڵاتو دەوڵەتو موسایەرەو مونازەرەی حکومەتت کردوە پولێکی قەڵپ ناهێنیو دەبێ تێکەڵ بە جاشو ماش بکرێیو ئامادەی ڕۆژێ حیسابی دادگای گەل بی، ئەم تەرازوو و معیاری سۆزداریە لای ئێمەی کوردا هێشتا وەکو ڕبەکەی تەقتەق شوێنەواری هەر ماوەو بەو پێودانگە هێشتا نەتوانراوە گەنمو مێکوتە لێک هاوێر بکرێنو زۆر مرۆڤی جوامێرو سەنگینی پێوە سووتاوە.

یەکێک لەو کەڵەشاعیرە هەست ناسکو میللەتپەرستەی کە بە کوچکەیەک لە سێکوچکەی شاعیرانی کۆماری کوردستان(مەهاباد) دوای هەژارو هێمن دادەنرێو ئەندامی کۆمەڵەی ژێکافو کە لە هەموو ژیانیشیدا بۆ کورد ژیاو لە کورد مرد موحەمەد نوری گلۆڵانیە کە نازناوەکەی (عەتری) یە، بەشێکی

زۆر تەمەنی ئەم دواییەی بە دوورەپەرێزیو گۆشەگیری بردە سەر و تەنیایی بە خۆیەوە گرتبوو، عەتری ناوی موحەمەدی کوڕی میرزا ئەبوبەکرە لە (یانزەی ڕەشەمەی ١٣٠٥ شەمسی ئێرانی) لە گوندی گلۆلانی خوارووی ناوچەی بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دونیای زوڵمو نادادپەروەریو حەسرەت هەڵێناوە، لە سەرەتادا جگە لە جزووی عەممەو سورەتەکانی تری قورئان سمایل نامەو ناگەهانو گوڵستانو بوستانو عەوامیلی جورجانیو تەسریفی زنجانیشی خوێندووەو تەواو کردووە، ئەو دەڵێ : ( باوکم سەفەرێکی گەرمێنی کردو چەند کتێبی کوردی لە سلێمانی بۆ هێنابووم و زۆرم شایی بە خۆم بوو کە دەمزانی بە کوردی بیانخوێنمەوە) ڕۆژێکی کە ئەمنیەی چاوزەق پێی دەزانن و پێش ئەوەی بگەنە ماڵەکەیان باوکی خێرا دەیانکات بە خۆراکی ئاگری تەنوورو ئەمنیەکان دەست لە گونان دەهێڵێتەوە بەڵام ڕۆحی عەتریش لەگەڵ کتێبەکان دەسوتێ، لە سەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانیدا ئێران دەکەوێتە بندەستی دەوڵەتانی هاوپەیمانو حکومەتی ناوەندی شیرازەی دەپسێو نەزمو نیزام لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە.

### عەتری ئاوات دەنێژێو تاڵی دەچێژێ :

لەو زەمانەدا خدرئاغای گلۆلان فشاری بۆ دێنێ کە ئەگەر ئەویش وەکو باوکی لە پێشوودا نەیەتە لایو نەبێ بە میرزاو دەرسبێژی مناڵەکانی ئەوا نانبڕاو و لە مولکی خۆیشی دەری دەکات پاشان جگە لەم کارەی دەبێ بە یاوەریشی بۆ شارەکانو کاروباری دائیرەکانو هەر بەو هۆیەشەوە عەتری چاوی دەکرێتەوەو چەند جار دەچێتە مەهابادو لەوێ بواری بۆ دەرخسێ تێکەڵ بە لاوانی شۆڕشگێر بێو دەکەوێتە ناو کێڵگەی کوردایەتیو بەهۆی پێشینەی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەریەکەیەوەی هەر زوو دەیخزێننە ناو بازنە ڕێکخراوی شۆڕشگێری کۆمەڵەی (ژ. ک ) و لە ڕێگای عەبدولڕەحمانی کەیانی بە دوو هەڵسوڕاوی ژێکاف وەکو دڵشادی ڕەسولیو مەلاقادری مودەڕیسی ئاشناو پەیوەست دەکرێو ڕیوڕەسمی سوێندخواردنی ئەندامێتی کۆمەڵە بەجێ دەگەیەنێ کە خیانەت بە نەتەوەکەی نەکاتو ڕازی کۆمەڵە نەدرکێنێو تا دوا ژیانی وەفادار بێ بە کۆمەڵەو ژنو پیاوی کورد بە خوشکو برای خۆی بزانێو تێکەڵ بە هیچ ڕێکخراوێکی تر نەبێ، بۆیە دەڵێ: ( لە پاش بوونم بە ئەندام لە ژ.ک دیمەنی وڵاتو سیماو نەتەوە لەبەرچاوم گۆڕابوون و بێگانەم نەدەدی، هەمووی ئاشنابوون، بێوەفاییم نەدەدی، هەموو شتێ لە زەینمدا باوەڕ بوو...هتد)، لە ساڵی ١٩٤٤ حاجی حەمەد ئاغای حیسامی کەڵەپیاوێکی ناودارو لە خواترسو گەورەی بنەماڵەی مەعروفیان لە عێلی دێبوکریو هاوبارو هاوکاری پێشەوا قازی بوو و عەتری دەباتە لای خۆیو دەیکاتە مامۆستای منداڵەکانی خۆیو ژیانو گوزەرانیشی بۆ فەراهەم دەکاتو لەوێ لەگەڵ خالیدی حیسامی(هێدی شاعیر) ی کوڕی حەمەد ئاغا دەست دەکەن بە گڕوگاڵی شیعرو دانانی هۆنراوەو درێژەدان بە تێکۆشانی کوردینی لەنێو(ژ.ک) دا هەرچەندە عەتری لە ژیاننامەکەی خۆیدا گلەیی لە مام هێدی دەکات کە بۆچی لە(کاروانی خەیاڵ)ەکەیدا

ناوی عەتریو ئەو ڕۆژگارەی پێکەوەبوونیان ناهێنیو ئاوڕێکی لەو دۆستایەتیەو هاوخەباتیو هاوماڵیان نەداوەتەوە. دیارە یەکەم شیعری عەتری بەناوی( یا وەتەن یان مردنم ) کە تێیدا هێرشی بردبووە سەر شای ئێرانو لە ڕۆژنامەی کوردستانی کۆماردا بڵاو ببوەوەو پاش ڕووخانی کۆماریش لەلایەن ڕژێمی شاهنشاهی بۆی ببو بە بەڵاو هەمیشە پێیەوە تاوانبار دەکراو جەمشید ئامۆزگاری سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتیش لە چاوپێکەوتنێکدا ئەو شیعرەی بەچاودا دەداتەوە.

**دوادیداری عەتری لەگەڵ پێشەوا**

حەمەدئاغاو هەژاری شاعیر وەکو دوو نوێنەری پێشەوا کە لە سەقز دەگیرێنو پاشان بە هەوڵی سەدری قازی ئازاد دەکرێن ئەو دەم کە سەروبەندی ڕووخانی کۆمارو هاتنەوەی دەوڵەتو سوپا بوو بۆ کوردستانو دوای بەربوونیان هەژاری شاعیر بۆ عێراق تێیدەتەقێنیو حەمەدئاغاش عەتری دەنێرێ بۆ ناو شار بۆ سۆراغی پێشەواو دیدەنی کردنی کە بزانێ لە پای هاتنەوەی دەوڵەت چارەنووسی ئەوان چی دەبێو پێشهاتەکان بەرەو کوێ دەچن، عەتری لە مەهاباد وێرای دیدەنی حاجی بابە شێخ و سەیفی قازی لە دەفتەری خۆیدا (پێش دامەزراندنی کۆمار لە دادگوستەری _مەحکەمە) چاوی بە پێشەواش دەکەوێو پرسیاری ئەوە لە قازی دەکات کە بە نیازی چی یە ؟، عەتری دەڵێ: لەپێش پەنجەرەکە کەمێک خۆی لار کردەوە بۆ لای مەیدانی چوارچراو گوتی کوڕم عەتری مەیدانی چوارچرا دەزانی؟ گوتم بەڵێ، گوتی دە ئێوە دەبینن من لەو مەیدانە لە سێدارە دەدرێم بۆیە ئەوەی دەڵێم هەتا کوردستان، هەتا نەتەوەی کورد پێ بزانن کە قازی موحەمەد فریوی نەخوارد. دیارە قازی دەیزانی ئیعدام دەکرێ بەڵام ئامادە نەبوو میللەتەکەی جێ بێڵێو خۆی تێی بتەقێنێ.

**عەتری دەبێتە نوێنەری مەجلیسی شورای میللی ئێران**


عەتری دەڵێ: لە ساڵی ١٩٧٥ کە هەڵبژاردنی دەورەی (٢٤) هەمینی مەجلیسی شورای کات ڕاگەیاندرا گوندنشینانو زۆربەی خەڵکی شار دەورەیاندام کە بچمە نێو ئەو ململانێیەو بەشداری هەڵبژاردن بکەم تا لە مەجلیس بەرگری لە مافەکانیان بکەمو لەوە زیاتر مافەکانیان بەدەست نوێنەرانی داسەپێندراو بە فیڕۆ نەچێ. دیارە ئەوە یەکێک بوو لە فرسەتە باشەکانی دوای تێکچوونی سیستەمی (ئەربابو ڕەعیەت) و ئیسلاحاتی زەوی و زار لە ئێران بە ناوی (شۆڕشی سپی _ انقلاب سفید) بە قازانجی جوتیارانو دێهاتنشینان، هەڵبەتە بەهۆی پێشینەی دڵسۆزیو پاکیەوە عەتری بە گونجاوترین نوێنەر دەزانرێ لە لایەن جوتیارانو ڕەعیەتانەوە کە بەرگری لە مافە ڕەواکانیان بکات لە ئەنجومەنی میللی ئێران، عەتری لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ:

(ئەمن چواردەساڵ بوو مەسلەحەتو قازانجی خۆم لە پێناوی گۆڕانکاریو پێداویستی چینی دەهقانو کەشاوەرزان نابوو)، بەبێ پشتیوانی دەوڵەت هەموو ڕۆژێ لە مەیدانی ژاڵەوە بە پێیان ڕێگای ئەنجوومەنی

کوتاوەتەوەو ڕاکەڕاکەی کردووە بۆ لای سەرۆک وەزیرانو دەسەڵاتدارانی دەوڵەتو بەربەرەکانیی لەگەڵ دەرەبەگو ئەربابانی موکریان درێژە پێداوە و عەتری چاونەترسانەو بێ فرتوفێڵ سەرکردایەتی ئەو شێوازە خەباتەی کردووە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک دەستکەوتی وەکو بڕینەوەی مووچە بۆ حافیزانی قورئان خوێنان لە بۆکانو ڕۆحانیانی ئەهلی سوننەی ناوچەکە سایلی ڕۆحانیانی شیعەو لەو ماوەیەدا عەتری دەڵێ: نزیکەی (٣٠) تا (٣٥) بەرنامەی کارەباو لوولەکێشیو قوتابخانەو مزگەوتو پردو جۆمال خاوێنکردنەوەی کارێز لە گوندان دامەزرا. عەتری لەکاتی پشوودانی مەجلیس کە نوێنەرانی دیکە بۆ گەشت دەچوونە ئەورووپاو چین بەڵام ئەو دەهاتەوە موکریان دێهاتو مەزرا دەگەڕاو لەبن سێبەری دیواری مزگەوتان لەگەڵ وەرزێران دادەنیشت و لە کێشەکانیانی دەکۆڵیەوە.

**نوری عەتریو دادگای ئینقلابی ئیسلامی لە مەهاباد**

لە هەراو زەناو بگرەو بەردەی شۆرشی ئیسلامی ئێران پانزە کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی میللی ئێران لە سێدارە درابوون،عەتری دەڵێ: (ناحەزیم زۆر دەدیو پیشم دەخواردەوەو قرِوقەپ دەرکی بێدەنگیم لە خۆم پێوە دابوو) دیارە هەندێک لە بێچووە دەرەبەگە قین لە دڵەکانی بە ناوی حزبی دیموکرات لەپای خەباتی پەرلەمانی بۆ جوتیاران دژی ئەربابان عەتری دەگرنو ڕاپێچی دادگای ئینقلابی ئیسلامی دەکەن بەڵام ئەگەر هەژارو هێمن لە دەرەوە ببوون بە سیمبۆلی بەرخۆدان، ئەوە عەتریش لە پای پێشینەکانی خۆی لە ناوەوەی وڵات وەکو بت دەیانپەرستو دەیانپاراست, لە دەمی گورگ نەجاتیان داو پاشان ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە پاراستنی خەڵکو بەرزەفت کردنی ئاژاوەگێران لە تێکدانی ڕەوتی شۆڕشگێرانەی ڕاپەڕیوانو شێوازی داخوازیەکانیان لە مەهابادو بۆکان بە هاوکاری شێخ عیزەددینو مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدیو قاسم ئاغا، لە ساڵی ١٩٨٣ دوای گرتنەوەی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن سوپای ئێرانەوەو ئاودیوکردنی پێشمەرگەی دیموکراتو کۆمەڵە بۆ دیوی عێراق، نوری عەتریش کە سەر بە هیچ حیزبێکیش نەبوو لە تاو حەیاو حورمەتی خۆی دوو ساڵان وەکو خێو بە کێوانەوە بوو و لە پاشان بە هەوڵی عەولاخانی بانەو مەلا ئەبوبەکری شەفیعی ئیمام جومعەی بۆکانو سەید ڕەحمانو هەندێ لە ڕوحانیانو فشاری جەماوەری ناوچەکە دەوڵەتو ئیدارەی ئیتلاعات ناچار دوای ماوەیەک زیندانی کردنو هێنانو بردنی وازیان لێ هێنا لە ماڵەکەی خۆی تا دوا چرکەساتی ژیانی لەپەراوێز و دوور لە چاوان بە گۆشەگیری ڕۆژگاری ڕەشی خۆی بەڕێ بکات.


عەتری و شیعر خوێندنەوە لەماڵی خۆیدا

## شەوێکو خەونێک، بستووی ژیان

هەژاری موکریانی وتوویە زۆر جاران لەسەر دوندی چیاکان لەگەڵ هێمن لە کاتی ڕۆژپەری ئێواران بە یادی وڵات شیعرە ناودارەکەی( لەسەر بستووی ژیان ) ی عەتریمان دەخوێندەوە، عەتری شاعیرێکی ئەوەندە تەڕدەستو شیعرەکانیشی ئەوەندە تەڕو پاراوو ناسک بوون چوڕاوی عەتریان دەبەستو گوڵاوپرژێنی عاشقانی چاوکەژاڵانو ناسک خەیاڵان دەکەنو پێی مەستو خووست دەبن، بۆ تەواو ناساندنی ئەوەندە بەسە بڵێین عەتری یەکێکە لە پایەکانی سێکوچکەی شاعیرانی کۆمارو هاوشانی هێمنو هەژارە، « لەسەر بستووی ژیان» هۆنراوەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵە ڕەشەکانی ١٩٤٦و١٩٤٧ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانو قەڵای هیوای عەتری، ئەو دەڵێ: ئەمنی بە تەنیا ماوە وەک یەهودای سەرگەردان لەو هەڵدێر بۆ ئەو گوڵو ئەستێر دەبوو خۆم ببوێرمو سێبەرم وەشێرم شەقاوم شل دەبوو، هەنگاوم کول دەبوو، نە ڕۆژ دەبڕایەوەو نە شەو دەپسایەوە، ڕۆژانە لە بن شاخو بەردێکو شەوانە لەنێو شیوو وەردێکدا دەکەوتمو دەخەوتم بە تاوانی ماجەراجۆو بێگانەپەرست.... هتد وەک سێبەر لە ڕووناکی دەڕەوێمەوە.

### لەسەر بستووی ژیان

لەسەر بستووی ژیان وەک داری چاکی
بەتەنیا مامەوە بێ بەرگو بێ بەر
گەڵێک بێ تینترە تاوی هومێدم
لە زەردەی ڕۆژپەری مانگی خەزەڵوەر
شەوی تاریک وەرە بکشێ بەسەرما
کە ئامێزت پەنای ڕۆژگار ڕەشانە
وەکو وژێنە چرای ئەستێرەکانت
کە ڕوو زەردیم لەبەر تالیع گەشانە
لەگەڵ ڕۆژی هومێد ناڵێکە هیوام
وەکو سێبەر لە ڕووناکی ڕەویوم
هەناسەی لێبڕا بای فێنکی ئاوات
بە کورەی داغی حەسرەت داچزیوم
لە چۆل و بەردەڵانی قاقڕی ژین



حەمەد ئاغاو خالید (هێدی)ی شاعیری کوڕی

لەپێ کەوتووم تەریکو دووره دەستم
بەڵام دەنگێ وەکوو خەونێکی هاڵوز
بە گوێی ڕۆحما دەچرپێنێ کە هەستم
بە دەستە کوتە دەرو دیوارو قوژبن
هەتا ڕوچنەی نەجات بست بست دەپێوم
بزانم تیشکی سەربەستی لە کوێ ڕا
دەدا شۆقو بزەی داوێتە لێوم
برۆ ئەی شەو، وەرە ئەی ڕۆژی هیوا
لە چاڵاوی بەڵای دیلیم دەرێنە
لەسەر قسنی فەنای ئاواتەکانم
پەڕۆی ئاڵای هومێدم ڕاوەشێنە

(ئەمنو سەعدونو پەپولە) یش یەکێکە لە پەخشانو قەسیدە شیعرێکی زۆر بەرزو ناسکی ئەو، عەتری ڕازو نیازی بە شیعر لەگەڵ شاعیرانی وەکو سەید کامیلی ئیمامی(ئاوات) و (هێدی)و حاجی سەید جەمیل گۆڕیوەتەوەو هەنگنامەی جەفەنگنامەی جوانیشی لە دووتوێی شیعردا ڕازاندۆتەوە، شیعرە درێژەکەی (منو گوڵە سوێسنێک) یش کە لە ژمارەی (٧٤) ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی سەردەمی کۆمار بڵاوکراوەتەوە نمونەیەکی بەرزی شیعری ئەو سەردەمی نوری عەتریە.


نوری عەتری ڕۆژی دووشەممەی ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ لە تەمەنی (٨٢) ساڵی لە شاری بۆکان کۆچی دوایی دەکات ودوا ئاواتەکانی دەنێژرێ و بە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار دەبردرێتە گوندی عەنبارو لەوێ بە خاکی پاکی موکریان دەسپێردرێ.

**سەرچاوەکان:**


-شەوێکو خەوێک/ بستووی ژیان-سەلاحەدین ئاشتی-بنکەی ژین
-ڕۆژنامەی کوردستان- کۆکراوە بە چواربەرگ- بنکەی ژین
-پەیجی کوردیپیدیا
-شیعری بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێران- مەحمود زامدار

# سەید ڕەحیمی قورەیشی

## ئەو دەنگە دڵنشینەی ڕۆحی بەبەر شیعرە ناسکەکەی ( گۆران ) دا کرد



سەید ڕەحیمی قورەیشی

**ئەگەرچی** نەشتوانم بەچاو خاکی وولات بکێلم، ئەوە بەخەیاڵ هەندێ جار ئەوسەر بۆ ئەوسەری وولات تەی دەکەمو لەهەر کونجێک، لاچەپ و گەوەنێک ناوی گۆرغەریبێک، گومناوێکم بیستبێ لەوانەی ڕۆژگارێک عەتریان لێ چوڕابێتەوەو بۆن و بەرامەو گەوهەری یەکدانەیان بۆ گەلو هۆزیان بە میرات جێ هێشتبێ چ لە بواری ئەدەب یا هونەر بەهەموو چڵو پۆپەکانیەوە بەدوایەوە وێڵ دەبووم، ساڵانێکی زۆر بوو لە ڕادیۆ کوردیەکان شیعرە بەرزەکەی مامۆستا گۆرانی نەمر بەدەنگی دەنگبێژێک بەناوێکی سەیر (سەید ڕەحیمی قورەیشی) یم دەبیست (بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە، لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە، شەونمی درەخت لەڕووم پژاوە، لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە) لەهەر یەکێکت دەپرسی ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشو بەو هەستە ناسکە کە ئەو گۆرانیە دەچڕێ کێ یەو کوێندەریەو چ کارەیە ؟، بەداخەوە چەند ئاگای لە مەحمودی بێ زەواڵ هەبوو هەر هێندەش سەید ڕەحیمی دەناسی. ئاخۆ دەبێ هەر ئەو گۆرانیەی وتبێو لەچ بوارێکی دیش کارامەیە، هەموو ئەو پرسیارانەو پرسیار گەلێکی دیش لەناو هزرو ئەندێشەی من بێ وەرام دەمانەوەو پێیەوە دەتلامەوە تادوای ڕاپەڕینو واڵابوونی دەرگاو دەروازەی چوار ئاڵی کوردستان بەتایبەت ڕۆژهەڵات زانیمان ئەو کەڵە بەهرەمەندە، ڕەندو مەندە خەڵکی کوێ یەو بەرهەمەکانی چۆنەو چەندە، ساڵی ١٩٧٤ لە زینوێی شێخی نزیک حاجی ئۆمەران لە

دەورەیەکی شارەزا بوون بە (چەکە سامناکەکان) بووین کە شۆرش بۆ خۆپاراستن لەو چەکە کوشندەیە، بەتایبەت کیمیاوی کردبوویەوە، هەموو عەسران بۆ پشوودانو هەسانەوە دوای هیلاکی دەرس خوێندنو زاخاودانی مێشکم لە هاورێکانم جودا دەبوومەوەو خۆم دەخزاندە ژێر سێبەری دار چنارەکان یان ژێر دار بەڕوویەک لەقەد پالێکەوەو دادەنیشتمو گوێم بۆ ڕادیۆ نازدارەکەی ئەودیووی قەندیل لە شارەکەی پێشەوا قازی (مەهاباد) دەگرتو ئاوێتەی بەرنامەو گۆرانیەکانی دەبووم، بۆ ئەو کاتی من خۆشترین نەوایەک بوو بە بۆنو بەرامەی ئەم کوردەواریە کە جۆشو خرۆشێکی ڕۆح ئەنگێزی بەدڵو دەروونی عاشقانەو کوردانەمدا دەبەخشی وەکو گۆرانیەکانی شارۆخی، عوسمان بۆکانی، زیرەک، ماملێ، محمد دانش، خەلیلی سدیقی لەهەمووشیان زێدەتر ئەو گۆرانیە ناسکەی سەید ڕەحیم بوو کە باڵکێشی دەکردمو زاخاوی دڵو دەروونی دەدام و پەپولەی خەیاڵی منی وا مەست کردبوو کە لەسەر هیچ چلو گوڵێک ئارامی نەدەگرتو لەم کێو بۆ ئەو کێو باڵی دەداو دەفڕی.

سەید ڕەحیم قورەیشی نەسەب هەم نووسەر، ویژەوان، ئەکتەرو شانۆکارو هەم بەرنامەسازو سترانبێژ، گەنجە چوستو چالاکو کۆڵەگەکەی بەڕێوەبردنی ڕادیۆ مەهابادی جاران، ئەو بەهرەمەندە ئاشناو بیر ڕۆشنایەی خۆشەویستی خەڵکی ئەو شارەو دەڤەری موکریان لەساڵی ١٩٣٠ لەشاری مەهابادی ڕەنگینو لە دڵاشیرینو لە کوردایەتیو نیشتمانپەروەری سەنگین لە گەرەکی(پشت قەڵا) چاوی جوانی بەدنیای بێ وەفا هەڵدێنێ، خوێندنی سەرەتایی لە مەدرەسەی سەعادەت(پەهلەوی پێشوو) و ئیبنی سینا زیرەکانەو سەرکەووتوانە تەواو دەکاتو تا بە دەستهێنانی دیپلوم (دواناوەندی) درێژە بە خوێندن دەدات، سەید ڕەحیم هەر زوو لە منداڵیەوە خولیاو ئارەزووی نواندنی شانۆیی دەچێتە کڵێشەیەوە پاشان وەکو



سەید رەحیم لەگەڵ هونەرمەند محەمەدی ماملێ

شانۆکارێکی سەرکەوتوو گەلێک شانۆگەری وەکو( باوەش، عەدالەتی بەشەر، باڵندەی شین، خانوی ئەرواح)، ئاسمانی شین، هەر خۆم تەنیا، نیشو نۆش،...هتد) دەخوڵقێنیو بەرهەمدێنیو دەیان پییەسی کۆمیدیو تراژیدی، میلودرامی دەنوسێتەوەو نواندنو دەرهێنانیان بۆ دەکاتو سەرپەرشتی زۆر لە چالاکیە هونەرەیەکانی خوێندنگاکانی مەهاباد دەکات.

ساڵی ١٩٧١ ی زاینی کە شاری مەهاباد (سابڵاخ) ئێستگەیەکی ڕادیۆی تیا دادەمەزرێ بە هێزی(٤٠٠) وات هەر زوو شۆڕەسوارێکی بێ ڕکابەری ئەو مەیدانە سەید ڕەحیم دەبێ کە ئەسپی توانا هونەریەکانی خۆی تیادا تاو دەداتو دەبێتە سەرتۆپی ڕادیۆکەو بەرنامە گەلێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو کورتە چیرۆکو شانۆگەری ساز دەکات بەتایبەت بەڕنامەی(گوڵانی گەشی کوێستانی کوردستان)و لە هەمانکاتیشدا وەکو گوێندەیەکی بەتواناو خۆشخوان خۆی بە مەهابادو دەڤەری موکریانو کوردەواری دا ئاشنا دەکات.

سەید ڕەحیم هەمیشە پێی وابووە دەنگخۆشی بەس نیە بۆ سترانبێژی بەڵکو دەبێ شارەزای یاساو ڕێساکانی چڕینو نۆتەبەندی ئاواز بێتو شیعری بەهێزو بەپێز ئیختیار بکرێ بۆ گۆرانی، بۆیە هەر زوو دەستی برد بۆ یەکێک لە شاکارە ناسکەکانی (گۆران) ی شاعیر بەناوی(ئافرەتو جوانی) کە هەر خۆشی ئاوازی بۆ داناو بە ئەدایەکی دڵنشینانەو بەشێوازێکی نەرمو شیرین پێشکەشی کرد، جگە لەوەش(١٩) نۆزدە گۆرانی دیکەشی تۆمار کردوە کە تائێستا بەدەگمەن خەڵک پێی ئاشنا بوون کە (٥) پێنج لەم گۆرانیانە تائێستا دیارن هەرچەندە گۆرانیەکانی دیش زۆر دانسقەو دەگمەنن بەڵام (بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە.. هتد) شوێن پێی بە وانی دیکە لەق کردوەو بەشێوەیەکی سەیر جێی خۆی لەناو هەناوی عاشقانی سروشتو جوانی کردۆتەوە.

قورەیشی سەرباری هەموو ئەوانە، ئەو نووسەرێکی چاک بووەو دەیان چیرۆکو قسەی نەستەق بەسەرهاتی مێژوویی، کۆمەڵایەتیو حکایەتی دەڤەری موکریانیشی لەسەر زاری کۆنساڵان کۆکردۆتەوەو



سەید رەحیم لەکاتی گۆرانی وتندا

خۆیشی تا خوا حەز دەکات لاوێکی خوێن گەرمو قسەخۆشو شیرین کەلام بووەو چەندین تەنزو نەزیلەو چیرۆکی داهێناوەو نووسیوەتەوەو لە ڕادیۆی مەهاباد بڵاوی کردۆتەوە کە خانم زینەبی قورەیشی زۆربەیانی کۆکردۆتەوەو لەکتێبێکدا چاپی کردووە کە بەڕاستی کوێستانی فێنکی دڵانەو سوکنایی زۆر دەدات بە دەروونی خوێنەرانی.

دەڵێن سەید ڕەحیم لەسەر داوای دکتۆر فەراحەت بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵێکی گەورە لە شیراز گرووپێک پێدەهێنێ لە محەمەدی مامڵێو عەزیزی شارۆخو مەلا حوسێنی عەبدولازادەو بەشداری لەو میهرەجانە دەکەن کە هونەری کورد بە گەلانی ئێران زیاتر دەناسێننو فیستیڤاڵەکە دەرازێننەوەو لەناو بەشداربووواندا دەنگدەداتەوەو سەرەنجی بینەرانو گوێگرەکان بۆ خۆیان باڵکێش دەکەن.

سەید ڕەحیم دیسان لە ڕادیۆ مەهاباد گرووپێک بۆ پێشکەشکردنی چیرۆک پێکدەهێنێ بەناوی (چیرۆکی شەو) کە دەیان چیرۆکی ناوازەو دڵبەند بەخوێنەران پێشکەش دەکەن، لەو چیرۆکانە (زیرۆی کۆمەڵ، فرمێسکی پەشیمانی، گەڕانەوە، کایەی ڕۆژگار، پیاوێکی دلێر، ژیانێکی ئاڵۆز..هتد) کە تائێستاش شوێنەواریان ماوە لەناو ئاوەزو خاتیرەی ژنو پیاوە بەتەمەنەکانی مەهابادو دەڤەری موکریان، دیارە چەندین بەرنامەی دیکەشی وەکو بەرنامەگەلی (ڕۆژ باش)، (خانوادە)، (شیعرو مۆسیقا) ئامادەو پێشکەش کردوە لەژێر نازناوی (دڵسۆز) بڵاوی کردۆتەوە.

قورەیشی بە کوردیەکی شیرینو پاراوی دەئاخافت جگە لەوەش زمانەکانی فەرەنسیو فارسی، عەرەبیش شارەزا بوو.

ئەفسوس ئەو پیاوەی ئەو هەموو بەهرەیەی تیا کۆببووەوە لە تەمەنێکی کورتدا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکانەوە لە ٨/حوزەیران/١٩٩١ گەنجینەیەکی بێشومار بەڵام شاراوە بۆ هاوەڵو هاوزمانەکانی جێ دەهێڵێو ماڵئاوایی لەو ژیانە بێ بارە دەکاتو بە ڕێورەسمێکی پڕ شکۆوە، بەخاکی پاکی پێشەوا قازی محەمەد لە مەهابادی قەڵای کوردینی ئەسپاردە دەکرێ.



**گڵکۆی سەید ڕەحیم بەکامێرای مێژوونووس فەرەیدون حەکیم زادە**

# شامیلی سەلیم عەسکەرۆف

## زمانزان، کوردۆلۆج، ڕۆژنامەوان، هۆزانڤان، وەرگێڕ، ئەتنوگرافو فولکلۆریست، دیرۆکزانێکی کورد لە کوردستانی سوورەوە



شامیلی سەلیم عەسکەرۆف

**هەندێ** جار بیر لەوە دەکەمەوە کە بۆچی دەبێ ڕووناکبیرو قەڵەمگێڕی ئەم باشووری کوردستانەی ئێمەمانان ئەوەندی هەوڵ دەدەن گوێیان ئاشناو چاویان بە ئەدەبو هونەرو مێژوو و کەلتووری بێگانە ڕۆشن بکەن هەرگیز خەیاڵیان بەلای ئەوەدا ناچێ کەمێک شارەزایی بە کەلتووری گەلەکەی خۆیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت کرمانجی سەروو پەیدا بکەن!! بەڵێ زۆرن ئەو نووسەرو ڕووناکبیرو تێکۆشەرانەی لەلایەکانی دیکەی کوردستان کە تا سەر ئێسقان بەندەوارو سەراسیمای ئەڤینی نیشتمانەکەیانن و ئەدەبو هونەرەکەیان ئاوێتەی خەباتو تێکۆشانو ڕێچکەو ڕێبازی وولاتپارێزی دەکەنو مەزنترین خزمەت بە میللەتەکەیان دەکەن کەچی ناوو شوهرەتیان لە کەوشەنە دەسکردەکان زیاتر تێناپەڕێو ناگاتە بەر دیدو زەینی پانتاییەکی پێویستی جوگرافیای کوردەواری. هەرچەندی بەناو ئەدەبو کەلتووری کوردانی قەفقازیاو ما وەرائول ئەنهار دا بگەڕێی بەڕاستی ئارەزووی گەشتێکی ڕووناکبیری پڕ لە حەزو خۆزگە دەکەیو وەکو (کوزر) چەندی زیاتری بکوتی زیاتری لێ پەیدا دەبێ. ئەو جارەشیان دیدارتان بە کەڵە مرۆڤێکی زاناو داناو فرە پسپۆڕیو هەمەبەهرە شاد دەکەم.

شامیلی سەلیمی عەسکەرۆڤ لەساڵی ١٩٢٨ی زایینی لە گوندی ئاخچەکەنتێ ی سەر بە باژێڕی کەڵەبجاڕی کوردستانی سوور کە دەکەوێتە نێوان ئازربایجانو ئەرمەنستان چاوی بەم دونیا جەنجاڵە پڕ

لە دەجالە هەڵهێناوەو لەمنداڵیەوە وێرای شوانیو بەرخەوانی لە گوندەکەی خۆیاندا قۆناغەکانی ناوەندیو ئامادەیی پەیمانگای بڵندی مامۆستایانو خوێندنگای بڵندی پارتیو زانکۆی پەداکۆژی (فێرکاری) لە ئازەربایجانی سۆڤیەت بەسەرکەوتوویی تەواو دەکاتو لە پای زیرەکیو سەرکەوتنی بەپلەی باڵا لە هەر سێ خوێندنگاکەی خوێندنی باڵا بە خەڵاتی زێرین پاداشت دەکرێو ڕێزی لێ دەندرێ. هەر لە زارۆتیەوە خولیاو ئارەزووی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی دەچێتە ناو ئاوەزو دڵو دەروونیەوە، شامیل بەو پێ یەی ڕەگو ڕیشەی دەچێتەوە سەر بنەماڵەی میرانی میرنشینی مەزنی شەدادیەکان زوڵمی زەمانەو هێرشی هۆڤیانەی مەغۆلو سەلجوقیەکانیش نەیانتوانیوە ڕیشەی ئەو ماڵباتە کوردیە دەربکێشنو ناسنامەی کوردایەتیان بسڕنەوەو ڕەگیان لەناخی چیاکانی کەڵەبجارو لاچین هەڵکەنن کە بە بۆنی هەڵاڵەو بەیبوونو مێلاقەی بەهارانی کوردستانی سوور مەستی ووڵاتەکەیان بوون بۆیە ئەو مەزنترین ئینسکلۆپیدیای نیشتمانەکەی بوو. جگە لەوەی مامۆستای ماتماتیک بوو چەندین وەزیفەی تریشی دیوە، سەرنووسەری ڕۆژنامە، سەرۆکی ڕێکخراوی لاوان، والی باژێر، بەڕێوەبەری خوێندنگا، بەڕێوەبەری پەروەردەی باژێر، سەرۆکی مۆزەخانەی مێژوویی جگە لەوەش لەئازەربایجان داوای لێ دەکەن پۆستی سەرۆکی زانکۆی باکۆ وەربگرێ بەڵام چاوی بەرایی نەدا گەلەکەی خۆی جێ بهێڵێو ئەو پۆستە ڕەت دەکاتەوە، لەسەردەمی کە ئەو سەرۆکی ڕێکخراوی لاوان دەبێ لە پێشبڕکیەکی یەکێتی سۆڤیەتدا ئەو ڕێکخراوە لەو پێشبڕکێیەدا پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێ لەهەموو سۆڤیەتدا.


شامیلی نەمر تەواوی ژیانی خۆی بۆ ڕووناهیبون وشیارکردنەوەی کوردانو خزمەت بە نیشتمانەکەیو دامەزراندنی پەیوەندیو دۆستایەتی نێوان گەلان تەرخان کردبوو و لەو پێناوەشدا زەحمەتی زۆری کێشاوەو ئاستەنگی زۆری هاتۆتە سەر ڕێو هەمیشە کۆڵی نەداوەو بەهۆی بەندەواریو دڵبەندی بە تێکۆشانی کوردایەتی لە ١٩٧٨ ی زاینی دا چوار ساڵان دوور لە ماڵبات تاڵاوی ناو زیندان دەچێژێو لەسەر ڕەوشی کوردانو تێکۆشانو مێژووەکەشیدا هەڵبەستێکی دوورودرێژی بە (٢٠) بیست هەزار بەیت داناوەو بیروڕای خۆشی لەسەر ئەو مژارە دەربڕیوە، لەناو دڵو دەروونی عەسکەرۆڤدا کوردستانی مەزن وا ڕەگی داکوتابوو کە هەموو خەونو خەیاڵی ئەو کەڵە ڕووناکبیرو زانایە ئازادی گەلەکەیو ڕزگاری خاکەکەی بوو و ڕەوشی خراپی کوردان وا پەرێشانی کردبوو کە خەوو خۆراکی لێ حەرام کردبوو و هەمیشە پێوەی دەتلایەوە، تەنانەت وا پابەندو شەیدای کوردستانی سوور بوو بەرد بە بەرد و دار بە داری ئەو وڵاتەی تەی کردبوو وا شارەزای ڕووبارو کانیاو چۆمو جوبارو شاخەکانی بوو کە ناوی هەموویانی لە زەیندا چەسپ ببوو تەنانەت وێنەی(٣) سێ هەزار گوڵی کێوی وڵاتەکەی گرتبوو لەناو مۆزەخانەکەی خۆیدا لەسەر شووشە چەسپی کردبوونو ناویشیانی بە ڕووسیو کوردی نووسیبوو، کەلەبجار بۆ شامیل نەک نیوەی دونیا بەڵکو تەواوی دونیا بوو، دەڵێن جارێکیان لەگەڵ شاعیری ناودار عەلی عەبدولرەحمان کە لە گۆیجەوە دەچنە کەڵەبجار لەڕێگادا (٥-٦) جاران ئوتومبیلەکە بە عەلی ڕادەگرێو دادەبەزێو سەیری شاخو داخو دیمەنی وڵاتەکەی دەکاتو لێی ڕادەمێنێو بۆنی گوڵو گوڵزاری بەهارەکە دەکاتو هەوای پاک هەڵدەمژێو دەچێتە سەر کانیو شەتاوان دەموچاوی دەشواتەوەو ئاوی سازگاری کوردستانی سوور دەخواتەوە. ئەو (٣٠) سی هەزار کتێبی لە کتێبخانەی ماڵەکەی دابوو و(٥) هەزاری

لەسەر کورد بوو کە لەپاش خۆی بۆ (هەژار) ی کوڕی بە میرات جێ هێشت کە ئەویش کۆپیەکی لە باوکی لە بواری ڕووناکبیریەوە، شامیل تەواوی ڕۆژنامەکانی (رێیا تازە) لە ئەرشیفەکەی دا هەبوو کە لەساڵی ١٩٨٩ بە گەورەترین کتێبخانەی ماڵان دەژمێردرا لە تەواویووڵاتی سۆڤیەت دا.


شامیلۆڤ ناوی تەواو و ساڵی لەدایک بوونو مردنی زۆربەی شاعیرانی کوردی لەهەموو کوردستانی مەزندا دەزانی هەر لە بابەتاهیرەوە تاکو هەژار موکریانی، هەر لەو بارەشەوە پرۆفیسۆر کنیازی ئیبراهیم دەڵێ:

هەر کاتێک باسی کوردان لە ئەدەبیاتی ئازەربایجان دەهاتەپێش خێرا شامیل دەیگوت ئەوە لە فڵان کتێبو فلان لاپەڕەو فڵان دێردا هاتووە.

دیارە شامیل عەسکەرۆڤ لەسەر ئەدەبیات، ئەتنوگرافیا، هونەری بەدەو (ئیستاتیکا) مێژووو هۆنراوەو هتد...بە زمانی کوردی، ڕووسی، ئازەری، زیاتر لە (٤٠) چل کتێبی چاپو بڵاو کردۆتەوە، نامەی دکتۆرایەکەی لە ١٩٦٨ لەسەر شاعیری ناودار (جگەر خوێن) ەو مەموزینی ئەحمەدی خانیشی لەساڵی ١٩٧٦ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی ئازەری، جگە لە شیعرو هەڵبەستەکانی خۆی چەندین شیعری فەقێ تەیران، مەلای جەزیری، گۆران، هەژاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئازەری، و بەدەیان شیعری ئازەریشی کردووە بە کوردیو لە کتێبێکدا بەناوی (پرا هەمیاری) لە باکۆ بە چاپی گەیاندووەو هەڵبەستی(٥٠) هەڵبەستیڤانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئازەریو لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردۆتەوەو فەرهەنگێکی (کوردی-ئازەری، ئازەری کوردی) بەناوی (مشار) داناوە وە پەیمانگای مامۆستایان بۆی چاپ کردووە، شامیلۆڤ وەکو سەربازێکی جەنگاوەرو شەرڤانێکی ئازاو جوامێر ناوبانگی لە ووڵاتدا پەیدا کردووەو خەباتو تێکۆشانی ئەم زانایە لەلایەن زۆر لە کەڵە ئەدیبو نووسەرانو نیشتمانپەروەران بەرز نرخێندراونو



شامیلی عەسکەرۆڤ لەئۆفیس و کتێبخانەکەی خۆیدا




داستانی مەم و زین
وەرگێڕانی شامیل

هەمیشە خەبات و تێکۆشانی جڤاکی خۆی بە خەباتی ئەدەبی و زانستی و ڕووناکبیریەوە گرێ دابوو و لە دەرەوەو ناوەوەی سۆڤیەتیش ناوو شوهرەتی پەیدا کردبوو، لەساڵی١٩٧٥ هەڵبەستە پڕ مەبەستەکانی شاعیری ناودار عەلی عەبدولرەحمانی لە کتێبێکدا بەناوی (سیانەت گرامی) بەچاپ گەیاندووە، شامیلی عەسکەرۆڤ ڕووناکبیرێکی مەزن و زانایەکی پڕ بەرهەم و دانا و وولاتپارێزێکی بەئەمەک و ماندوونەناس بوو، زۆر لە شاعیران و نووسەران لەسەر تێکۆشانی ئەم زانایەیان نووسیوەو پەسنیان داوە وەکو(تەیموری خەلیلی، کامبیز جبرائیلوف، ئەیهان ئەرکەنی، یوسف فەقێ ئاڤدەل، باریێ باڵا، قادری موتێ، عەگیدی قادر، نیزامەدین ئاککورت... هتد)، ئەوەش کۆپلەیەک لە شیعری باریێ باڵا لە پەسنی شامیلی عەسکەرۆڤدا:

مامۆستایێ، مامۆستایێ، شامیل عەسکەر
زمانێ تە پڕ شویتە، ئاڤ کەوسەر
تویی کانا ئولم، کەمال، مەعریفەتێ
نشا خاسی، خولوقییی ژ مودرەتێ
کێر- کرنێن تە، وەڵاتی مە کریە خنی
تە ئاڤ وەخار بەحرا خانی، بەحرا هەژار
دو خولخولی نۆلی دجلە، فرات، هەکار

لە دۆستە هەرە نزیکەکانی شامیلۆڤ ئەو ڕووناکبیرانە بوون:
زەینەل مەمەدۆڤ (لە باژێری ئاخدامی ئازەربایجان)، سولێمانی ڕەحیمۆف (نووسەری گەلی ئازەری)، قاسم قاسمزادە(پرۆفیسۆرو شاعیر)، پرۆفیسۆر کنیاز میرزۆییف (کوردناس)، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ (کوردناس و زمانەوان)، فەرەیدونی عەبدوللاییف(زانای ماتماتیک)، پرۆفیسۆر کنیازی ئیبراهیم، دکتور کەمال مەزهەر (مێژوونووس)..هتد.

لەو کۆنفرانسەی کە زانکۆی زانستەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس ڕێکخستبوو لە باشوور د. کەمال مەزهەر و کوردستان موکریانی و لە ڕووسیا سمیرنۆڤا، ئۆ.نێ. ژگالینا، ی.ن. فاسیلڤیاو لە گورجستان مرازی جەعفەرۆف و لە کازاخستان پرۆفیسۆر کنیاز ئیبراهیم و لە ئازەربایجانیش شامیلی سەلیم عەسکەرۆڤ بەشدار دەبن و کنیاز دەڵێ: کە لە پاریس گەڕاینەوە شامیل دوو تەلیس کتێبی لەگەڵ خۆی هێنایەوەو ئێمەشی پێوە کردبوو بە کۆڵبەر.

ساڵی ١٩٩٣ کە کوردستانی سوور لە جەنگی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا دەکەوێتە ژێردەستی ئەرمینیا، شامیلیش بە ناچاری و بەدڵێکی خەمگینەوە هەڵوەدای باکۆ دەبێت تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەوێ بەسەردەبات.

شامیلۆڤ لە خۆشەویستی نیشتمانەکەیدا وا دەبێژێ:
ڤاچ باگەر، چ بایە
ل وار تو تشت نەمایە
بۆنا کوردان –نزانم
چما بەڵا رەوایە

ئیرو بێ ئەمانن ئەم
نێچیرین گورانن ئەم
تو نە ڕوستەم زاڵی مە
پەزێن بێ شڤانن ئەم
لاوێنێ کورد برانە
بۆ نا ملەت چرانە
ببێن، بلا بزانن
حاڵێ ئەکراد گرانە



وێنەیەکی سەربازیی شامیلۆڤ

چەند نموونەیەک لە بڵاوکراوەکانی شامیلی عەسکەرۆڤ:

١-چییا سەر چییان، هەڵبەست، باکۆ ١٩٦٤
٢-هەڵبەستڤانێ گەل (دەرهەقا شەخموس-جگەر خوێن) لێکولێنێ زانستی - باکۆ ١٩٦٨
٣-دەنگێ دەلیداخ- هەڵبەست، باکۆ ١٩٧٣
٤-حیکمەتا چییان(ئیتنۆگرافی)، باکۆ ١٩٨٧
٥-تولیکێن چیا- هەڵبەست-باکۆ ١٩٨٧
٦-فەرهەنگا مشارێ-زمانێ ئازەری-باکۆ ١٩٩٧
٧-یادیگارێ لۆخمان-پەخشان-باکۆ ١٩٩٧
٨-جیناسێن مەنزووم-فەرهەنگ ١٩٩٨
٩-کەچکا لال (دەستان)، باکۆ ٢٠٠٣
١٠-ئەحمەدێ خانی-مێمو زین-باکۆ ١٩٧٦
١١-ئەلییێ ئەڤدەلرەحمان-گرامی-باکو ١٩٧٥
١٢-فەرهەنگا پەیوێن خولقی-باکو ٢٠٠٤




کوردستانی سوور لەسەر نەخشە

ئەفسوس ئەو کەڵە زانایە لە ٢٠/ی گوڵانی ساڵی ٢٠٠٥ لەتەمەنی ٧٧ ساڵی دەچێتە بەر دلۆڤانیی خوداو بەمردنی شامیل کوردانی ئازەربایجان ڕێبەرو ڕووناکبیرێکی مەزنو سیمبولێکی سەرفرازیو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانیان لەدەست دەچێ.

# ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)

## تەمەندرێژترین ڕۆژنامەی کوردی، لە سۆڤییەتی جاران دەردەچوو


ئەمەریکی سەردارو میرۆیێ ئەسەد دوو لە سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکە

**زۆرن** ئەوانەی کە نەبزی سیستەمی سۆسیالزمی و ژیانی یەکسانی و وەکیەکی دەکەن، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت ئەوانیش بە خێرایی ڕەوتی مامز باياندايەوە سەر سیستەمی ( لێخورە دەشتەو بازاری ئازادەو بە کەیف وماشای خۆتان بیفرۆشن وبیدۆشن و ورگ و گیرفانتان بئاوسێنن و هەژاران بتاسێنن ومیللەت برەتێنن و بروتێننەوە )، شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبەر و سیستەمی سۆشیالزمی ئەوێ ڕۆژێ ویرای گەلانی دیکەی سۆڤییەت سوکە ئاورێکیشی لە کوردانی کۆچپێکراوانی ئەویش دایەوە و خێریکیان پێبرا، لینین کۆژمەیەک پارەی تەرخان کرد بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بە ناوی ( کوردستانی سوور )، هێشتا هەر لە گڕوگاڵدا بوو کە باقیرۆڤی ئازەری بە زمان تورک وبە ئاوەز تۆرانی لەو قەوارە کوردیە دڕدونگ بوو و لێی کەوتە پیلانگێڕان و تا لە ناوی نەبرد ئۆقرەی نەگرت، لە ئەرمەنستانیش چەردەیەک لە دەستکەوتی ڕووناکبیری بۆ کوردانی ناو ئەو وولاتە فەراهەم و دەستەبەر کرا، یەکێک لەو دەستکەوتانە دەرچواندنی ڕۆژنامە پێشەنگەکەی ( ڕێیا تازە - ریگای نوێ ) بوو کە بە تەمەندرێژترین ڕۆژنامە دادەنرێ لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دونیادا، بە نیازبووم ئەو ساڵ لە یادی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئاوڕێک لە بەسەرهاتی ئەم غەزەتە ئازیزەدا بدەمەوەو گەشتێک بەناو بەهاری عومریدا بکەم، بەداخەوە قسمەتەکەی دوواکەوت ولە بووکێدا ترازاو سەرەنجام لەگەڵ بەربووکێدا سازا. لە ساڵی ١٩٢٨ی زاینیدا دەوڵەتی سۆڤییەتی بەرێ بە ڕەسمی ڕەزامەندی لەسەر پەیڕەوکردنی ( ئەلف باء



کارگێڕانی ڕۆژنامەی ڕێیا تازە ساڵی ١٩٨٠

) یەکی کوردی بە پیتی لاتینی دا کە عەرەبی شەمۆ و ئیسحاق مارۆکولۆف دایاننابوو، ژمارە ((١ )) ی ڕۆژنامەی (( ڕێیا تازە )) کە بە زمانی کوردی و بەو پیتە لاتینیە بوو لە (١) ی ئاداری ساڵی ١٩٣٠و لەسەرچاوەیەکی دیکەش (٢٥ )ی ئاداری ساڵی ١٩٣٠ بە ڕۆژی دەرچوونی



عەگیدی عەباسی لاینوتایپی ڕێیا تازە

ژمارە (١) دادەنێن و تا مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١١ تەنها(٤٨٦١ ) ژمارەی لێ دەرچووە و هەفتەی دووجار و بە چوار ڕووپەل هاتۆتە وەشاندن و بڵاوبوونەوە و یەکێک بوو لەو چوار ڕۆژنامە ڕەسمیەی ئەرمەنستان کە بە زمانەکانی رووسی، ئەرمەنی، ئازەری، کوردی دەردەچوون و لە ئازەربایجان و گورجستان وکازاخستان و ڕووسیاو ئەمەریکاو هەندێ وولاتانی ئەورووپا بڵاودەبوونەوە، ڕۆژنامەی( ڕێیا تازە ) هەتا هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٩٢ تەنها دەنگی کوردان بوو لە ئەرمەنستان و زیاتر لەلایەن دەوڵەت وەکو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان پشتیوانی لێ دەکراو لە لایەن پەرلەمان و حکومەتەوە و بە ڕەسمی دەردەچوو ودەستەیەک لە رووناکبیرو نووسەر بەڕێوەیان دەبردو پاشان سەرنووسەرێکی بۆ دانرا بەناوی ( هراچیا کۆچار ) کە ئەرمەنێکی دۆستی کوردان و لە زوڵمزدەی دەستی تورکە ڕۆمییەکان ولە کۆچپێکراوانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ وڵاتی سۆڤییەت بوو و هەر لە منداڵیەوە لەناو کورداندا گرۆگاڵی کردبوو و گەورە ببوو و زمانی کوردی بە تەواوی دەزانی، دوای ئەویش ( هارۆتیون مکرتچیان) بوو بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە و ئەو ژی هەر هەمان بەسەرهاتی هەبوو وشارەزای زمانی کوردیش بوو چونکە ئەو زەمان کوردەکانی ئەوێ ڕۆژنامەنووسێکی وا شارەزایان نەبوو بۆ ئەو مەبەستە، لە ساڵی ١٩٣٤ تاکو ١٩٣٧ کوردێک بەناوی جەردۆیێ گەنجۆ و لە ساڵی ١٩٥٥ یش تاکو ١٩٨٩ میرۆیێ ئەسەدو ولە ١٩٨٨ تاکو ١٩٩١ یش تیتاڵی ئەڤۆ ولەوە بەدواوەش ئەمەریکێ سەردار سەرنووسەرو بەرپرسی ڕۆژنامەکە بوون، لە ساڵی ١٩٣٧ بە بڕیاری ستالینی ناموبارەک بۆ دڵڕاگرتنی هاوکوفە زاڵمە تورکەکەی ڕۆژنامەکە ڕاوەستێندراو دوای مردنیشی لە ساڵی ١٩٥٥دا ئەوجارە

به پیتی کریللی که له لایەن حاجی جوندی یەوە دانرابوو دەستی بە وەشاندن کردەوە. له قۆناغێکدا ئەمینی عەڤدال، حاجی جوندی، عەتاری شەرۆ، کیڤۆرک پاریس، ڤاردان پیتۆیان، ڕۆبین درامپیان و له قۆناغێکی دواتریشدا نوسەران و ڕۆژنامەوان و شاعیرانی وەکو قاچاخی موراد، شاکرۆیێ خدۆ، خەلیلی چاچان، بابێ کەلەش، تیمۆرێ خەلیل، تیتاڵی مورادۆڤ عەلی عەبدولڕەحمان، عەگیدێ خدۆ، حەسەنێ قەشەنگ، پرسکێ محۆیێ، ڕزگانێ جەنگۆ، پۆرسۆرا سەبری، تیتالێ ئەڤۆ، کارلینێ چاچان، شەرەف ئەشر، عەگیدێ عەباسی، پاشایێ ئەرفۆت، لەتیفێ عومەر، گایانێ هۆڤ هەندیسیان. ... هتد هاوکارو نووسەرو کارگێڕانی ڕۆژنامەکە بوون.

ئەگەرچی پێشتر هەفتەی دووجار بەڵام له دوای ساڵی ١٩٩١ و دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت بە هۆی ڕەوشی داراییەوە ڕۆژنامەکە مانگی جارێک ڕووناکی دەدیت، له ساڵی (٢٠٠٠) جارێکی دی بە پیتی لاتینی و له لایەن چەند خەباتکارێکی له خۆبردوو بە خۆبەخش بەڕیوە دەچوو و له تەرەف چەند کەسایەتی وڕێکخراوی دڵسۆزی وەکو ئەنستیتۆی کورد له پاریس وئەنستیتۆی کورد له برۆکسل و مێلسیکا مەحەممەد هاوکاری دارایی دەکراو دووا جاریش وولاتپارێزی کورد کینۆ لۆبارۆ سپۆنسەری ڕۆژنامەکەی گرتە ئەستۆ، دیار تیراژەکەشی کەمکرایەوە بۆ (٥٠٠ ) دانەو ولاپەڕەکانیشی کرا بە چوار لاپەڕەو قەوارەکەیشی له جاران بچووکتر کرایەوە.

کاتێک کە ڕۆژنامەی ( ڕێیا تازە ) زمانی دەوڵەت و ئۆرگانی ڕەسمی بوو زیاتر له لاپەڕەکانیدا پڕۆپاگندەی بۆ ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیست وشێوازی ژیانی تازە له کۆڵخۆزو وباشیەکانی سۆفخۆز دەکرد، بەڵام دوای سەربەخۆبوونی زیاتر تەرخان بوو بۆ گرنگیدان بە ژیانی کوردەواری و کەلتوورو ئەدەبیاتی کوردی، ناوو ژیان و شیعری شاعیران فەقێ تەیران، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، دڵدارو پیرەمێردو قانع و جگەرخوێن وقەدری جان و گۆران ومێژونووسان شەرەفخانی بدلیسی و حوزنی وگیوی موکریانی و جەعفەر قولی و مەلامەحمودی بایزیدی. ... هتد هەمیشە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەیان ڕازاندبوەوە، چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ زانایانی ئەکادیمی وشاعیران وئەدیبانی تیا سازدراوە و ڕۆلێکی گرنگیشی گێڕا له پێشڤەچوونی زمانی کورمانجی و ڕاستنووسی زمانی کوردی بە تایبەت بە زنجیرە نووسینەکانی زانای زماناس


R'YA T'EZE

N 5(4925) Gulan /May/ SALA 2016 Ji SALA 1930 -Î NEŞIR DIBE

ROJNEMA CIVAKÎ, ÇANDÎ

Hevdîtina li r'adîyoya Ermenîstanêye civakî tevî birêz Sax'art'êlyan

K'urdên êzdî Piştevanîya encemdana r'êfêrandomê dikin

R'euters xebatên jinên êzdî di nav rêzên pêşmergeda bi nirx pênase kir

وێنەیەک لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە

باکاییف بەناوی ( ڕاستنڤیسارا زمانێ کوردی ) کە زۆر بەنرخ وسوودمەند بوون وهەروەها لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی زارگۆتن ( لێگنید، مەسەلەو مەتەڵۆک، چیرۆک، بەیت و بەسەرهات ) و بە نۆتەکردنی چەندین ئاوازو سترانی کوردی و چاوپێکەوتن لە گەڵ سازبەندان کەمتەرخەمی نەکرد، بە چەندین ووتارو نووسین لە بوارەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی وگرنگیدان بە مناڵ ودەربارەی ڕەوشی ژنانی لادێنشینانی کوردەواری ورەسم وباوی نەفرەت لێکراوی وەکو ( ژن بە ژنە، گەورە بە بچووک، بە زۆر بە شودان ) وهاندان بۆ وازهێنان لەو دیاردە ناهەموارانەی تێدا چاپکراوە. لە هاندانی کۆمەڵگاش بۆ خوێندن وقەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بۆ گەورانیش ڕۆڵی بەچاوی هەبووە، بێگومان ڕۆژنامەی ڕێیا تازە بە درێژایی تەمەنی خۆی گرنگیەکی بێوینەی داوە بە تەبایی نێوان کوردو گەلانی دی وبەتایبەت پتەوکردنی دۆستایەتی کوردو ئەرمەن ولە قۆناغەکانی دواتریشیدا پەرۆشی ڕووداوەکان وخەباتی گەلی کورد لە باشقە باشقەی کوردستاندا بووەو لەسەراسۆی هەوڵی دابڕینی گەلی ستەمدیدەی ئیزدیش لە ناسنامەی کوردبوونیان و بۆ بەرپەرچدانەوەی ناحەزان وئاگرخۆشکەرانی ئەو مژارە گۆشەیەک لە ڕۆژنامەکەدا کرایەوە بە ناوی (( ئەم یەکین ))، بە کورتی و بەزاری کوردی (( ڕێیا تازە )) لە تەمەنی درێژو خەرمانی پڕ بەرەکەتی خۆیدا چرایەکی ڕۆشنی شەوەزەنگی کوردستان و کانییەکی زوڵاڵ ومێژوویەکی شکۆدار بوو بۆ پێشکەوتنی ڕووناکبیری کوردو ناساندنی چاندو کەلتووری کوردەواریش بە گەلانی سۆڤییەتی جاران.



زەینەبی ئیبۆ




سەردانی وەفدێکی کوردی عیراق لەحەفتاکان بۆ ڕۆژنامەی ڕێیا تازە

# ئەو دەنگە زوڵاڵەی کە هەموو کەوشەنە دەسکردەکانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە



باڵەخانەی رادیۆکە- خانەی خدێوی- شەقامی موعەلیم

**ڕۆژگارێك** بوو ئەو وڵاتانەی کە بەشێک لە خاکەکەیان تاپۆی ڕەشی میللەتی کوردو جوگرافیای کوردستان بوون وا سنووربەند کرابوون ئەگەر سیمرخیش بیبەزاندبایەن خومپارەو گوللەی پاسەوانەکانی ناو قەرەقولی سەرحەدو قۆشەنەکان مێشکی دەپژاندن، هیچمان ئاگامان لە دیوەکانی دی ئەم مەرزوبومانە نەبوو کە لەوێ چی دەگوزەرێ، چ جای ئەوەی ئاگامان لە ڕەوتی ئەدەبی‌و هونەری یەکدی بێ مەگەر ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانە کاتێ کە هەستیان دەکرد جامی زوڵمیان پڕ بووەو لێی دەرژێ پەنجەرەیەکی بچووکیان بۆ دەکردینەوە.

کرماشان شارێکی دێرین‌و قەدیمی کوردانی ئارياييە کە عەرەب بە (قرمیسین) ناوی دەبەن‌و لەم سەدەی دواییەشدا پێی ووتراوە کرمانشاە، تا پێش هاتنی حاکمی قاجارزادە لە تارانەوە خەڵکی ئەم شارە هەموو بە زمانی کوردی دەدوان، جگە لە خاوەن بڕوانامەو خوێندەواران کەس بە زمانی فارسی ئاشنا نەبوو و توانای ئاخاوتنیان نەبوو بە زمانی فارسی بە دەلیلی ئەوەش لە گۆرانیەکی فولکلۆریدا یێژن: کرماشانیگم فارسی نیەزانم وە زمان کوردی قەزات وە گیانم.

شازادە حاکم کە لە نەوەی قاجاریەکان بوو لە کرماشان هانی خەڵکی داو فەرمانی بە کارگێڕانی دەوڵەت کرد کە بە زمانی فارسی بئاخڤن تا وای لێهات بەرە بەرە فارسیەکە جێی بە زمانی کوردی لێژ کردو لەناو خێزانەکانیش قسە لەگەڵ منداڵەکان بە فارسی دەکرا، دیارە ڕەزا خانیش لە چوارچێوەی ڕیفورمەکەی خۆیدا تەشویقی عەشایەرو دێهاتنشینانی کرد کە منداڵەکانیان فێری زمانی فارسی بکەن‌و جلی میللی فڕێدەن‌و جلو بەرگی ئەورووپی بپۆشن کە ئەوەش هەوڵێک بوو بۆ تواندنەوەی کەلتوری

گەلانی غەیرە فارس لە ئێرانداو لەدوای بە توون دا چوونی ڕەزاخانیش بەتایبەت ڕادیۆی کوردی کرماشان دەوری باڵای بینی لە زیندووکردنەوەی ناسنامەو کەلتوورو زمانی کوردی.

لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ لە تاران پەخشێکی ڕادیۆیی کوردی دامەزرا، واتە حەوت ساڵ دوای دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی بەغدا کە چوارەمین ڕادیۆی کوردی بوو، لەسەرەتا نیو دەمژمێرو پاشان بوو بە یەک کاتژمێر کە لەناو کورداندا بە ڕادیۆی کوردی تاران ناسرابوو بەڵام بەڕەسمیی دەوترا (ئێرە ئێستگەی بێتەلی ئێرانە) و بەهیمەتی عەبدولحەمیدی مەعریفەت ئەم پەخشە کرایەوەو بەرنامەکانیشی پێکهاتبوون بوون لە هەواڵو شرۆڤەی سیاسیو مۆسیقاو ئەدەبیاتی کوردیو خوێندنەوەی شیعر، غیاسەوەند ناوێک کە لە کوردانی کۆچپێکراوی قەزوین بوو بێژەری ڕادیۆکە بوو بەزمانی کەڵهوڕی دەستی پێ دەکرد، لەساڵی ١٩٥٦ ئەم ڕادیۆیە لە پەخشکردن وەستا، لە کرماشانیش لە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن ستادی لەشکر بەهۆی یەک دەزگای بێسیمو بە شەپۆلی ناوەندیو ڕەدیفی (٢٠٠) مەتر شەوانی یەکشەموان لە کاتژمێر (٨) و بۆ ماوەی (١-٢) کاتژمێر پەخشێکی کوردی دامەزراو ئەم پەخشە بە هەوڵی ئەفسەرێک بەناوی عەتائوڵڵا عەتائی ئیجرا کرا کە بریتی بوو لە پەخشێکی (خەبەری)و ڕووداوو چالاکیەکانی پەیوەند بە لەشکری کرماشانی بڵاو دەکردەوەو پاشان مۆسیقاو گۆرانی گۆرانیبێژە ناوچەییەکانی وەکو مورتەزای توندڕۆ و ئیبراهیمی خۆشنەوای دەچڕیو لەسەرەتادا موزیکژەنانی وەک حیشمەتی ڕەبیعی و هاشمی ڕەبیعیو حیشمەتوڵڵای موسەننو تیپی نمایشیش لە سەرهەنگ نازریو جەوادی گێتی ئارا و محەمەدی کەمانگەرو خانمان سەعدەوەندو ئاغای معاونی پێک هاتبوونو لەساڵی ١٩٥٨ ئەم پەخشە وەستێندرا. ئەگەر گواستنەوەی ڕادیۆی کوردی بۆ کرماشان لەساڵی ١٩٦٢ بە خولی یەکەم ئەژمار بکرێ ئەوە خولی دووەمی ڕادیۆکە لەساڵی ١٩٧٩ ەوە دەست پێ



حەسەنی کامکارو ئیرەجی عەندەلیبی



میدیا زەندی و سەید عەزیزی عەلەوی لەکاتی پێشکەشکردنی بەرنامە

دەکات کە هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیەو تاکو ٢٠٠١ درێژە دەکێشێو قۆناغی سێیەمیش لەم ساڵەوە تاکو ساڵی ٢٠١١ بەردەوام دەبێ، لەم دوو دەورەیەدا بەرنامەگەلێکی کە زیاتر مۆرکی ئاینیو کۆمەڵایەتی پێوەبوو پەخش دەکرا وەکو نمایشی ڕادیۆییو جەنگی جومعە، ئێمەو گوێگرەکان، ڕێگایەک بەرەو نوور و بەرنامەی خانەوادەو هەواڵو بەرنامەکانی پەیوەند بە جەنگی ئێران لەگەڵ عێراق.

لەساڵی ١٩٦٢ ڕادیۆی کوردی تاران بەتەواوی تەدارەکاتو ستافەکەیەوە گوازرایەوە کرماشانو سەرەتا لە شەقامی شابەختی لە ساختمانێک کە پێشتر ماڵی خدێوی بوو دامەزراو تا ساڵی ١٩٧١ گوازرایەوە باڵاخانەیەکی نوێو سەرەتای کردنەوەی بەرنامەکانی بە دروشمی (کوردی شەرەفمەند لە هەر کوێ کە هەی نیشتمانی خۆت کە ئێرانە لەبیر مەکە) دەستی پێ دەکرد و بوو بە (دەنگی ئێران-بەشی کوردی) و ماوەی پەخشەکەشی بەرە بەرە زیاد کرا تا بوو بە (١٢) دەمژمێر لە شەو و ڕۆژێکداو مەودایەکەشی بوو بە (١٠٠) کیلوواتو فرستندەی قەسری شیرینیشی بۆ زیاد کراو ئەم ماوەیە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی بە ماوەی زێڕینو بە بەرهەمترینو پڕ شنوەندەترین ڕۆژگاری ئەم ئێستگەیە دادەندرێو لەم ماوەیەدا باشترین بەرنامەگەلی کوردانەی پێشکەش کردو بەڕاستی ئەوێ ڕۆژی ئەم ڕادیۆیە شۆڕشێکی سپی کوردایەتی بەرپا کردو لەنانی شەوێ فەرزتر بوو بۆ ئەم کوردەواریە، هەرچەندە مەنتقی نیە ڕادیۆیەک سەر بە دەوڵەت بێو حکومەت خەرجی بکێشێ، کەچی تەواو سەربەخۆش بێت، محەمەدی کەمانگەر دەڵێ :



شوکروڵڵای بابان

( لەم (٢٥) ساڵەدا ڕادیۆی کرماشان شۆڕشێکی گەورەی کەلتووریو فەرهەنگیو زمانەوانی بوو و بەم جۆرەش هەڵسوڕاو بەڕێوەبرا کە ئێمەی کورد دەمانویست نەک بەم شێوەی کە دەوڵەت دەیویست )، ئەم ڕادیۆیە گەورەترین کاریگەریو شوێنەواری



ئیسماعیلی پیر خدری لەکاتی تۆمارکردنی گۆرانیدا

دانا لەسەر زەوق‌و زیهنی گوێگرانی لە میانی بەرنامە جوان‌و بەلەزەت‌و بەسوودەکانی خۆی، دیارە تا پێش شۆڕشی ئێران هەموو جۆرە چالاکیەکی ڕووناکبیری‌و ئەدەبی‌و چاپەمەنی بەزمانی کوردی لەئێراندا قەدەغە بوو، ئەو ڕادیۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم بۆشاییەی پڕ کردبوەوە، یەک لە بەرنامەکانی وەکو (چیرۆکی شەو) زۆر باڵکێش بوو و جێی خۆی کردبوەوە لەناو دڵی عاشقانیداو چەندین داستانی وەکو(خەج‌و سیامەند، مەم‌و زین، سەیدەوان، لاس‌و خەزال‌و چیرۆکی حەمە شوان-ی زیندوو کردەوە)، دیارە موحەمەد سدیق موفتی زادە لە بواری زمانەوانی‌و مەلاجەمیلی ڕۆژبیانی لە بواری مێژوو و جوگرافیا بە بەرنامەی ( وڵاتەکەت بناسە) خزمەتێکی باش و بێ وێنەیان کرد، (بەزمی هەینی) لە نووسینی ئەسعەدی سیراجودینی‌و پێشکەشکردنی پەروینی موشیر وەزیری کە ماوەکەی سەعات و نیوێک بوو و بەرنامەی (سروەی بەیان) کە ماوەکەی (٩٠) دەقیقە بوو لەلایەن سەید عەبدوڵلەتیف پێشکەش دەکرا، بەرنامەکانی (باغچەی گوڵان)و (کاروانی شیعرو مۆسیقا) لەلایەن شوکروڵڵای بابان‌و حیسامەدینی ئەمین بەڕێوەدەچوون‌و بە کرمانجیش سەید عەزیزی عەلەوی بێژەرو پێشکەشکاری بەرنامەگەلێک بوو و نابێ ڕۆڵی باڵای مامۆستای پایەبەرز مەلا محەمەدی ڕەببیعیش لە ئامادەکردن‌و پێشکەشکردنی بەرنامە ئایینیەکان‌و موناجاتە پڕ سۆزەکانی خەفە بکرێ‌و ئەوەشی کە جێگای پێشڕەفتەیی‌و خۆشحاڵی بوو لەبەشی ئەدەبیاتی کوردی مامۆستا سەید تاهیری هاشمی جگە لە ئامادەکردنی شیعری شاعیران چەندین پارچە پەخشانی نایاب‌و دانسقەو دڵنشینی بۆ بەرنامەکانی (هەوارگەی دڵان)و (گولزاری ئەدەب) ئامادە دەکرد کە خانمی ڕەوانشاد پەروینی موشیر وەزیری بە دەنگە زوڵاڵەکەی دیکلەمەچی‌و پێشکەشکاری ئەم بەرنامەیە بوو، بەرنامەی (تاپۆو بومەلێڵ) ناوی یەکێک لە بەرنامە سەرکەووتوەکانی ئەم ڕادیۆیە بوو کە ڕەوانشاد سوارەی ئیلخانی زادە دەینووسی، ئێمەو گوێگرەکان بەرنامە بەبرشت‌و کێشە لەسەرەکانی ئەم ڕادیۆیە بوو کە دەوڵەت خۆشیی لێی نەدەهات‌و دەڵێن پۆستەی کرماشان زۆربەی کارەکانی هێنان و بردنی نامەکانی ئەم بەرنامەیە بوو کە خانم میدیای زەندی پێشکەشی دەکردو تەنها ئامرازێک بوو لەوێ ڕۆژێ بۆ بەیەک گەیاندنی کوردان لەتەواوی ناوچەکانی کوردستان‌و دونیادا. شیعرهایەکیش کە لە عێراق‌و دەرەوەی ئێران چاپ‌و بڵاو دەکرانەوەو لە ئێران قەدەغەو باسی سەر بوو و هێنانی بۆ ناو ئێران زیندان‌و سزای قورسی بەدواوە بوو و ئەم ڕادیویە بوو بە بەدیل بۆ بڵاوکردنەوەیان‌و ئەگەر ئەو ڕادیۆیەش نەبوایە ئەوە ئەو هەموو هونەرمەندو گۆرانیبێژانە ناچار دەبوون هەر لە مەجلیس‌و داوەت‌و کابارەکاندا بەکوچەبازاڕی بمابایانەوەو لەوێ گۆرانی بڵێن، کارمەندان‌و هاوکارانی ئەم ڕادیۆیە سێ جۆر بوون، یەکەمیان ڕەسمی‌و دووەمیان بەگرێبەست‌و سێیەمیشیان هاوکارو پەیامنێر بوون کە دوای شۆڕشی ئیسلامی زۆربەیان پەیوەندیان بەم ڕادیۆیەوە پچڕا، لە ١٩٧٩/٧/٢٤ مەلا محەمەدی ڕەببیعی‌و سەید ئیسماعیل حوسێن‌و سەید عەبدوڵلەتیف بەڕەسمی لەم ڕادیۆیە دامەزراون، ئۆرگیسترای ڕادیۆی کرماشان بەپێی قۆناغەکانی گروپێک بوون لە نەوازندە ناودارەکانی وەکو ئیسماعیلی مەسقەتی، ئەسکەندەر قورەدان، مەحمودی مەڕئاتی (وێلون)، ئەبولقاسم پەرەندیان، مەحمود ئەهوان، محمودی بلوری، بەهەمەنی پولەکی(زەرب)، ئەکبەری ئێزدی (سەنتور)، موحەمەدی عەبدولسەمەدی

(کلارنیت)و سەرپەرشتیاری ئۆرگیستراکە، و لەسەرووی هەمووشیانەوە موجتەبا میرزادەی ناودار (کەمانچە) پێک هاتبوون، لە بێژەرە بەرچاوەکانیش پەروینی موشیر وەزیریو میدیای زەندی، عەزیزەی نافعی، نەهیەو بەدیعولزەمانو کەمانگەو ئەسعەدی سیراجودینیو لەسەرەتاش زەهرای نائیبی ( کە تاکە گوێندەی ژن بوو ) بوون لەم ڕادیۆیە. دەنگبێژە ناسراوەکانیش لە شەستەکان جگە لە مامۆستا خالقی، ئیسماعیلی مەسقەتی، حەسەن زیرەک، ئیبراهیمی خۆشنەوا، مورتەزای توندڕۆ، هاشمی ڕەبیعی، ئیسماعیلی پیر خدری، فەیروزو ئیسماعیلی سابوور، لوڕنەژاد، حوسێنی ئەلبورزیو سەعیدی قەندی بوون دیارە کۆمەڵێک کارمەندو بەرنامەسازیش وەکو جەلیلی قاسمیانو هوشەنگی چاوش سەیاحو مەنسوری ئەردەلان و یوسفی مەتەری خزمەتێکی بێ وێنەیان بەو ڕادیۆیە کرد، لەناوەڕاستی شەستەکان ماوەیەک شوکروڵڵای بابان بەڕێوەبەرو پاشان تا ساڵی ١٩٧١ یش عابیدی سیراجودینی بەرپرسی برونمەرزیو ماوەیەکیش محەمەدی کەمانگەر و لەسەرووی هەمووشیانەوەی تا ڕاپەرینی گەلانی ئێران مامۆستای پایەدار مەزهەری خالقی لێپرسراو بوو کە بەڕاستی ڕۆڵی باڵای گێڕا لە زیادکردنی بەرنامەکانو ماوەی پەخشو هێنانی خوێنی نوێی گەنجان بۆ ناو کاروباری ڕادیۆو بەرنامەکان، و دوای شۆڕشی ئیسلامیش عەلی فەڕوزفەر کرا بە لێپرسراوی ڕادیۆکە، دیارە سەدای ئەو ڕادیۆیە دەگەیشتە بەر گوێی هەموو کوردێک لەهەر کوێ کە هەبوونو بەرنامە بە پێزو بەچێژو نایابەکانی ئەم دامەزراوە کوردیە وەڵامدانەوەی زەوقو سەلیقەی پڕ جۆشو خرۆشی هەموو گوێگرەکانی بوو. سەرباری هەموو ئەوانە دیارە وەکو دەڵێن: ماسی گرتنیش بێ قولەپێ تەڕبوون نابێ. ئەو هەموو ڕەنجی فەرهادانەو پڕ گەنجەش بێ کێشمەکێشو سەرئێشەو گەڕو کەڤی (ساواک) مەیسەر نەبووەو دەبێ ئەوەش بوترێ ڕادیۆی کوردی کرماشانی جاران لاپەڕەیەکی یەکجار ڕەنگینو سەنگینو گەشاوەو درەوشاوەیە لە مێژووی گەلی کورد.



**کارمەندان و هونەرمەندان و میوزیکژەنەکانی رادیۆ**

## میرحوسێن شوجاعولدەولە

# سەردارێکی ڕەشیدو وڵاتپارێزی کورد بەرامبەر بە شایەکی قاجاڕی بەزیو و وڵاتفرۆش


میرحوسێن شوجاعولدەولە

**هێشتا** لە ئاستی هۆشیاری و وردبوونەوە لە دیرۆک و ڕووداوی ئەم کوردەوارییەدا شلک بووم و نەکەوتبوومە گروگاڵ، زۆر جار گوێم لەو گۆرانیە دەبوو کە پەری زەنگەنە و کی بنایی و گۆرانیبێژانی دیکە بە تێکەڵەیەک لە زمانی فارسی و کوردی دەیانچڕی من ئەو کات هەر وای تێدەگەیشتم کە ئەو سەرداری کوول ڕەشید خانەی باسی دەکەن هەمان سەرداری شۆڕشگێڕی جەنگەڵی گیلانە... هایهو بۆم دەرکەوت ئەوەشیان جوامێرێکی دی و لاپەڕەیەکی زێڕین و پرشنگداری دیکەیە لە مێژووی گەلەکەمان کە لە کون و کەلەبەراندا تۆزی ڕۆژگاری لەسەر نیشتووە، تازە تێگەیشتم هەرچی سمێڵی سوور بێ هەمزە ئاغا نییە و ئەو سەردارە هەمان سەرداری جەنگەڵی گۆرین نییە.

بەڕاستی بێستانی مێژووی ئەم کوردەوارییە هەم کاڵەکی شیرین و هەم کوژاڵکی تاڵیشی تیا دەڕوێ،بۆرە پیاوی خائین ولە هەمانکاتیشدا فەرمانڕەواو میر مەزنی مەردو ڕەشیدیشی تیادا هەڵکەوتووە.

دیارە شاعەباسی سەفەوی بۆ مەرزبەندی و پاریزگاری لە کەوشەن و سەرحەدی ئێران لە باکووری خۆراسان لە هێرش و پەلامار خێڵ و عێلە دواکەوتوو و دڕووندەکانی تورکمەن و قۆزاق و تاتار و ئۆزبەک لە ساڵی ١٥٩٨ی زایینی نزیکەی (٤٠٠٠٠) چل هەزار ماڵە کوردی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران بۆ ئەو سنوورە ڕاگواست و فەرمانڕەوایی ئەو دەڤەرەشی کە قوچان و بجنورد و شێروان و فەیروزە دەگرێتە خۆ بە شاقولی سوڵتان زەعفەرانلو و حاکمانی لە دوای یەکی کوردانی ئەوێ سپارد کە نازناوی جۆراو جۆری

وەکو میری میران، وەکیلی کوردان، بێگلەربەگی و ئێلخانی ناوزەد دەکران پاشان لە دەورانی قاجاریشدا گەیشت بە میرێکی ڕەشید و ئازا و بە ویقار و دادپەروەر و ڕەعیەتپەروەر و هونەرو ئەدەبدۆست و ئەهلی قەڵەم و پیاوێکی میهرەبان و حەکیم و وەتەنپەرستی وەکو میر حوسێن شوجاعولدەولە کە لە ناو کوردانی خوراسان بە ڕەشیدخان سەرداری کوللی قوچان ناسراوە، میر حوسێن کوڕی قولی خانی زەعفەرانلو ئێلخانی موقتەدیری خوراسانە و لە ساڵی ١٣٢٧ هـ.ق لە قوچان چاوی بەم دونیایە هەڵهێناوە و دایکی کە ناوی بی بی شادلوە کچی نەجەفقولی خانی شادلوی حاکمی بجنوردە.

لە (٢٨) ساڵەی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا شوجاعولدەولە توانی ئەو مەرزوبومەی ئێران و ئەو ناوچە کوردنشینە لە هێرش و پەلامار و تالان و بڕۆ وجەردەیی دڕندانەی خێڵەکانی ئەودیوی سنوورەکە بپارێزێ و لە هەموو شەڕەکانیشدا بەسەریاندا زاڵ بێ ڕاویان بنێ و ئاسایش و ئاوەدانیش بۆ هەرێمەکەی دابین بکات.

قوچان لە سەردەمی ئەودا یەکێک بووە لە شارە ئاوەدان و پڕخێر و بێرەکانی ئێران کە بە عەنباری دانەوێڵە ناسرابوو و ئاوەدانی لەوێ گەیاندبووە ئەوپەڕی و هەر لە ژیاندنەوەی دێهاتە وێرانەکان و ڕاکێشانی جۆگە و جۆباری کشتوکاڵی و باغداری و دامەزراندنی کێڵگەی پەلەوەر و ئاژەڵداری و مزگەوت و مەدرەسە و پرد و ڕێگاوبان و گرنگی دان بە تەندروستی خەڵک و ڕەچاوکردنی فرە ئاین و مەزهەبی، قوچانیش لەو سونگەیەوە بە شاری مزگەوت و گەرماویش ناوی دەرکرد بوو، میر حوسێن شوجاع توانی تورکمەنەکان نیشتەجێ بکات و وازیان پێ لە ڕێگری و چەتەیی و ژیانی کۆچەری بێنێ و بە کشتوکاڵ و ماڵداریەوەیان خەریک بکات و هەرگیز ڕێی بە کەس نەدەدا دەست وەربداتە کاروباری ناوچەکەو فەرمانڕەوایەتیەکەی و هەرکەسیش لە دانیشتوانەکان سەرپێچی یاسا و ڕێساکانی ئەوی بکردبایە لە خاکی قوچانی دەردەکرد و تەنانەت والیەکانی دیکەی خوراسانیش مافی ئەو دەستێوەردانەیان نەبوو.


ناسرەدین شای قاجار

دیارە سیستەمی ئەیالەتی نیمچە سەربەخۆ و لامەرکەزی لە ئێراندا تا هاتنە سەرکاری ڕەزا خانی پەهلەویش بەردەوام بوو، میر حوسێن شوجاعولدەولە بە پێی ئەو سیستەمە لە فەرمانڕەوایی و حوکمڕانی ناوچەی کرمانجەتی باکووری خوراسان تاڕادەیەک سەربەخۆ بوو. بۆیە لە چارەنووس وپاراستنی ئەم بەشە کرمانجنشینەی خاکی فرە نەتەوەی ئێران خۆی بە لێپرسراو دەزانی و دەبووایە پارێزگاریی لێ بکات

که به داخەوە وڵاتپارێزی وەکو ئەم سەرداره کرمانجەی بەشێک لە خاکی ئێران بەرامبەرەکەشی شایەکی قاجاری ترسنۆک و لەرزۆک و خاکفرۆشی وەکو ناسردینی قاجاری شای خاکی هەزاران ساڵەی ئێرانیش هەبوو.

ناسرەدین شا لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا دووجار سەردانی قوچان دەکات لە ساڵی ١٢٨٣ی هـ.ق کە لەوێدا نازناوی شوجاعولدەولە و یەک قەبزە خەنجەری بە ئەڵماس نەخشێندراو بە میرحوسێن دەبەخشێ، لە سەفەری دووەمیشدا لە ساڵی ١٣٠٠ی هـ.ق دا کە بە بجنوردیش دا تێدەپەڕێ و دەچێتە قوچان لەسەفەرنامەکەی خۆیدا ئاماژە بە ئاوەدانکردنەوە و کارە گرنگەکانی ئەو دەکات و پلەی ئەمیرتومانی پێ دەدات و بە خەلعەتی شاهانە پاداشتی دەکات بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش بەدکارانی دەوروبەر و هەندێ لە پیاوانی دەربار چاویان بەو مەزنە کوردە هەڵنایێ و لە بەدگۆیی و دڕدونگکردنی شاه بەرامبەری دا ناوەستن بۆیە چەند جارێک شا بانگی تارانی دەکات و دەیهەوێ دووری بخاتەوە بەڵام هیچ جێگرەوەیەکی وەکو ئەم بەتوانا و زرنگ و ئازای پێ شک نایێ بیخاتە شوێنی.

بڕیار و فەرمانە شەرمئاوەر و ترسنۆکانەکەی ناسرەدین شای قاجار کە بە پێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ ڕووسیا بەشێک لە خاکی ئێران لە باکووری خۆراسانی کوردنشین دەدۆڕێنێ و دەیدات بە تورکمەنستانی ڕوسیا بە تایبەتی شاری (فەیروزە) و (باقر)و میر حوسێن شوجاعولدەولە و خەڵکی ناوچەکە بەو ڕێککەوتنە زۆر ناڕەحەت و پەست دەبن بۆیە کاتێک فەرمانەکە دەنێردرێ بۆ شوجاعولدەولە میرحوسێنی فەرمانڕەوای قوچان بۆ جێبەجێکردن و ڕادەستکردنی فەیروزە بە ڕووسەکان و تورکمانەکان و دابڕینی بەشێکی خاکی خوراسان، میر لەو ڕێککەوتنە بەزیوانەیە دەهری دەبێ و هەر جارێک بە بیانوویەکەوە فەرمانەکەی شاه دەداتە دواوە و چوونە ژێر باری ئەو بڕیارە بە نەنگی بۆ شان وشکۆی خۆی و بە خاک فرۆشتنی دەزانی بۆیە دواجار نوێنەرانی شاه محەمەد سادق خان ئەمینولنیزام و میرزا جهانگیرخان نیزامولمولک لە تارانەوە بەرەو فەیروزە دەجولێن بۆ بەدەستەوەدان و ڕادەستکردنی فەیروزە بە ڕووسیا و لە قوچان ناچار سەرداری ڕەشیدی کورد میر شوجاع پێشوازیان لێ دەکات و بەیەکەوە بەڕێ دەکەون بەرەو فەیروزە، دوای سێ فرسەخ دەگەن بە شارۆچکەی فاروج و ڕۆژی دواتر کە نیو فرسەخ لەو شارە دووردەکەونەوە و پێش ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست لە شوێنێکدا بەناوی بەرزلئاوا ئەسپەکەی میر شوجاع لەپڕێکدا دەوەستێ و بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە وەکو ئەوەی میری ئەرز و ئاسمان خودای دەهندە و دلۆڤان ئارەزووی نەبێ ئەو نەنگییە بە باڵای میرێکی کوردی وولاتپارێز و خوداناس دا ببڕێ بۆیە هەر لەو کاتەشدا تەقدیر وا دەبێ ژان و ئازارێک دەکەوێتە گیانی و نە دکتۆری لیژنەکەی ڕووسیا و نە دکتۆرەکەی خۆشی ناتوانن ئەو فەرمانەی خودا ڕەت بکەنەوە و ئەو سەردارە لەو مردنە مەردانەو سەربەرزانەیە نەجات بدەن و پەی بە ڕاز و نیازی ئەو سەروەری دونیایەدا ببەن و لە ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٣ی زاینیی دا گیانی بێگەردی ئەو میرە ڕەشیدە بەرەو بارەگای یەزدان دەفڕێ و لە دوای (٢٧) ڕۆژیش لەو ڕووداوە مەزنەدا لە ١٧ی نۆڤمبەری ١٨٩٣ی زاینی دا کە کەس لە کەیل و مەیلی خودا ناگات

و خەیاڵی مرۆڤگەل پەی پێ نابات شاری قوچانی کوردنشینیش بەر بوومەلەرزەیەکی گەورە دەکەوێ و بە تەواوەتی وێران دەبێ، ئەو داستان و ڕووداوە سوزناک و کارەساتبارە بۆ کرمانجەکانی خوراسان پشتاوپشت بووە بە وێردی سەر زمان و چەندین چیرۆک و گۆرانی غەمگینی بە جۆش و خرۆشی پێدا هەڵگوتراوە و تا ئێستاش لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەردارەکەیانن:

ئەسپی شا بێ خاوەن ماوە و ئێمەش غەمبار، دوژمن شاد و ئێمەی داخدار کرد ، قوچان بێ خاوەن و ئێمەی خاکەسار کرد، دڵمان لە لاتایە ڕەشید خان.

امروز دو روزه للو فردا سه روزه لو
رشید نیومد للو دلمه می سوزه لو
های های رشیدخان سردار کل قوچان
اسب شاه بی صاحب ماندو ما داغدار شدیم وای
دشمن را شاد و مارا خوار و زار کرد وای
قوچان را بی صاحب را خاکسار کرد های
های های با تۆ هستم رشیدخان سردار کل قوچان
رفتی نگفتی للو یک یاری دارم لو
در شهر عزیت للو دلداری دارم لو
وای وای .........

ماوە بڵێم ئەو فەرمانڕەوایە مەزنەی کرمانجەتی خوراسان لە مەشهەد لە گۆڕستانی ئیمام ڕەزا بە خاک سپێردراوە.


دوو ژن لەقوچان


میر شوجاع الدوله رەشیدخان و یاوەرانی

## فاتیمه قەره

# ئەو تەوارە کوردە جەنگاوەرەی مستەفا کەمال خەونەکانی زیندەبەچاڵکرد



فاتیمه قەره

**گەلی** کورد زیاد لە گەلانی دیکەی دونیا کەوتۆتە بەر زوڵم و زۆرداری دوژمنان و هەندێ جار ڕابەرەکانی خۆیشی! و یەکێکە لە دڵسافترین و خۆشباوەڕترین خەڵکانی سەر زەوی، هەمیشە بۆ گەیشتن بە خەون و خەیاڵەکانی بەهەموو شنەبایەک شەکاوەتەوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری وادە و بەڵێنی فێڵبازانەی ناحەزانی، جا ئەگەر ئەوە بە ساویلکەیی دانەندرێ دەبێ چ ناوێکی لێبندرێ! و بۆچی دەبێ هەمزە ئاغای مەنگور، پاشای گەورەی ڕەواندوز، جەعفەر ئاغای شکاک و سمکۆ شکاکی برای، د. قاسملو و شەرەفکەندیش بەسەرهەمان تەڵەی دوژمندا بکەون و بەوادە و بەڵێنەکانیان بڕوا بکەن، دیارە قەدەم خێری ژنە شۆڕشگێڕی فەیلیش لەپای نامەردی و ترسنۆکی دەوروبەرەکەی ناچار بە وادە و بەڵێنەکانی شای ئێران ڕازی بێ و ڕێگای تاران بگرێتەبەر.

قەرە فاتیمە ئەو تەوارە کوردە جەنگاوەرەی تا ئێستا کەمترین زانیاری دەربارەی بڵاوکراوەتەوە بەهەمان ڕێچکەی ئەوانی پێش خۆیدا بە کەمێک جیاوازیەوە لە چارەنووسەکەی دا ڕۆیشتووە و وەکو زۆر لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان ئەویش کەوتۆتە داوی وادە و بەڵێنە درۆینەکانی مستەفا کەمال،

قەرە فاتم یان وەکو تورکەکان شانازی بە ئازایەتیەکەیەوە دەکەن هەروەک چۆن عەرەب شانازی بە سەلاحەدین ئەیوبیەوە دەکەن بە فاتیمە سەحەر هانم ناوی دەبەن کچی یوسف ئاغای ئەرزەڕۆمە هەروەکو لازاریفی کوردناس باسی دەکات لە عەشیرەتی شکاک و خزمی سمکۆ ئاغای شکاکە، لەساڵی ١٨٨٨ ی زایینی لە خێزانێکی کوردەواری لەدایکبووە و ژنی دەرویش بەگ بووە کە لە شەڕی بەناو رزگاری تورکیادا لە جەنگی جیهانی یەکەم لە بەرەکانی شەڕی قەوقازیا و بەلقان بەشدار بووە و لە ساری قامیش کوژراوە یان پاش ئەو شەڕە خۆی وەفاتی کردووە، فاتیمە لەساڵی ١٩١٩ی زایینی خۆی دەگەینێتە ناو کۆنگرەی سیواس و لەوێ چاوی بە مستەفا کەمال پاشا دەکەوێت و داوای لێ دەکات رەزامەندی بدات بۆ بەشداری کردنی لە جەنگ و دامەزراندنی تیپێکی سەربازی یان میلیشیا، سەرەتا دەستەیەکی جەنگاوەر دادەمەزرێنێ کە لە (٤٣) ژن و(٧٠٠) پیاوی عەشیرەت پێکدێ، لە شەڕەکانی یۆنان بەدیل دەگیرێ و دەیبەنە بارەگای سەرکردەی سوپای یۆنان جەنراڵ نیکۆس تریکۆبیس و لەوێ لەگەڵیدا دەکەوێتە گەنگەشەیەکی تووند و پاشان لە زیندان ڕادەکات و خۆی لە یەخسیری دەرباز دەکات، لە شەڕەکانی ئەزمیت-بورسە و ئەزمیر خۆی و تیپەکەی پێشەنگ دەبن بۆ گەیشتن بەناو ئەزمیر و دەرهێنانی لەچنگ یۆنان و لە (٩) ی سەپتێمبەری ١٩٢٢ی زایینی کونترۆڵی کەنداوی ئەزمیر دەکات و لە شەڕە یەکلاکەرەوەکەی سەقاریا فاتیمە قارەمانیەتیەکی بێوێنە و ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەر دەنوێنێ کە لەو شەڕەدا بوو نازناوی ئەتاتورک بە مستەفا کەمال بەخشرا، فاتیمە وێرای هەندێ لە عەشیرەتە کوردەکان خۆی و خوشکەکەی و کوڕەکەی لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشدار بووە.

دیارە ئەو وەخت لە سوپادا جگە لە خالیدە ئەدیب ئەدیوار و چەند ژنێکی دیکە هیچ ژنێک نەچووبوونە ڕیزی لەشکر کە پاشان ئەو ژنە ئەسمەرە کوردە بەڕەسمی چۆتە ریزەکانی سوپا و لە سەرەتا بەعەریف و پاشان گەیشت بەپلەی ئەفسەری دوو ئەستێرە و خاوەنی ویسامی ئازایەتی جەنگ و میدالیای سەربەخۆیی ئەو کاتی تورکیا بوو، پاشان خانەنشین دەکرێ و مووچەکەی بە مانگی سووری تورکیا دەبەخشێ، فاتیمە ئەو ناوو ناوبانگە گەورەیە لەپڕێک لەبەرچاواندا وون دەبێت و کە لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی ڕۆژنامەنووسێک



قەرە فاتیمەو جەنگاوەرەکانی



لەگەڵ مستەفا کەمالدا

دەکەوێتە سۆراغکردنی و لە ئەستەمبۆل دەیدۆزیتەوە کە لەگەڵ کوڕەکەیدا لە بارێکی ناهەموارو کۆڵەمەرگی و بەنەداری لەناو دیرێک (کەنیسە) یکی ڕووسیدا لەو شارەدا ژیان بەسەردەبات تا لە ساڵی ١٩٤٤ی زاییندا بیرەوەرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە و دەوڵەت لەنمایشێکی سەربازی دا ڕێزلێنانی بۆ دەکات و کارێکی بۆ دەدۆزێتەوە و پاشان لە خانەی بەساڵاچووان و بێ سەرپەرشتانی شارەوانی ئەستەمبۆل دوا ڕۆژەکانی تەمەنی بەڕێ دەکات و پاش بێ ئومێدبوونی فاتیمە لە بەڵێنەکانی مستەفا کەمال کە لە کۆنگرەی سێواس دا بووی کە تورکیای دوای رزگاری، تورکیای کورد و تورک دەبێ بەڵام لە ١٩٢٣/١١/٢٩ کە دەوڵەتی تورکیای نوێ راگەیەندرا ئەتاتورک هەموو ئەو بەڵێنانەی بە کوردەکانی دابوو خستە ژێر پێ و شەلم کوێرم بەربووە گیانی کورد و خەون و خەیاڵەکانی قەرە فاتیمەشی زیندەبەچاڵ کرد و هەر لەو خانەی بەساڵاچووانەشدا لەساڵی ١٩٥٥ ی زاینی ئەو جەنگاوەرە بێ چەندوچوون و تەوارە قارەمانەی کوردەواری چاولێک دەنێ و دوا ماڵئاوایی لەلاپەڕە شاراوەکانی مێژووی گەلەکەی دەکات.




پۆرترێتی فاتیمە قەرە



فاتیمە لەگەڵ سەربازەکانی تیپەکەیدا

جوڵانەوەی چەکداری مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی

# دژی ستەم و سەپاندنی زۆرەملێی کڵاوی پەهلەوی



مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی

لە دونیادا هەموو میللەتێک خاوەنی کەلتووری تایبەت بە خۆیەتی کە خووڕەوشت و داب ونەریت و ڕێوڕەسم وبیروباوەڕو ... هتد لە خۆ دەگرێ کە پێیەوە پابەندە و وازهێنان لێی وا بە ئاسانی کارێکی ئاستەم و زەحمەتە , ئایین و جل وبەرگ وزمانیش وێرای ئەوەی یەکێکن لە خاسیەتەکانی کۆمەڵگا و بەشێکیشن لە کەلتوورەکەیان بۆیە هەوڵدان بۆ گۆڕین و داماڵینی ئەو کەلتوورە بەزاندنی هێڵی سوورو تەوهین کردن و بێڕێزی پێکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە بەتایبەت لەناو کۆمەڵگای عەشیرەتی ودێهاتنشین دا.

مەلا خەلیل یەکێک بوو لە ڕۆحانیە ناسراو و سەرناسەکانی زەمانی ڕەزاخانی پەهلەویی شای ئێران و لە نێو کوردانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت موکریان لە سۆنگەی دانایی و سەنگینی وناوبانگەکەشی مایەی زیاتر ڕێزلێگرتن و خۆشەویستی خەڵکەکە بوو و هەمیشە بە فرمایشتەکانی پابەندو وابەستە دەبوون و تەنها وەکو ڕابەرو مورشیدێکی ئایینی و مەزهەبی چاوی لێ نەدەکرا بەڵکو بە ڕابەرێکی خۆڕسکی بێ چەندوچوونیش حیسابی بۆ دەکرا، ماکس ڤایبەر دەڵێ : بە سێ ڕێگا ڕێبەر دەردەکەون یەکەم ڕابەری عەشیرەتی و عێلاتی و دووەم ڕابەرێک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە و ئەوی دیکەشیان ڕابەرێکی خۆدروستکەر (کاریزمایی) کە شێوازێکە هەمیشە بە چاوێکی ڕێزەوە تەماشا دەکرێ وفەرمانەکانی بێ کۆسپ و گرێ وگۆڵ جێبەجێ دەکرێ کە مەلا خەلیلیش یەکێک لەم جۆرە ڕابەرانەو پیاوێکی موعتەبەرو ودڵسۆزی گەل و هۆزو خۆپارێزێکی ئیمان قاییم و پارێزگاری داب و نەریت کوردەواری بوو و دژ بە دەستوورو

کەلتووری داسەپێنراوی بێگانە کەوتە کەڵکەڵەی بەرەنگاربوونەوەو تێکۆشان لە پێناو پاراستنی کەلتووری هۆزو گەلەکەیدا.


مەلا خەلیل لە ساڵی ١٨٨٠ ی زایینی لە گوندی گۆرەمەڕی باکووری میراوەی سەر بە شاری سەردەشت لە خێزانێکی خۆپارێزو ئۆلپەرست بە پاشکەوتووەو مەلا عەبدوڵلای باوکی دەینێرێتە بەرخوێندن لە مەدرەسەی ئایینی گوندەکەی کە خۆیشی مامۆستای ئەو مەدرەسەیە بووە و لە گەڵ ئەوەشدا مەلا بە کاروباری کشتوکاڵیەوە سەرقاڵ ببوو ، زۆر بە زوویی توانایی خۆی دەرخست و لەلای مەلا وەسیمی سەردەشتی لە سابڵاخ قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی درێژە پێداو پاشان لە کەرکووک زانستی ڕیازیات و فەلەکیات (ئەستیرەناسی)ی لە لای مەلا عەلی شامەنسووری خوێندو تیایدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا و دووبارە دەگەڕێتەوە لای مەلا وەسیم و ئەمجارە ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی ئەو وەردەگرێ و لە میراوەی زێدی خۆیشی بە مامۆستا و دەرسبێژی ئایینی دەستبەکار دەبێ و لە زانستی بیرکاری و هەیئات بە نابیغەیەک دەردەچێ و چەندین نووسراو و کتێبی گرنگی دەربارەی زانستە ئایینیەکاندا هەیە وبە تایبەت ڕاڤەی تەواو و گشتی لەسەر کتێبی (ربعین) ماردینی کردووە بە ناوی (رهانهای هندسی ـ الابعاد الهندسیە) کە هەتا هەنووکە ئەو دەسنووسە بە بایەخە لە جەم کەسانێکدا دەستبەسەر کراوەو بواری بڵاوبوونەوەی نەدراوەو بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاری زێتریش ڕەنگە بە یەکجاری شوێنەواری نەمێنێ و سەربنێست بێ ، مەلاخەلیل لە علومی مەنتیق و ئوسووڵ و حیکمەتی ئیلاهی و ئوستوڕلاب زۆر شارەزاو لە هۆنینەوەی شیعری فارسی و کوردی خاوەن زەوق و سەلیقەیەکی جوان بوو ، ئەو یەکێکیش بوو لە دۆستە نزیکەکانی پێشەوا قازی موحەممەدو بەردەوام نامەو ڕاگۆڕینەوەیان لە نێواندا هەبووە دەربارەی ئوموری دین و دونیاو لەسەروەختی کۆماریشدا پشتیوان ودڵبەندی ئەو کۆمارە ئازیزە بووە . مەسەلەیەک کە مەلا خەلیل چووە نێو تێکۆشان وڕابەرایەتی کردنی ڕاپەڕین بە دژی ڕەزاخان ونیزامی شاهنشاهی لە پای بە زۆر سەپاندنی



جلی بیانی و كڵاوی ڕەزاگرانی ڕەزاخانی پەهلەوی بوو، دەركردنی فەتوای كافربوونی پۆشینی جل و بەرگی ڕۆژئاوایی لە لایەن مەلا خەلیلەوە كە دەڵێ (من تقلنس قلنسوە فهو كافر) واتە هەر كەسێ ئەو شەبقەیە بكاتە سەری بێ ئیمان دەبێ وهەر گڕوگیایەكیش سێبەری ئەو شەبقەیەی بەر بكەوێ وپاشان ماڵات و وڵساتگەلێك بیخۆن شیرەكەیان بۆ خواردنەوە ناشێت وحەرام دەبێ ئەوە دەستپێكی ئەو جوڵانەوەیە بوو ، ئەگەرچی فتواكەی مەلاخەلیل زۆر توندو جۆرێك لە دەمارگیری تێدا بەدی دەكرا بەڵام كاردانەوەی بڕیارێكی توندو زاڵمانەی ڕێژیم بوو وپاساویش ئەوە بوو ئەگەر ئەو جارە ئەوەیان قبوڵ بكرێ زوڵم و زۆرداری دیكەشی بە دوادا دێت بۆ ڕیشەكێش كردن ولەناوبردنی داب و دەستوورو كەلتووری كوردەواری لە لایەن دەوڵەتەوە ، ڕەزا شا سایل بە ئەتاتوركی هاوكوفەكەی بەناوی ڕیفۆڕمسازی كۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٢٨ی زایینیدا جلوبەرگی بیانی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند . دیارە هەندێك ئەو فەتواو وهەڵگەڕانەوەی مەلا خەلیل و عێلی مەنگوڕ بە كاردانەوەیەكی دەمارگیرانەی ئایینی و مەزهەبی لە قەلەم دەدەن بەڵام لە ڕاستیدا بەرپەرچدانەوەیەكی میللیانەو بەرەنگاربوونەوەی جەورو ستەم و بیدادی نیزامی شاهەنشاهی بوو لە هەمان كاتدا زانایانی سوننەش پشتیوانیان لە جوڵانەوەكەی مەلا خەلیل كردو تەكفیری ئەو یاسایەی شای ئێرانیان كرد . هاوكات



( ئەمیر عەشایەر ـ عەلیاغای عەلیار )



**هۆزی مەنگوڕ**

لەگەڵ راپەڕینەکانی سمکۆ ئاغای شکاک لە ساڵی ١٩٢٨-١٩٢٩جەنگجوییەکەی مەلاخەلیلیش ڕوویدا بە کۆمەکی و بەشداری عێلی ناوداری مەنگوڕو چەند عێل و هۆزێکی دیکەی دەوروبەری سەردەشت و سابڵاخ کە سەرەتا لە (نەڵێن) ەوە دەستی پێکرد و ڕووبەڕووی ژاندارم و هێزەکانی ڕێژیم بوونەوە کە لە بێڕێزی کردن و بەرتیل ستاندن لە کوردستاندا وێنەیان نەبوو و بە تەواوەتی عەشایەر و خەڵکی دێهاتەکانیان بێزارو هەراسان کردبوو و هاوکات مەسەلەی بە زۆر پێ لەبەرکردنی جل و بەرگی بیانی وکڵاوی پەهلەویشی هاتەسەر مەلا خەلیل هێندەی دیکە دەهری دەبێ و ناچار شێلگیرانەتر فەتوا دژی ئەو ڕەفتارانەی ڕەزاخان و دەست و پەیوەندەکانی بدات وبەرخۆدان دەست پێبکات، مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی هێزەکانی کە لە سوارەو پیادەی عەشایەری پێکهاتبوو بە شێوەیەکی نیزامی ڕێکدەخات لە شێوەی دەستەو و تیپ و هەر گرووپێکیش بە ناوی یەکێک لە خەلیفە و ڕابەرە ئایینیەکانی ئیسلام ناوزەد کران و هەریەکەش لەو دەستانە ئاڵایەکی سەوزیان بەرز کردبووەوە . دوای ساڵێک لەشەڕ و تێکهەڵچوون بۆ سەرکووتکردنی جوڵانەوەکە لە ساڵی ١٩٢٩ زایینی لە لایەن هێزە نیزامیەکانی ئێران بە هاوکاری و بەشداری هەندێک لە عەشیرەتە کوردەکانیش وەکو مامەش و گەورك بە سەرکردایەتی سەرهەنگ سالار ئەشرەف سەرەتا پەلاماری شاری سابڵاخ (مەهاباد) دەدەن و بە ئاراستەی سەردەشت گەیشتنە گوندی خەلیفان و بێتاس و دۆڵی ئامێدیش دەگرن و بە هەموو چەشنە چەکێکی قورس و فڕۆکە و خومپارە و جبەخانەی زۆرو لەمشە بە توندی شاڵاو دەبەنە سەر هێزەکەی مەلا خەلیل و کەوتنە شەڕێکی نابەرامبەر و بەبیانووی سەپاندنی یاسا هێزەکانی ئێران هەرچی لە دەستیان هات دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی ناوچەکەش کردیان هەر لە کوشتن و تاڵانکردن و سووتاندنی مەزراو گوندو دەوارەکانی دەڤەرەکەش سڵیان نەکردەوە و سوارەو چەکدارەکانی مەلا خەلیلیان ناچار بە بڵاوەپێکردن و پاشەکشە بۆ سەر سنوور کرد وپەلاماری گەورەدێی میراوەیان داو سووتاندیان و هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا وەزیری دەرباری شاە لە ڕێگای نامەیەکەوە داوای لە ئەمیر عەشایەر عەلی ئاغای عەلیار کرد وەزعەکە ئارام بکاتەوەو لە ڕووی نەفسیەوە دڵنیایی بداتە خەڵکەکەو هێوریان بکاتەوەو کەفوکوڵیان دابمرکێنێتەوە و پێیان ڕابگەیەنی مەبەست لە یاسای جل و بەرگ گۆڕین تەنها ڕیفۆڕمسازیەکی شارستانیەو هیچ نیاز خراپیەکی دەوڵەتی تێدا نیە و پێویست بەو هەموو دڕودونگیە ناکات و لەوەشدا ڕۆحانیان و مەلایان وشێخان و موفتیەکانی سوننە مەزهەب بەدەردەکرێن بۆ پۆشینی ئەو شێوە جل و بەرگ و کڵاوە و سەرفی نەزەر لەوان دەکرێ . دوا ئەنجام مەلا خەلیل و هەندێ لە یاوەرانی ناچار بە پەڕینەوە دەبن بۆ ناو خاکی عێراق و پەناهەندەبوون و لە ساڵی ١٩٣٠ ی زاینیدا ڕەزاشا بە دوایدا نارد کە بگەڕێتەوە بۆ ئێران و لە ژیانی ئاسایی خۆیدا بەردەوام بێ و بۆ ئەوەش مەلا دوو مەرجی بۆ گەڕانەوە دانا ، یەکەم ئازادکردنی زانا شیعەکانی تەورێز کە ئەوانیش هەر لە سۆنگەی ڕەتکردنەوەی یاسای سەپاندنی ئەو جۆرە جل و بەرگەوە بەند کرابوون و دووەمیش سەرفی نەزەرکردن لە هۆزەکەی بۆ پۆشینی ئەو شێوە جل و بەرگە و هێشتنەوەی جلی کوردی کە لە لایەن شای ئێرانەوە هەردووکی قبووڵ کران و مەلا خەلیل گەڕایەوە بۆ میراوەو مەڵبەندی باوانی خۆی و دیسان بە کاروباری ئایینیەوە خەریک بوو تا لە زستانی ساڵی ١٩٥٥ ی زایینی و لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا گیانی بێگەردی لە قەفەسی سنگیدا هەڵفڕی و دوا ماڵئاوایی لە ژیانی بێفەڕو ودونیای فانی کرد و بە شکۆوە لە زێدی خۆی گوندی گۆرەمەڕ بە خاك سپێردراو لاپەڕەیەکی دیکەی تێکۆشان لە مێژووی گەلی کورددا تۆمار کرا .